# دەق، بیانووە بۆ گێڕانەوە

حەمە کەریم عارف

(١)

هەندیک ڕۆمان، بەتایبەتی ڕۆمانی گەورە هەن کە پڕن لە کاراکتەر، کاراکتەرێک دەڕوات، یەکێکی دی قوت دەبێتەوە، بەڕادەیەک ئەم پرۆسەی هاتن و چوونە زاڵ دەبێت، کەبە ئاسانی شا قارەمان دیاری ناکرێ، هەندێجار خوێنەر قارەمانێک بە شاقارەمان دەزانێ لە ناکاوا ون دەبێت و دیار نامێنێت… ئیدی ئەو جۆرە ڕۆمانانە ڕیک وەکو ڕوبار دێنە بەرچاو، بەدەم ڕۆیشتنەوە لقیان لێ جیا دەبێتەوەو لقی دیکەیان دەڕژێتەناو.

بونیادی ئەم جۆرە ڕۆمانانە، بەدەوری تەوەری یەک قارەماندا، یان یەک کاراکتەرو شاقارەماندا ناسووڕێتەوە، بەدەوری یەک شوێندا ناسووڕێتەوە… بەڵکو لە کرانەوەی بەردەوامدایە، بەسەر دنیایەکی زۆر بەرینی شوێن وکات وڕووداودا دەکرێتەوە، کاراکتەرەکانی لە زیادبوونێکی سەیردایە، ئیدی کاراکتەر لە دوای کاراکتەر دێ، شوێن لەدوای شوێن دێت، کات، شوێن، کاراکتەر، هەرهەمووی لە گۆڕان و تازەبوونەوەدایە… ئیدی ڕۆمانەکە بەدەم گەشە ونەشەوە بونیادێکی، دینامیکی ئەوتۆ وەردەگرێت، کە هەموو کایە زۆر و بەرینەکانی ڕۆمانەکە، هەموو لایەنە فراوانەکانی بابەتی ڕۆمانەکە بگرێتەوە… ڕۆمانەکە بەجۆرێ دەکرێتەوە، کە دەوری تاک گوتیار ئاوا دەبێت. تاک قارەمان یان گوتیار، هەموو پانتایی ڕۆمانەکە داگیردەکات وپڕ دەکاتەوە، ئەوانی دی لە خزمەتی ئەودا دەبن وزیاتر دیکۆرن بۆ بەرجەستاندنی ئەو قارەمانیەتی وکار وکردەوەکانی ئەو، ئەم تاک قارەمانە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕۆمانی جیهاندا زاڵ بوو، بەدەم جەنجاڵ بوون وگۆڕانی گەورەی ژیانەوە ئەو دەورە گشتگیرەی جارانی نەما، بەڵکو دەورەکەی چ لە ڕووی شوێن و چ لە ڕووی کاتەوە، تەواو سنووردار دەبێت، ئیدی قارەمانی ڕۆمانەوانی مانا وچەمکێکی تازە بە گوێرەی گۆڕانە هەمیشەییەکانی ژیان وەردەگرێت، یەکێک دەڕوات ویەکێکی دی دێت، ئەوەی دێت ئەوەندە دەمێنێتەوە کە بابەت ودیمەنەکە هەڵیدەگرێ و، ئەوسا دەبێ دەرفەت بەوەی دوای خۆی بدات، کە بە گوێرەی تەبیعەتی بابەتەکە درێژە بە کاروانەکە بدات.

قارەمان، یان پاڵەوان: وەکو زاراوەیەکی هونەری، ئەگەر بۆ هەوەڵین قۆناغەکانی کاری ڕۆمانەوانی دروست بێ، کە زۆرێک لە قارەمانی ڕۆمانەکان، لە ڕووی ئازایەتی، خۆڕاگری و بەرخودان و ڕیسکی ئاشقێنییەوە، خەسڵەتێن قارەمانیەتیان تیابوو یان هەندێجار ڕۆماننووس وەکو پێشەنگ ونموونەی ئایدیالی بەرجەستەیان دەکرد، بەڵام کە ڕۆمان هاتە ناو ململانێ

کۆمەڵایەتیەکانەوە، یان ململانێ وکێشماکێشە کۆمەڵایەتیەکان بوون بە خەم و بابەتی هونەریی ڕۆمان، ئیدی چەمک ومانای (قارەمان) گۆڕا، هەرچەندە وەکو زاراوەیەکی هونەری، بۆ کاراکتەری سەرەکی کارە ڕۆمانەوانیەکان بەکار دەبرا و دەبرێ، بەڵام دیسان لە ڕووی مانایی و ڕەمزیەوە قەناعەتبەخش نییە... چونکە کاراکتەری سەرەکی، مەرج نییە هیچ خەسڵەتێکی پاڵەوانیەتی یان قارەمانیەتی تێدابێ، لەوەیە کەسێکی لاواز، نائومێد، ڕەشبین، ترسنۆک، خوێڕی و خاین بێت، ئەم وشە وحاڵەتانە هیچ هەڤدژییەکیان لەگەڵ چەمک ومانای زاراوەی(کاراکتەری سەرەکی) دا نییە، بەڵام کەم و زۆر دەگەڵ مانای (قارەمان و پاڵەوان) دا تێک ناکەنەوە. ئیدی وای لێهاتووە، بە حوکمی گۆڕانی بەردەوامی واقیع و گۆڕانی بونیادی ڕۆمانەوانی، زاراوەی کاراکتەری سەرەکیش، زۆر پەسند نەبێ ولەباو بکەوێت. ئیدی کاراکتەر دێ، کاراکتەر دەڕوات، هەندێکیان بە مانا قاموسیەکەی وشە پاڵەوان وقارەمانن، هەندێک بودەڵە و ترسنۆکن، هەندێک هەلپەرست، دەسەڵات پەرستن، هەندێک خاین وبەرژەوەند خوازن، هەندێک سۆفی مەشرەب و ڕۆمانسین... هەندێک واقعبین ، هەندێک خەیاڵپەروەرن. هەمووشیان کاراکتەرن.

## ( ٢ )

یەکێ لە سەرچاوەکانی پەرەسەندن وگەشە ونەشەی هەر کایەیەکی ئەدەبی وهونەری، کارلێکی زندووە لەگەڵ دەسکەوتە هونەریەکانی دنیادا، واتا کرانەوەیە بەسەر خۆتا، بەسەر هەموو دنیادا... بەڵام بەمانای لاسایی کردنەوەی کوێرانە نا، چونکە لاسایی کردنەوە چەندیشوردو سەرکەوتوو بێت ناکاتە مۆدێرنەو تازەکردنەوە. چەندش جوان بێ ناکاتە داهێنان و ئەفراندن. ئافراندن بەوە چێ نابێ تۆ شێوە و فۆرم وقاڵبی ئامادە بێنی وبابەتەکەی تێ بئاخنی و، بەنرخی تازە وبەناوی تازەگەرییەوە بە خوێنەری خۆتی بفرۆشێتەوە. ئەفراندن وەختێ چێدەبێت کە بتوانی تەبیعەتی بابەتەکە بدۆزیتەوە، خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ بکەیت و مامەڵە وبەرخوردێکی واقعیانەی، واقعیانە بە گوێرەی واقیعی کارە هونەریەکە، لەگەڵدا بکەیت و خوێنەری خۆت لەبەرچاو بگریت. یانی بە گوێرەی تەبیعەتی بابەتەکە مومارەسەی نووسین بکەیت. نەک نووسینەکە لە قاڵبێکی ئامادەکراو بدەیت. واتە بابەت دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی نووسەر، هونەریانە گوزارشت لە کێشەکانی خەڵک و سەردەم و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکان بکات... بۆیە کارلێک لەگەڵ دەسکەوتە هونەریەکانی جیهاندا، دەکاتە خوێندنەوەی ئەو دەسکەوتە هونەریانە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو میکانیزمەی کە ئەو دەستکەوتانەی لێکەوتووەتەوە، تا تۆش میکانیزمی خۆت دابنێی و بەگەڵ کاروانی داهێنانی جیهانی بکەوی و بەدەنگی بەرز بڵێی منیش هەم، نەک بە هەناسە بڕکێ و بەهانکە هانک دوای کاروان بکەوی و بێهودە هاوار بکەی: بەجێم مەهێڵن.

بۆیە لاسایی کردنەوەی کوێرانە، گیانی ئەزموونگەرایی دەکوژێت، لە کاتێکا مرۆڤ بۆخۆی و بە تەبیعەت بوونەوەرێکی ئەزموونگەرایە و ئەم تەبع وتەبیعەتە، لە هەموو چالاکییە مادی و مەعنەویەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. بۆیە ڕیسکی ئەزموونگەری لە سەرکەوتنی لاسایی کردنەوە باشترە، چونکە ئەزموونگەری بە هەموو شێوەکانیەوە لە هەموو ئاستێکی هونەری ڕۆمانەوانی دا هەڵبەتە بە ئاراستە وئاسۆی تازەگەری و مودێرنە، زەرورەتێکی هەرە پێویستی پەرەسەندنی هەمە لایەنەی ڕۆمانە، وەکو ژانرێکی ئەدەبی زۆر تایبەت... لێرەوە ئەدەبیەتی ڕۆمان لەباری هونەرییەوە دێتە ئاراوە، کە پێویستە دەگەڵ مجێزی خوێنەری خۆیدا تێکبکاتەوە، واتە ڕۆمانێک بەرهەم بێت، کە سیما وشەقڵی ژینگەی خۆی پێوەبێ، ڕەنگدانەوەی تەبع و تەبیعەتی خەڵکی ئەو ژینگەیە بێت، دۆز وکێشەکانی ئەوێی لەخۆ گرتبێ، ڕۆمانێک بێت، هەر لاسایی کردنەوەیەک ڕەفز بکات وبەزەبری هونەریەت، بچێتە خانەی داهێنانەوەو بەباڵی هونەریەت بەهەموو ئاسمانەکاندا بفڕێت وبە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر بدوێنێت، بە کورتی وکرمانجی ڕۆمانێک بێت بە ناسنامەی محەلیەتەوە، لە دنیای هونەردا بە گەرمی پێشوازی لێبکرێت. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە سوود لە کەلەپووری هونەریی جیهانی وەرنەگرێت، بەڵام بەمەرجی سوود وەرگرتن قەبووڵە، کە نەتخاتە داوی لاسایی کردنەوەوە، چونکە لاسایی کردنەوە، بەڕاستی لە ئاسۆی ڕاستەقینە وڕەسەنی ئەفراندن دوورت دەخاتەوە. سوود وەرگرتنی ئەرێنی ئەوەیە فێرت بکات چۆن و، بەنەفەسی خۆت مامەڵە وبەرخورد لەگەڵ بابەتەکەتدا بکەیت... نەک وەکو خۆی و دەقاودەق وەری بگرێت وکاوێژی بکەیتەوەو ناوی بنەی سوود وەرگرتن، دەبێ بە تەواوی هەرسی بکەیت و مۆری خۆتی پێوە بنەیت... واتە دەبێ خۆت لە وەرگرتنی هەموو شتێکی ئامادە دووربگریت... زۆر گرینگە خەمی سەرەکی ڕۆمان، داهێنان بێ، گەیشتن بەوپەڕی ئەدەبییەت بێ... بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر، ئەوەیە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان: بابەت، شوێن، کات، ململانێکان، تێکڕژان وکارلێکی ڕەگەزە ڕۆمانەوانیەکان، زادە وهەڵقوڵاوی زەرورەتی پرۆسە ڕۆمانیەکە بن و لە ناوەوە تیشک بخەنەسەر کۆی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە ولە بونیاد ویەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا یەک بگرنەوە، کە ئەویش کارە ڕۆمانەوانیەکەیە... بە هەرحاڵ ڕۆمانی نوێ، خۆماڵی، دەبێ بەزمانی نوێ وبەزمانی خۆمان بماندوێنێت وگوزارشت لە خەون وخەمە جۆراوجۆر وفرە لق وپۆپەکانی ئێمە بکات... بەهەرحاڵ چۆنیەتی مامەڵەی هونەریانە لەگەڵ بابەتی کارەکەدا و بە نەفەسێکی تازەو بە ئاراستەی داهێناندا، ڕۆمانی کوردی دەخاتە سەر ڕێگەی مودێرنەو دەربازبوون لە پاشاگەردانی و بوون بەخاوەن ناسنامەیەکی ئەوتۆ کە پێی بناسرێتەوە.

ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی، زیاتر زادەی سەردەمی پەیدا بوونی تاک و تاکگەراییە، واتە هی سەردەمی دیموکراتیەتە، بۆیە هەق وایە مامەڵەیەکی دیموکراتیانەی لەگەڵ بکرێت و ڕۆماننووس دەبێ دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرەکانیا بکات، وهەڵوێست و بیر وباوەڕی خۆی، بەسەر کاراکتەرانی ڕۆمانەکەیدا نەسەپێنێت.... چونکە کاراکتەر چەند لە نووسەرەوە نزیک بێ وچەند نووسەر هەوڵبدات بیکات بە پەیڤداری خۆی و بە کوپیەکەی خۆی، کە دێتەناو ڕۆمانەوە، دەگۆڕێت ودەبێت بە کوڕی ژینگە تازەکە وخوو وخدەی ئەم ژینگەیە وەردەگرێت و کار بۆ سەربەخۆیی خۆی دەکات و بەگوێرەی ئەو پەیوەندییە هونەرییەی کارە ڕۆمانەوانیەکە دەیخوازێت، ژیانی تایبەتی پەیدا دەکات، پەیوەندی ورەفتاری خۆی دەبێت، بەپێی یاسا و ڕێسای ژینگە تازەکە دەژی نەک بەپێی حەز و ئارەزووی نووسەر و، لە چوارچێوەی پرۆسە ڕۆمانیەکەدا، تەنیا نوێنەرایەتی خۆی پێدەکرێت. هەر شتێکی لە دەرێی کارە ڕۆمانەوانیەکەدا بەسەردا بسەپێنرێ تەنیا ملهۆڕیە وهیچی تر و، ئاستی هونەریی کارە ڕۆمانەوانیەکە دێنێتە خوارەوە.. ڕۆمان بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی مودێرنە، دەبێ خۆی بە ئاسۆی تازەدا بکات، شێوازی تایبەتی خۆی بەرهەم بێنێ، ئیلهام وسەرۆ لە هاماج و ژینگەی خۆیەوە وەربگرێت و لە نزیکەوە ئاگاداری دەسکەوتە ڕۆمانەوانیە جیهانیەکان بێت وبە هوشمەندییەوە خۆی لە هەڵدێرانی لاسایی کردنەوەی مودێرنەی ڕۆژئاوایی بپارێزێت.. دەبێ تەماحی ئەوەی هەبێ ئیزافەی بۆ ڕۆمانی جیهانی هەبێ و هەر خوێنەرێک بیخوێنێتەوە یەکسەر بیناسێتەوە، وەکو ناسنامە وەکو تایبەتمەندی و وەکو شێوازی گێڕانەوە... هتد بیناسێتەوە... ڕۆمان تەنیا بەمە دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگای مودێرنە..

***

ڕۆماننووسی داهێنەر، دەبێ زۆر دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرە ڕۆمانەوانەوانیەکاندا بکات، تا دەتوانێ بێ لایەن بێ، بەگوێرەی خەون و خولیا وکەڵکەڵە دەروونیەکانی کاراکتەرە، مامەڵەی لەتەکدا بکات، ئەو ئەنگیزە و لۆژیکە دەروونیانە بدۆزێتەوە کە لەپشت هەڵسووکەوت و هەڵوێست ورەفتاری ئەوەوەن کە لە بنەڕەتدا زادەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خودی ڕۆمانەکەن.. وبە نەفەسێکی دیموکراتیانە مامەڵەی هونەرییان لەگەڵدا بکات.. دەنا هەرکاتێ ڕۆماننووس، بیر لەوە بکاتەوە بەگوێرەی ویست وبیر وهزرینی خۆی بیجوڵێنێت، نەک بە گوێرەی لۆژیکی ناوەوەو بەپێی ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە ڕۆمانەوانیەکانی کاراکتەرەکە مامەڵەی لەتەکدا بکات، هەنگێ کاراکتەرەکە، لە کاراکتەری دەکەوێت ودەبێتە بوکەڵەیەکی بێگیان و لەسەر دەستی ڕۆماننووس مردار دەبێتەوە..

ڕاستە کاراکتەر نە دەمامکی نووسەرە ونە بڵندگۆی گوتیارە ونە پەیڤداری کەسیانە، بەڵکو کەسێکی سەربەخۆیە، ڕاوبۆچوون وهەڵوێستی خۆی هەیە... بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە هیچ پەیوەندییەکی بە نووسەر وگوتیارەوە نییە، نووسەر لە وردەکاری و تول و تەفسیلاندا، چ بەرانبەر بە کاراکتەران و چ بەرانبەر بە ڕووداوان بێ لایەنە، بەڵام لە دوا بەرەنجامی کارە ڕۆمانەوانیەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بێ لایەن نییە.. کاراکتەر، وەکو کۆڵەگەیەکی سەرەکی ڕۆمان، تا زندووتر بێ، فرە لایەنتر دەبێ، هەموو ئەم لایەنانەش، چ ئەرێنی بن چ نەرێنی بە کەڕەتێ نایەنە نیشاندان و بەرجەستەکردن، بۆیە نووسەر یان گوتیار دەبێ زۆر لە گەڵیا بە سەبر وحەوسەڵە بێت و هێدی هێدی لەگەڵیا بڕوات و بەگوێرەی لۆژیکی ناوەوەی جووڵەی ڕووداوەکان و تەڤگەری پەیوەندییە ڕۆمانەوانیەکان مامەڵەی لەتەکدا بکات.. چونکە، سیمای کاراکتەر، لە گەڵ ڕەوتی گشتی ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێ و تەواو پێدەگات. هەڵوێستی نووسەریش، لە تێکڕای کارە هونەریەکەدا، دەردەکەوێت، نەک لە میانەی یەک ڕووداو یان یەک کاراکتەری ڕۆمانەکەوە. بۆیە ڕۆماننووس، بخوازێ ونەخوازێ دەبێ پەیوەندی لەگەڵ کاراکتەرانی ڕۆمانەکەیدا زۆر دیموکراتیانە بێ، ڕێزی سەربەخۆیی و فەردانیەتی بگرێت وئەوە بزانێت کە زادە وپەروەردەی ژینگەیەکی ڕۆمانەوانی تایبەتیە و بەگوێرەی واقیعی ئەو ژینگە تایبەتیە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

( ٤ )

یەکێک لەو ڕەگەزانەی سەربەخۆیی وفەردانیەتی کاراکتەری پێدەناسرێتەوە، دیالۆگ و شەقڵی ئەو زمانەیە کە قسەی پێدەکات.. دیارە زمانی دیالۆگ دەبێ پڕ بە پێستی خاوەنەکەی بێ، گوزارشت لە ئاستی خاوەنەکەی بکات، نابێ کابرایەکی نەخوێنەوار، بە زمانی فەیلەسووفێک بدوێ، یان بە پێچەوانەوە، چونکە هەرکەسە وزمانی تایبەتی خۆی هەیە و زمان گوزارشت لە بیر وهزرینی خاوەنەکەی دەکات. زمانی خوێنەوار جیایە لە زمانی نەخوێنەوار.. ئیدی زمان دەبێ زمانی خودی کاراکتەرەکە بێ، لە دەرێڕا بەسەریا نەسەپێنرێت و، خوێنەر هەست بکات کە ئەو زمانە، زمانی کاراکتەرەکەیە و پڕ بە پێستی ڕەوت و واقیعی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەیە... هەڵبەتە کاراکتەر ئافەریدە و خەڵقەندەی زەینی نووسەرن و لەمیانی گوتار و کرداریانەوە باری ئەخلاقی و دەروونیان بەرجەستە دەبێت وخوێنەر پێیان ئاشنا دەبێت..

بەهەرحاڵ گوتمان خەمی هەوەڵ وکۆتایی نووسەری ڕاستەقینە، هونەریەت، ئەدەبیەتی کارە ڕۆمانەوانیەکەیە. چونکە ئەو نە مێژوو بە مانا باوەکەی مێژوو، دەنووسێتەوە، نە واریقات، بە مانا بازاڕی وجەڵەبیەکەی دەگێڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێ بە چاویلکەی هونەر هەموو سەردەمەکەی خۆی بدینێ و تا ئەوپەڕی هونەرییەت بیهونەرێنێ، و نووسەر دەبێ پێش هەموو شتێک ولە هەموو

شتێک زیاتر، عەودالّی بەها هونەرییەکان بێت.. ئیدی.. ئیدی شوێن، کات، دیالۆگ وکاراکتەر وهەموو ڕەگەزە ڕۆمانەوانیەکان لە میانی ئەم بەها هونەرییانەوەو لە چوارچێوەی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەدا، کەسایەتی خۆیان پەیدا دەکەن. هەڵبەتە کەسایەتیەکی ئۆرگانیکی وزندوو، چ لە ناو ڕۆمانەکەداو چ لە زەین ویادگەی خوێنەردا.. ئیدی، هیچ ڕەگەزێکی دیکۆری نامێنێتەوە، بەڵکو، هەموو ڕەگەزە ڕۆمانەوانیەکان، هەریەکە و بەگوێرەی زەرورەتی کارە ڕۆمانەوانیەکە، بە شێوەیەکی زندوو، نەک دیکۆری لە تان و پۆیە هونەرییەکەدا بەشدار دەبن وکەسایەتی ڕۆمانەوانی قەناعەتبەخش، بەگوێرەی واقیعی هونەری ڕۆمانەکە پەیدا دەکەن.. دیارە هەر داهێنەرێکیش نۆڕینی تایبەتی و خوێندنەوەی هونەری خۆی بۆ ئەو دنیایە هەیە کە بونیاتی دەنێت. بۆیە هیچ بەرهەمێک، بە پێوەرو پێوانەی بەرهەمێکی دی نایەتە هەڵسەنگاندن.. و هەر نووسەرەو بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵە لەگەڵ نووسین و کەرەستە و بابەتی نووسینەکەی خۆیدا دەکات..

بەهەرحاڵ، دەبێ خەمی هەوەڵ و ئاخیری ڕۆماننووس، ڕۆمان بێ نەک شتی تر.. بۆ نموونە وەختایەک بە دیقەت و بە شێنەیی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) کە بە داستانی سەدەی بیست دێتە ژماردن، دەخوێنیتەوە گومانت لانامێنێ کە تولستوی هەزاران دوکیومێنت و دۆسیەی سەبارەت بە واریقات و ونگەکانی جەنگی ناپلیۆن، دژ بە ڕووسیا خوێندووەتەوە، سەدان کتێبی خوێندووەتەوە.. ئەگەر ئەو دوکیومێنتانە نەبوایە، هەرگیز ڕۆمانی ناقبری بەم شیوەیە لە دایک نەدەبوو و نەدەبوو بەو لوتکە بڵندە هونەرییە. بەڵام ئەم دوکیومێنتانە وەکو خۆیان نەقڵ نەکراون، کۆپی نەکراونەتەوە، بەڵکو خوێندنەوەی هونەریان بۆ کراوە، بوون بە قوڕە خۆشەیەکی هونەری بە دەستی هونەرمەندێکی گەورەوە کە زانیویەتی، تۆمارکردن و گێڕانەوەی واقیع چەند ڕاستگۆیانە و چەند بێ لایەنانە وئەمینش بێ، نابێت بە هونەر و ناچێتە خانەی هونەرەوە.. ڕۆماننووسی ڕاستەقینە دەبێ توانا و بەهرەیەکی ئەوتۆی هەبێت کە هەموو واریقات وحەقیقەت وکەرەستە و بابەت ودوکیومێنتەکان و تەنانەت زانستیش بگۆڕێت بۆ قورە خۆشەیەکی هونەری خۆشدەست ولە سیاقێکی ئەفسووناویدا، هەموو هاماج ومەدارە جیاوازەکانی هونەر بە باڵی خەیاڵ تەی بکات و هەموو پێداویستیە هونەری و مەدارە بونیادیە هونەرییە گشتیەکانی ڕۆمانی ڕەچاو کردبێ... بۆیە سەرچاوەی بابەت وکەرەستەی ڕۆمان هەرچیەک بێ، یاد و یادەوەری بێ، بویەر ورووداو بێ، خەیاڵ بێ، واقیع بێ، دەبێ خەمی هەوەڵ و ئاخیری ڕۆماننووس، ڕۆمان بێ، نەک شتی دی..

## پاژی دووەم

هەڵبەتە ڕۆمان، کە بە داستانی بورژوازیەت ناو دەبرێ، لە سەردەمی پەیدابوون و سەرهەڵدانی بورژوازیەتدا، لە ئەوروپا، سەری هەڵداوە، لەو سەردەمەدا کە تاک شەخسیەتی خۆی پەیدا

کردووه و دیموکراتیەت سەری هەڵداوه و وەکو سیستەم برەوی پەیدا کردووه، واتا ڕۆمان له قۆناغێکی دیاریکراودا پەیدا بووەو سەری هەڵداوه، لەگەڵ پەرەسەندن و گەشه ونەشەی کۆمەڵگه و گۆڕانی پەیوەندییە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگەدا، نەش و نمای کردووه و پەرەی سەندووه. که ژیان و پەیوەندییە حەیاتیە جۆراوجۆرەکان ئاڵۆز بووه، ئیدی پێویستی به ژانرێکی ئەدەبی پڕ بەپێستی قۆناغەکه بووه، تا به وردی گوزارشتی لێبکات، بۆیه ڕۆمان سەری هەڵداوەو هەندێک دڕی به ژانره ئەدەبیەکانی دی داوه و بەرەبەره خۆی ڕەپێش خستووه و زۆرجار پێی (به ڕۆمان) گوتراوه باڵاترین دەربڕینی سەردەم.. چونکه ڕۆمان، له هەموو ژانره هونەرییەکانی دی، زیاتر دەرەقەتی خەم و خولیا و، خەون و خەیاڵ وکێشه و ئاریشه و، کەڵکەڵه جۆراوجۆرەکانی تاک و کۆمەڵگه دێت... ڕۆمان به قۆناغه هەره گرینگ و هەستیارەکانی ژیانی گەلاندا ڕۆدەچێ وکەشفی دەکات و هونەریانه دەیخاته ڕوو، بیر وخەون و خەیاڵ و ئاواتەکانی خەڵکی دەخوێنێتەوه، بەتایبەتی ئەو خەون و خەیاڵانەی که خودی خەڵکەکه ناتوانن گوزارشتی لێبکەن.. ئیدی لەو ساتانەدا ڕۆمان دەبێ به ئۆرگان و زمانی خەڵکەکه وئەو ئاوێنەیەی خۆیانی تیا دەبینن و زۆرجار سەریان لەو حاڵه خراپەی خۆیان سووڕ دەمێنێ که تێی کەوتوون و، جۆرەها پرسیاریان له لا دروست دەبێ، بۆ ئەو حاڵەیان بەسەر هاتووه؟ تاکەی ئەو حاڵه قەبووڵ بکەن؟ دیاره هەرکه پرسیار دروست بوو، ئیدی خەڵکی به تەبیعەت بۆ وەڵام دەگەڕێن و دەستبەردار نابن تا دەگەنه وەڵامی دروست.. جا بەم پێیه ڕۆمانیش دەکاته ئەداتی مەعریفه، بەڵام به شێوەیەکی هونەری ئیستاتیکی، ئەقڵ و ویژدان دەدوێنێ، ڕوو دەکاته مرۆڤ، فێری دەکات و هانی دەدا که چۆن داکۆکی و بەرەڤانی له مرۆڤانی خۆی بکات، ئەمەش لەڕێگەی ئەو هاماج وکەش و هەوایەوه دەکات که دەیخولقێنێ، له ڕێگەی ئەو ژیانەوه که هونەریانه پیشانی دەدات، لەڕێگەی ئەو نموونانەوه که پێشکەشی دەکات، تا له ڕێگای تیل نیشان وهێماوه، ئەوه بڵێت، که ئەدەواتەکانی دی ناتوانن بیڵێن و نیشانی بدات.. هەڵبەته هەر ژانرێکی هونەری، توانا و شێوازی گوتن و نیشاندانی خۆی هەیه و دەتوانێ بەشداری له خولقاندنی کەش و هەوای لەبار بۆ گۆڕان بکات، زەمینه بۆ گۆڕان خۆش بکات.. بەڵام ڕەنگه هونەری ڕۆمان کراوەتر بێ و ڕۆمان زیاتر وئاسانتر دەتوانێ هونەره گوزارشتەوانیەکانی دی بخاته خزمەتی خۆی و پەیامه هونەرییەکەیەوه... ڕۆمان به قوڵایی پێچ و پەناکانی کۆمەڵگەدا ڕۆدەچێت وبه شێوەیەکی هونەریانەی ورد ئەو کێشه وئاریشانه دەخاتەڕوو که بەرۆکی هەزاران وملیۆنان خەڵکی گرتووەو به زمانێکی زۆر تایبەتی و هونەری دەڵێت: ئەم ڕەوشه ڕەوشێکی ئاسایی نییه، نابێ بەردەوام بێت... ڕۆمان به هونەریەتی خۆی وامان لێدەکات، زیاتر هەست بەو شتانه بکەین که له دەوروبەرماندا ڕوودەدەن و.. کەڵەکه بوونی ئەو هەستانه، بەرەبەره هەڵوێستی لێدەکەوێتەوه. بۆیه داینەمۆی ڕۆمان دەبێ ڕاستگۆیی و جورئەت

بێ، ڕاستگۆیی لە وتن وجورئەت لە مامەڵەکردن لە گەڵ حەقیقەتەکاندا، بەبێ ئەوەی، لایەنی هونەری فەرامۆش بکرێت.. هەڵبەتە ڕۆمان تا لە ڕووی هونەرییەوە پتر بە ژینگەی لۆکاڵی خۆی بارگاوی بێ و تام و بۆنی ژینگەی خۆی بدات، لە ژینگە جهیانیەکەدا گەرمتر پێشوازی دەکرێت و وەکو دەڵێن ڕێگای گەیشتن بە جیهانیەت، لۆکاڵیەتە.

دیارە زمان کە یەکێکە لە داهێنان و کەشفە هەرە گرینگەکانی تیرەی بەشەر، بە ڕادەیەک گرینگە کە ئەگەر بڵێین هیچ شتێک لە دەری زماندا نییە نەبێت بە زێدەڕۆیی، ڕۆمانیش بە زمان و لەناو زمان و لە چوارچێوەی زماندا بەرجەستە دەبێت و هونەریەت پەیدا دەکات و.. زمان زادەی پێداویستیە حەیاتیەکانی تیرەی بەشەرە، بە گوێرەی ئەو پێداویستیانە زاوزێ دەکات و خۆی تازە دەکاتەوەو، لە بەکار هێناندا نەشونما و گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت و ڕۆمان یەکێکە لە زەمینە هەرە بە پیتەکانی هونەراندنی زمان، بۆیە ڕۆماننووس لە هەڵبژاردنی زمانی کارە ڕۆمانەوانیەکانیا، چاوەڕوانی نە قەراری ئەکادیمیای زمان و نە فتوای زمانەوانان دەکات، بەڵکو بابەتەکە بەدەم گەشەکردنی هونەرییەوە، زمانی خۆی بەرهەمدێنێت.. هەڵبەتە داهێنەران بەشدارییەکی زۆر گەورەیان لە دەوڵەمەندکردنی زماندا هەبووە و هەیە. بۆیە ئەگەر بگوترێ ڕۆمان بریتیە لە بەرهەم هێنانی هونەریانەی زمان، بەپێی پێداویستیە هونەرییەکانی ڕۆمانەکە، ڕەنگە نەبێت بە زێدەڕۆیی..

دیارە لێرەدا، پێویستە هەڵوەستەیەک لە سەر پاچڤە وکاریگەریی پاچڤە لە سەر ڕۆمانی خۆماڵی بکەین، کە بە داخەوە ڕێژەیەکی زۆر لەو ڕۆمانانەی کە پاچڤە دەکرێن، چ لە ڕووی هەڵبژاردن و چ لە ڕووی پاچڤەوە، ڕۆمانی باش نین، تەنیا جۆرە مۆدبازییەکە، کە ئەمە کارێکی خەتەرە، لاساییکردنەوەی کوێرانەیە وزادەی پێداویستی بابەتی نییە.. ئەمە جۆرە پاشاگەردانیەکی پاچڤەوانی لێکەوتووەتەوەو، کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر ڕۆمان و نووسینی خۆماڵیش وهەڵبەتە، نەبوونی فیلتەری هونەری وبێخەمی وخەمساردی وەشانخانەکانیش، دەوریان لەم پاشاگەردانیەدا هەیە و نابێ ئەم پاشاگەردانیە، بەم خەمساردیە بەردەوام بێ، چونکە زەرەری لە قازانجی زۆرتر دەبێ و گلەیی مێژووش لەولاوە بوەستێت. بۆیە وەرگێڕان، ئەمانەتە و هەرکەسێک چووە ژێرباری نابێ خیانەت بەو ئەمانەتە بکات.. وەرگێڕان دەبێ ئەوەندە ئەمین و وردبێ، ئەوەندە لە دەقەکەوە نزیک بێ کە تام و بۆنی داهێنان بدات، هاوتای داهێنان بکاتەوە، دەبێ لە ڕووی هەڵبژاردن و کاتەوە، زۆر بەرنامەدار بێ، دەنا بە دەردی ئەو کابرایە دەچین کە بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایەبانی.. واقیعی پاچڤەوانی ئەمڕۆی وڵاتی مە، ئەگەر وابڕوات، نابێت بەو دەرگایەی لێوەی ئاودیوی سەردەمیتازە ببین..

تەنیا بە خوێندنەوەی هونەریانەی واقیعی کوردەواری، سوود وەرگرتن لە کەلەپووری کوردەواری وکارلێکی ئەرێنی لەگەڵ دەسکەوتە ڕۆمانەوانیەکانی جیهاندا، دەتوانین، ڕۆمانێکی کوردی ئەوتۆ بنووسین و دابهێنین کە نەوەکانی ئاینده بتوانن قۆناغ و سەردەمی مە، بەهەموو خەم ودژواری ونامرادییەکانیەوە، لە میانیەوە بخوێننەوە، ڕۆمان ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی..

***

هەڵبەتە سەبارەت بە زاراوەی مودێرنە، یەکێکە لەو زاراوانەی کە لە ڕووی چەمک ومانا و تەنانەت بەکار بردنیشەوە گەنگەشە ومشت ومڕێکی یەجگار زۆری لە سەرە و یەک پێناسەی بنجبڕی نییە وزۆرجار لە ڕەوتە مێژووییەکەی خۆی دادەبڕدرێ یان یەکێک لە دەلالەتە لاوەکیەکانی زاڵ دەبێت بەسەر چەمک ومانا گشتیەکەیا.. دیارە ئەم زاراوەیە، وەکو زۆر زاراوەی دی، زادە و لەدایک بووی ڕۆژئاواییە و لەوێندەرەوە بۆلای ئێمە پەڕیوەتەوە. چەمکی زاراوەکە لەوێش، لە ژینگەی خۆشیا بە گوێرەی قۆناغ و بەپێی گۆشەنیگا، کەم و زۆر، کەم دابێژێک گۆڕانی بەسەر هاتووەو ئەوەی گەییوەتە نک مە تەنیا دەنگدانەوەیە.. بۆیە دەبێ زۆر بە وریایی بچینە بنج وبناوانی هەلومەرجی پەیدابوون و سەرهەڵدان و سەدەمی بڵاوبوونەوەی و ئەو ئەنجام و ئاکامانەی لێی دەکەوێتەوەو بە وریایی مامەڵەی دەگەڵدا بکەین. دەنا دەبێت بە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە و لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و دەلالەتە سەرەکییەکانی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە.. دیارە ئەم زاراوەیە هەر لە خۆڕا و بۆ جوانی و بۆ مۆدبازی بەکار نەهاتووە، بەڵکو زەرورەتی سەردەم وقۆناغی خۆی بە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وئابووری وسیاسیەکانیەوە دروستی کردووە. هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە، لە ڕووی گوزارشتەوانیەوە، لە ڕووی چەمک وماناوە، زاراوەی خۆی بەرهەمدێنێت.. بە هەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستە، مودێرنە لە مانا بنەڕەتیەکەدا، بە مانای ململانێی نێوان نوێ و کۆنە، دیارە نوێ هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان دەگرێتەوە و نوێگەری هەر وارێن بیر وئەدەب ناگرێتەوە. نوێگەری ئەگەر لاسایی کردنەوەی کوێرانەو مۆدبازی نەبێت، یەکێکە لە نیشانە ئەرێنیەکانی داڕوخانی دنیای کۆن وبونیاتنانی دنیای نوێ لە سەر داروپەردووی دنیا کۆنەکە، چونکە دنیا و ژیان دەبێ بە گوێرەی پێداویستیە حەیاتیەکانی قۆناغ و سەردەمان خۆی تازە بکاتەوەو ئەوزاری بیرکردنەوەو هزرینی خۆی بگۆڕێت.. خەڵکی هەر قۆناغ وسەردەمێک، لە سەرێتی ڕوو بەڕووی کێشە و دۆزەکانی ئەو قۆناغ و سەردەمە ببێتەوە کە تیایدا دەژی ولە ڕووی هزری ومومارەسەوە زەمینە خۆشبکات، بۆ گوێزانەوەیەکی ڕاستەقینە وبەشداریکردن لە بونیادنانی شارستانیەتی ئایندەدا. واتە نوێگەری ومودێرنە ئەوەندەی کروک وجەوهەرە، ئەوەندەی ناوەڕۆک و ئامیانە، ئەوندە فۆرم و شێوە نییە،

به کورتی وکرمانجی خۆ گونجاندنه دەگەڵ سەردەم و پێداویستیەکانی سەردەمدا.. حاڵەتێکە لە جووڵە و نەشونما وگۆڕانی بەردەوام و پێشڤەچوونی لەپەستا و بێ پسانەوەیە.. دیارە دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین، هەموو کۆنێکی ئەمڕۆ تازەی دوێنێیە و هەموو تازەیەکی ئەمڕۆش دەبێ بە کۆنی سبەینێ، بۆیە دەبێ هەر کۆمەڵگەیەک بە ڕەچاوکردنی ئەو هاوکێشەیە، لە حاڵی تەڤگەری بەردەوام و ئامادەگی تەواودا بێ وهەمیشە لە حاڵی کرانەوەدا بێ بۆ پێشوازی ڕەوتی نوێگەری و خۆگونجاندن، لە ڕووی بیر و مومارەسەوە، دەگەڵ پێداویستیەکانی قۆناغ و سەردەمی تازەدا، واتە هەمیشە حازر وئامادە بێ بۆ خۆ تازەکردنەوەو فڕێدانی کاژی کۆن، دەنا دەبێ بە بار بەسەر ژیانەوەو، لە پەراوێزی شارستانیەتی ئایندەدا مردار دەبێتەوە.. نابێ بە شەریکی بەرهەمهێنانی مێژووی شارستانیەت!..

کەواتە مودێرنە و نوێگەرایی هەوێنە، ڕوحە، نەک قاڵب و فۆرمی کلێشەیی و ئامادە هەرکە هاوردەت کرد ئیدی ببێت بە مودێرنیست... نەخێر یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی مودێرنە تازەبوونەوەی بەردەوامی لە پەستا و بێ پسانەوەیە، قابیل نەبوونەوە بە قاڵبە کۆن و باوەکان، بەڵکو ڕەفز وگەڕان وبەزاندنی بەردەوامە. هەر هەموو کایەکانی ژیان و ژیار دەگرێتەوە، زادەی پێویستیە حەیاتیەکانی ژیانی تیرەی بەشەرە. بە هەموو کایەکانیەوە، پرۆسەیەکی یەکپارچەیە و نایەتە دابڕان و تەنیا تایبەتی نییە بەیەک چمکی ژیانی بۆ نموونە وەکو ئەدەب یان هونەر.. نوێگەریی، مۆدبازی و لاساییکردنەوە نییە، ئیدی قاڵبە کۆنەکانی ژیان پیر دەبن، دەسوێن و ناتوانن خواست و پێداویستیەکانی قۆناغی تازە بەدی بێنن و گوزارشتی لێ بکەن و نوێنەرایەتی قۆناغی تازە بکەن ئیدی بە تەبیعەت لە هەنبەر ڕەوتی مودێرنە و نوێگەریدا پاشەکشە دەکەن و مەیدان چۆڵ دەکەن.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕۆمان، ڕەنگە بتوانین بڵێین نوێگەری لەم وارەدا، بە حوکمی ئەوەی ڕۆمانی کوردی هێشتا لە قۆناغی هەوڵدان وخۆسەلماندندایە و زیاتر ژانرێکی هاوردەیە، تا وەڵامی خواست وپێداویستیەکانی قۆناغە تازەکە بێ و، وەکو پێویست بنج و ڕەگ و ڕیشەی دانەکوتاوەو تەواو قووڵ نەبووەتەوەو نەبووە بە خاوەنی پاشخان و تەقلیدی چەسپاوی خاوەن ڕابردوویەکی دوور ودرێژ و قووڵ، بۆیە دوورە لەو کۆسپ وتەگەرە و مەرجانەی بە حوکمی کەڵکە بوون و داب ونەریت چێدەبن، بۆیە کاری مودێرنە ونوێگەری لەو وارەدا ئاسانترە.. دیارە ڕۆمان، وەکو ژانرێکی ئەدەبی هونەری، بینایەکی یەجگار ئاڵۆز وپڕ پێچ وپەنا و فرەلایەن و زێدە ڕەهەندە، ولەلای ئێمە پاشخانێکی دەوڵەمەند و جێگیری نییە، دەشێت، ئەگەر لە ئێستاوە خۆ لە لاسایی کردنەوەی کوێرانە ببوێرین، و، بەرە بەرەو لە ئەنجامی کەڵکەبوونی ئەزموونی ڕۆماننووسییەوە،

ئاسۆ وشێوازی تایبەتی خۆی بەرهەم بێنێت، بە ڕادەیەک لە نوێگەری ڕاستەقینە نزیک دەبێتەوەو لە گەڵ خواست وپێداویستیە سەرەکیەکانی سەردەمدا دەکەوێتە کارلێکێکی ئەوتۆوە، کە لە هەر لاساییکردنەوەیەکی مودێرنەی ڕۆژئاوایی دوور دەکەوێتەوە و ناسنامەی خۆی پەیدا دەکا و لە دوا ئەنجامدا، دەبێت بە ئیزافەیەکی چۆنی بۆ ڕۆمانی جیهانی.. بە هەرحاڵ لاساییکردنەوە، بەتایبەتی لاساییکردنەوەی کوێرانە، زەحمەتە بتگەیەنێتە مودێرنە و نوێگەری! ئەمە جگە لەوەی تەواو تەمەڵت دەکات. لە جیاتی ئەوەی بە دووی شێوازی تایبەتی خۆتدا بگەڕێی، لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەدا خۆت کاوێژ دەکەیتەوە.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بچیتە خەڵوەتەوەو خۆت لە هەر تەماسێکی ڕۆشنبیریی یان شارستانی وژیاری داببڕیت، چونکە شتی وا لەم سەردەمی گلۆباڵەدا مەحاڵە.. جا هەر لە چوارچێوە ڕۆشنبیریەکەدا، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە هەر دیاردەیەکی ڕۆشنبیری بگریت، یەجگار خێرا بڵاودەبێتەوەو خەڵکی ئاسانتر پێشوازی لێدەکەن وئەمەش بۆ خۆی ڕێگە خۆشکردنە بۆ عالەماندنی ڕۆشنبیری.. بۆیە لەم سەردەمە جەنجاڵ وتێکەڵاوەدا، نە هیچ ڕۆشنبیرییەک دەتوانێ کونجی گۆشەگیری بگرێت و نە گۆشەگیری لە قازانجی هیچ بزاڤێکی ڕۆشنبیریدایە کەواتە بمانەوێ و نەمانەوێ هیچ بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری لە کارلێک و تەماسی ڕۆشنبیری دیکە بەدەر نابێت، هەمیشە کارلێک و باندۆری ڕۆشنبیریی بەهێزتر زیاتر دەبێت، بۆیە لەم پێوەدانگەوە دەبێ هەوڵی جدی بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی نیشتمانی بدرێت و وزە پەنهانە لۆکاڵی ومێژووییەکانی، کەشف بکرێت وبەجۆرێ ڕەنێو بهێنرێ، کە بتوانێ هەم کاریگەری بەسەر ڕۆشنبیری بەرانبەرەوە هەبێ و دەوڵەمەندی بکات و هەم بتوانی لە میانی تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە، خۆی بسەلمێنێ. بەڵام ئەدەب چەندیش خەیاڵی بێ ڕەگێکی دەچێتەوە سەر واقیع، بۆیە خوێندنەوەی دروست بۆ واقیع وادەخوازێ، شارەزاییەکی تەواوت لە واقیع هەبێت، بۆ ئەوەی بیهونەرێنی وبەگوێرەی خوێندنەوەو جیهانبینی خۆت بیخوڵقێنیتەوە. دیارە هەر واقیعێک یاسا وڕێسای خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، جا بۆ ئەوەی بە دروستی لەم واقیعە تێبگەیت و بە دروستی مامەڵەی لە تەکدا بکەیت و، بچیتە بنج وبناوانی ئەو یاسا وڕێسایانەی تان و پۆیەکەیان پێک هێناوە، دەبێ خوێندنەوەی ورد و دروستت بۆی هەبێ.. ئەوەش بزانی کە مودێرنە، بەروبووم و بەرەنجامی پەرەسەندنێکی بابەتیە و بەدەم فراژی بوونەوە یاسا وڕێسای خۆی بەرهەم هێناوەو بەرهەم دەهێنێ، بەڵام تایبەتمەندی خۆیشی هەیە.. یەکێک لە سیفەت وخەسڵەتە هەرە دیارەکانی مۆدێرنە تازەبوونەوەی بەردەوامە. تازە بوونەوەش، لە پێداویستیە حەیاتیەکانی ژیانە، جا مادامێکی واقیعی جیاواز هەن، دەبێ شێوازی تایبەتی بۆ گوزارشت کردن لەو واقیعە بدۆزرێتەوە، هەڵبەتە ئەمە بەمانای گۆشەگیری وڕەفزکردنی مودێرنەی ئەوروپی نییە، چونکە کەلەپووری ڕۆشنبیری لەم سەردەمی گلۆباڵەدا بووە بە موڵکی

هەموو تیرەی بەشەر و دەبێ سوود لە دەسکەوتەکانی وەربگیرێت.. بەڵام مەرجیش نییە تەنیا بە پێوەرەکانی مودێرنەی ئەوروپی، حوکم لە سەر مودێرنە بوونی هەرکارێکی هونەری بدەین، جا لەم پێوەدانگەوە ئەگەر هەندێک واقعبین بین و بەو نەفەسەوە مامەڵە لەگەڵ هونەری ڕۆماندا بکەین کە ئەوزارێکی پێویستە بۆ چوونە بنج وبناوانی واقیع وتێگەیشتنی واقیع وگوزارشتکردن لە واقیع، بە هەموو ئاڵۆزیەکانی سەردەمەوە ڕەنگە، زووتر بگەینە مودێرنە، یان جۆرە مودێرنەیەک بدۆزینەوە کە ئیزافە بێ بۆ مودێرنەی جیهانی.. بەڵام لە هەمان کاتدا تەماسمان دەگەڵ ڕۆمانی جیهانیشدا هەبێ، چونکە ئەو تەماسە، ئاسۆی تازەمان لە بەردەمدا دەکاتەوە و ئەزموونی ڕۆماننووسی ئێمە دەوڵەمەند دەکات..

مودێرنە وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، زیاتر ڕوح و هەوێنە تا فۆرم و قاڵب بێ، زادە و بەرەنجامی خواست وپێداویستیەکانی سەردەمە وهەموو کایەکانی ژیان دەگرێتەوە. جا سەبارەت بە ڕۆمان هەرچەندە فۆرم گرینگە و بایەخی خۆی هەیە، دەبێ سوود لە دەسکەوتە ڕۆمانەوانیە جیهانیەکان وەربگرێت و ئیلهام لە کەلەپووریش وەربگرێت، بەڵام فۆرم بەتەنیا سەنگی مەحەکی مودێرنە بوونی ڕۆمان نییە، نوێگەری دەبێ هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەڕۆک بگرێتەوە.. لە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی کوردەواری خۆمانا، جۆرە مودێرنەیەکەی فۆرماڵی بەدی دەکرێ، بەڵام، جۆرە خۆدزینەوەیەکی زەقیش لە بابەتە گرینگەکان، لەو بابەتانەی کە پێویستیان بە مالیجەی هونەرییە، بەدی دەکرێت.

***

دیارە، زمانیش یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگەکانی کارێن ئەدەبی، بە تایبەتی ڕۆمان. زمان ئەگەر لە شیعرا، گرینگییەکی تایبەتی هەبێ و تەبیعەتی کارە شیعریەکە ئەوە بخوازێت، ئەوا لە ڕۆماندا گرینگی وبایەخێکی جیاوازتری هەیە، بۆیە زمان لە چوارچێوە گشتی و ئورگانیەکەی ڕۆماندا مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ و خۆی لە هونەرە ڕەوانبێژیە ئاڵۆز ومینیاتۆریەکان دوور دەگرێت و نابێ بە ئەوزاری ڕازاندنەوەو.. گریمان ڕۆمانێک هەموو ڕەگەزەکانی: رووداو، کات، شوێن، بونیادی گێڕانەوە، ڕیتم وئاهەنگ، ڕەمز وئەفسانە.. ئەم ڕێباز یا ئەو ڕێبازی ڕۆمانەوانی تیابوو، ئەمانە ڕۆمان ناخوڵقێنن، ئەگەر بابەتێک نەبێ لە میانی ئەو ڕەگەزانەوە نیشانبدرێ و بێتە گوتن.. کە بەشێک لە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی لای مە، ئەم کێماسییەیان پێوە دیارە.. مودێرنە لە چوارچێوەی ڕۆماندا تەنیا تەکنیک نییە، بەڵکو ڕوحی گۆڕانە، ململانێیە لەگەڵ واقیع دا، ڕەفزکردنی وەستانە، ڕوخاندن و بونیادنانەوەی ئەرێنییە، گەڕانی بەردەوامە لە ئاسۆ و فورمەلەی تازەی کاری هونەری، شۆڕشە بەسەر داب ونەریتی باودا، هەموو ئەمەش لە پێناوی جوڵاندنی هەستە

مرۆڤانیەکانە بۆ گۆڕینی ژیان بە ئاراستەیەکی دادوەرانەتر و ئازادانەتر و مرۆڤانی تر.. چونکە خەمی سەرەکی ئەدەب بە گشتی و، ڕۆمان بە تایبەتی، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە. ڕازی سەرەکی هێزی ڕۆمان لەوەدایە، خەڵکی بخاتە سەر ڕێگای بیرکردنەوە، ئەو کێشە وئاریشانە پێشانبدات کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم ژیانەی کە هەیە، دیارە هیچ ڕۆمانێک نابێ ئیدیعای ئەوە بکات گەییوەتە حەقیقەت. ڕۆمان، ئەوەی لە سەرە هونەریانە حەقیقەتەکان نیشانبدات، ئیدی وەرگر چ هەڵوێستێکی لەمەڕ دەبێ، ئازادە.. ڕۆماننووس ئەوەی لە سەرە خوێندنەوەی هونەریی بۆ ژیان هەبێت، بەتایبەتی ژیانی هاوچەرخ، بەهەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانیەوەو، لایەنی ئەرێنی ونەرێنی ئەو ژیانە نیشانبدات.. ئەگەر ڕۆماننووس، هەقی ئەوەی هەبێ بەدەم نووسینەوە خودی خۆی بەسەر بکاتەوە، بیرەوەرییەکانی خۆی دەور بکاتەوەو وەردی بداتەوەو لە سەرانسەری کارەکەیدا تۆوی بدات، مادامێکی گوتاری هەیە وگوتاریش، ئاراستەی وەرگر دەکرێت، دەبێ خاڵی هاوبەش لەگەڵ وەرگردا بدۆزێتەوەو ئەوانیش خەمە خودییەکانیان لەو کارەدا بدۆزنەوەو ڕازەکانی ژیانی خۆیان هەڵبێنن، ڕۆماننووسی باش بەو ئیحتوبارەی شایەدی سەردەمی خۆیەتی، ئەم خالە فەرامۆش ناکات. چونکە هەر داهێنەرێک بگری، بیەوێ و نەیەوێ بەشێکە لە تەڤگەری مێژوو و کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی، هەرکەسێک دڵسۆزو وەفاداری هونەرەکەی نەبێ، ناتوانێ دڵسۆز و وەفاداری سەردەمەکەی خۆی بێ.. تەنیا کارلێک و باندۆری دوو لایەنەی نێوان ڕۆماننووس و ژیان وکۆمەڵگە وخەڵکی، دەیکات بە نوێنەر وشایەدی سەردەمەکەی خۆی وهەر ئەم کارلێک و باندۆرە دوو لایەنیە توانای ئەوەی پێدەدات کە هوشیارییەکی تازەو سەلیقەیەکی تازە بخولقێنێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستپێکی مودێرنەی ڕاستەقینەیە.

***

ئەوەی مایەی سەرنجە، زمان، ڕاستە ڕەگەزێکی گرینگی کاری ئەدەبییە، بەڵام پیرۆز نییە، چونکە لە بنەڕەتدا زادەو بەرەنجامی پێداویستیە حەیاتی و کۆمەڵایەتیەکانە، کە لە پەرەسەندن و گەشەکردن و نەشونما وگۆڕانی بەردەوامدایە.. کەچی لە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی لای مەدا، زیاتر مامەڵەیەکی ڕۆمانسیانەی شیعریی زاڵە، ئەوەندەی پەیوەندی بە شیعر یان وێنەی شیعرییەوە هەیە، ئەوەندەی ئینشاییە، ئەوەندە پەیوەندی بە بونیادە ڕۆمانەوانیەکەوە نییە.. ڕەنگە ئەمە لە هەندێ لایەنەوە پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە کەلەپووری ئەدەبی مە کەلەپوورێکی زیاتر شیعری بووە تا پەخشان.. زمان، لە ڕۆمانا، دەبێ بەشێک بێ لە بونیادە ڕۆمانەوانیەکە و، وەڵامدەرەوەی پێداویستیە هونەرییەکانی خودی ڕۆمانەکە بێ، هەڵقولاو وزادەی خواستە هونەرییەکان بێت نەک لە دەرێڕا، لە ڕۆمانەکە باربکرێت.. چونکە زمان، لە ڕۆمانا، ئاستی هەمەجۆر وجیاوازی هەیە.. بۆ

نموونە زمانی دیالۆگ لە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی لای مەدا، زۆرجار هەڵوێستی فیکری یان سیاسی گوتیار یان نووسەری لێ بار دەکرێت.. لەکاتێکا دەبێ ئەم زمانە ورد بێ، گوزارشت لە ئاستی کاراکتەرەکە بکات، بە ڕوونی مەبەست بگەیەنێت.. بۆیە مودێرنە، لە بنەڕەتدا زادەی خواست وپێداویستیەکانی سەردەم و واقیعە، نەک لاسایی کردنەوەی کوێرانە.. کە لەم حاڵەدا، دەبینە بە کاربەر نەک بەرهەمهێن و کورد واتەنی لە قەلان و لە کۆتران دەبین..

زمان، وەکو هەر بوونەوەرێکی زندوو بەگوێرەی پێداویستیە حەیاتیەکان لە حاڵی زاوزێی بەردەوام وکاژ فڕێدان وخۆ تازەکردنەوەدایە، لە دایک دەبێ، گەشە دەکات، دەپوکێتەوەو ئەگەر مومارەسە نەکرێت، ولەگەڵ ڕەوت وتەبیعەتی ژیانی تازەدا تێک نەکاتەوە دەمرێت.. زمان وەکو ئاماژەمان کردێ تەنیا ئەوزاری لێک حاڵی بوون نییە، بەڵکو هەموو زمانێک بارگاویە بە ڕۆشنبیرییەوە، گوزارشتە لە ئاستی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیەی بەکاری دێنێ و شارستانیەت و ژیار وکایە ئەپستمولۆجیەکانی پێ بەرهەم دێنێت.. جا زمانی کوردی وێڕای ئەوەی لە لایەن داگیرکەرانی کورد وکوردستانەوە مامەڵە وبەرخوردێکی سیاسی و شۆڤێنیانەی دەگەڵدا دەکرێ و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی دەدرێ وکەمترین دەرفەتی دەدرێت، کە لە واری خوێندن ونووسیندا مومارەسە بکرێت، خۆشمان کە نە خاوەنی پاشخانێکی شارستانی گەورەین ونە زمانەکەمان، زمانێکی ئاینی و ئۆلییە… نە دەوڵەتین وەکو جوگرافیاو مێژوو کۆمان بکاتەوەو لەو چوارچێوەیەدا و بە ئەزموونی خۆمان مومارەسەی ژیان بکەین، کەمترین هەوڵمان داوە بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندارد کە هەمووومان کۆ بکاتەوە، لە کاتێکا هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووی وەکو شێوازارە کوردییەکان، ئاین و ئاینزاکان و… هتد نموونەیەکی بچووکی کوردستانی گەورەیە، زۆر لەبارە بۆ دروستکردنی ئەم زمانە ستانداردە، کەچی ئێمە لەجیاتی ئەوە هەوڵدەدەین وهانی ئەوە دەدەین هەر دەڤەرەو بە شێوازی خۆی بخوێنێ، غافڵین لەوەی هەر شێوەزارێک پێی نووسراو وخوێندرا، کار بۆ ئەوە دەکات، ببێت بە زمانێکی سەربەخۆ وکار بۆ یەکێتی شێوەزارەکان ناکات.. بەهەرحاڵ زمان دەبێ بەبەردەوامی بژار بکرێت وزەمینەی بۆ خۆش بکرێ تا بەگوێرەی خواست و پێداویستیە حەیاتیەکانی سەردەم نەشونما بکات.. ئەمەش، زیاتر بەوە دێتە دی کە لە هەموو کایە ئەپستمولوجیەکاندا پێی بنووسرێت وبەشێوەیەکی ئەستوونی مامەڵە لە گەڵ زماندا بکرێ، بە تایبەتی لە لایەن ڕۆماننووسەکانەوە..

## پاژی سێیەم

هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، ڕۆماننووس لە ژیانیا یەک ڕۆمان دەنووسێت، بەڵام بە فۆرم و شێوازی جیاواز، یانی شتێکی لە زەیندا هەیە، دەی هێنێ و دەیبات و هەرجارەی بە جۆرێک و لە

قاڵبێکی جیاوازدا دەری دەبڕێت و بەرجەستەی دەکات، خۆ ئەگەر ئەمە دروست بێ، کە تا ڕادەیەکیش دروستە، ئەوا نووسەر، زۆر وریا نەبێ، تووشی خۆ کاوێژکردنەوەی خراپ دەبێت.. ڕاستە ڕۆماننووس بەشێک لە خودی خۆی لە پانتایی کارە ڕۆمانەوانیەکانیا تۆو دەدات ودادەچێنێ، بەڵام هەمیشە ئۆتوبیوگرافی خۆی نانووسێتەوە، چونکە هەر ڕۆماننووسێک ئەزموونی خۆی لە کارە ڕۆمانەوانیەکەی باربکات، ئەو سەرکەوتنە هونەرییە بەدەست نایەنێ کە ڕۆمانی باش دەیخوازێت.. واتە تەنیا ڕێژەیەکی دیاریکراوی بوونی ڕۆماننووس، لە هەر ڕۆمانێکا کە دەینووسێت، ڕێگە پێدراوە، ئەم ڕێژەیەش لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت. تا ئەو ڕێژەیە کەمتر بێ باشترە.. ئەویش دەبێ بەسەرانسەری ڕۆمانەکەدا دابەش بووبێ و تۆو درابێت و بە تەواوەتی ئاوێتەی بونیادی ڕۆمانەکە، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بووبێت..

***

بە هەرحاڵ ڕۆمان کەی گەییە ئەو ئاستەی لە زمانەلاڵکێ دربازبێ و بەزەلالی وڕوونی وڕەوانی، بە دەنگی تایبەتی خۆی، هونەریانە شتەکان بڵێ، هەنگێ دەتوانێ، بێ هیچ شەرمێک، دوور لە هەر لاساییکردنەوەیەک لافی ڕۆمانیەت و بەڕۆمان بوون، لێبدات. ڕۆمان بۆ خۆی دنیایەکی هەندێک ئاڵۆزە، چونکە لە بنەڕەتدا ئاوێنەی ژیانە، سادەیی و ئاڵۆزی ئەو ژیانەی مامەڵەی لە تەکدا دەکات، لە بونیادی ڕۆمانەکەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.. ڕەنگە لە هەوەڵەوە بیرۆکەیەک بێ و لە زەینی نووسەرا، سەر هەڵبدات و پەیدا ببێت، ئیدی ئەم بیرۆکەیە پێویستی بە ئەوزارانە، بۆ ئەوەی بێتە نیشاندان و دەربڕین، بۆ نموونە لە ڕێگەی کاراکتەر وبویەرو ڕووداوانەوە دێتە دەربڕین.. کاراکتەر و ڕووداویش پێویستیان بە چوارچێوەیەکە لە میانیەوە بخەملێ و ئەوەی پێیەتی بیڵێت.. کاراکتەر وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ، هەرچەندە دروستکراوی گوتیار ونووسەریش بێ، بەڵام هەرکە پەیدا بوو وژینگەی خۆی دۆزییەوە، ئیدی بەرەبەرە کار بۆ خۆیبوونی خۆی دەکات وڕووداوش هەر وەتر، ئیش بۆ سەربەخۆیی خۆی دەکات و ئەم دوو ڕەگەزە زۆر هەستیار و گرینگە لە کارلێک و باندۆری دوولایەنە بەدەر نابن و کەش و هەوای ڕۆمانەکە چێدەکەن و دەوری گوتیار یان نووسەر، زیاتر چاودێری دەبێت.. کاراکتەر لەوە دەردەچێت تەنیا پەیڤدار وبڵندگۆی گوتیار یان نووسەر بێ، ڕووداو لەوە دەردەچێت، کۆمەڵێک بویەری دەستکردی بێ سەروبەر بێ، و بە توێژی درابێتە دەم یەکەوە، وەکو چۆن کاراکتەر بە مانا مەعنەوی وهونەرییەکەی بریتین لە بوونەوەرانی بەشەری لە ژینگەیەکی مرۆڤانیدا، ڕووداویش بەو ئاوایە دەکاتە کار وکاردانەوە لە هەمان ژینگەی ڕۆمانەوانی و هونەریدا.. ئیدی کارلێکی ئەم ڕەگەزانە و ڕەگەزانی دیکەی ڕۆمانەکە لێکەوتەی خۆیان دەبێت وبەگوێرەی کەش وهەوا وهاماجە تازەکە

نەشونما دەکەن، کە دوورنییە نووسەر لە چوارچێوە گشتیەکەدا، سووکە دەستێکی هەبێ ولە وردەکارییەکاندا هەر چاودێرێکی دووراو دوور بێ و تەواو.. ئیدی کاراکتەر ورووداو زۆرجار لە کۆنترۆڵی گوتیار یان نووسەر دەردەچن و تا ڕادەیەکی زۆر خۆیبوونی خۆ وەردەگرن وهەندیجار یاخیش دەبن، نە بە گوێی گوتیار یان نووسەر دەکەن و نە بەدڵی ئەوان دەکەن، ئیدی لێرەوە فرەدەنگی چێدەبێت و..

بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بۆ ئەوە بکرێ کە ڕۆمان و ژینامە دووشتی جیاوازن... پەیوەندی نێوان ڕۆمان و گوتیاری نووسەر، پەیوەندییەکی یەجگار ئاڵۆزو گۆنگە. گوتیار یان نووسەر (هەندێک پێیان وایە گوتیار، نووسەرەو حاڵی نووسین گرتوویەتی، وەکو چۆن دەروێش کە کۆڕی زیکرا حاڵ دەیگرێ) کۆمەڵێک کاراکتەر دروست دەکات و، بۆچوون و قەناعەتەکانی خۆی، بە سەریاندا دابەش دەکات، هەڵبەتە هەریەکەیان بە گوێرەی ئەو دەورەی لە کارە هونەرییە ڕۆمانەوانیەکەدا دەیبینێ.. ئیدی مەرج نییە ئەم بۆچوون و قەناعەتانە لەلایەن کاراکتەری سەرەکی وقارەمانەوە بگێڕدرێنەوە، لەوانەیە لە لایەن کاراکتەرێکی شێت یان لاوەکییەوە بگێڕدرێنەوە.. یان ڕەنگە بە شێوەیەکی ڕەمزی و لەزگین بخرێتەڕوو... واتە گوتیار یان نووسەر، خودی خۆی لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا بەجۆرێ تۆو دەدات، لە هەموو شوێنێکا هەبێ و لە هیچ شوێنێکا نەبینرێت.. بەڵام لە ژینامەدا، زۆربەی کات جۆرە لێکچوونێک لە نێوان کاراکتەری سەرەکی یان شاقارەمان و گوتیار یان نووسەردا هەیە، خودی نووسەر زۆر بە زەقی دیارە، لە دوا ئەنجاما خۆمان لە بەردەم جۆرە ئیعترافنامەیەک، یان یاوەبێژییەکی قارەمانانەدا دەبینینەوەو بەڕێکەوتیش تووشی ئەو ڕۆمانە نابین کە نووسەر خەونی پێوە دەبینێت.. گرینگە نووسەر بە قەناعەتی خۆی بنووسێت، بە ئەقڵی خۆی بیربکاتەوە، بەچاوی خۆی بدینێ بە دەنگی خۆی بدوێ. چونکە ڕۆمان، نە مۆد و مۆدبازیە و نە بە لاساییکردنەوە، ڕۆمانیەت پەیدا دەکات. کە مخابن هەر دوو حاڵەتەکە لە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی کوردەواری خۆماندا بە زەقی بەدی دەکرێن. زۆرجار کاراکتەر بە ڕادەیەک دەخرێتە ژێر هەژموونی گوتیار یان نووسەرەوە، کە کەمترین ئازادی نادرێتێ لە چوارچێوەی لۆژیک و بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی و بە گوێرەی ڕۆشنبیریی و خەون و خەیاڵەکانی خۆی ڕەفتار بکات و برِسکێ و تایبەتمەندی خۆی بە پێی خواست و پێداویستیە هونەریەکانی ڕۆمانەکە پەیدا بکات، بۆیە کاراکتەر بە زۆری لە ڕۆمانی کوردیدا بێ نموود یان کەم نموودەو ئەو شەخسیەتە هونەریە زندووە پەیدا ناکات کە لە یادگەی خوێنەردا بمێنێتەوە.. دیارە کاراکتەریش، دەگەڵ نەش ونمای ڕووداوەکاندا نەش ونما دەکات و بەرەبەرە دەخەملێت، هەر کاراکتەرێک بەدەم ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەوە، نەگۆڕێت وگەشە نەکات، مانای وایە پێشوەختە و بەشێوەیەکی کلێشەیی و دیکۆری دروستکراوەو لە کاریگەری و

باندۆری ڕووداوەکان بە دوورەو بووکەڵەی دەستی گوتیار یان نووسەرە.. بۆیە گوتیار ئەگەر بێ لایەنیش نەبێت، دەبێ ئەوەندە دیموکرات بێ، کە لە چوارچێوەی پرۆسە ڕۆمانەوانی و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، ئازادی گوفتار وڕەفتار بە کاراکتەر بدات، کە کەسایەتی خۆی پەیدا بکات وبنوێنێت.. هەڵبەتە گوتیار یان نووسەر دەبی توانایەکی سایکۆلۆژی گەورەی هەبێ بۆ خوێندنەوەی ناخی کاراکتەرەکان وپەیدۆزی ئەنگیزە حەقیقییە پەنهانەکانی ناخی کاراکتەرەکان و پەی دۆزی ئەنگیزەی حەقیقی یە پەنهانەکانی ناخی کاراکتەرەکان و ئەوەی لەبەرچاوبێ، کە کاراکتەری مرۆڤانی، نەخێر وچاکەی ڕووتە ونە شەڕ و خراپەی ڕووتە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لەو دوانە وئیدی بە گوێرەی ڕەوتی ژیان و تەبیعەتی کار و کاردانەوەکان هەرجارەی لایەکیان سەر دەکات.. وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووە ڕۆمان چەندیش خەیاڵی بێ ڕەگێکی دەچێتەوە سەر واقیع، بۆیە ڕۆماننووس کە مامەڵە دەگەڵ کاراکتەرێکی ڕۆمانەوانیدا دەکات، ناچارە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو واقیع و خەیاڵ ئاوێتە بکات، تا کاراکتەرێکی هەزار توێ، بەڵام قەناعەتبەخش لە رووی هونەرییەوە، بخوڵقێنێت.. بە هەرحاڵ بابەت هەرچییەک دەبێ با ببێ، بەڵام لە ڕۆماندا، دەبێ مامەڵە ومالیجەی بابەتەکان، مالیجەیەکی ڕۆمانەوانی بێت.. زۆرجاریش تەبیعەتی بابەتەکە، چۆنیەتی مالیجەکە دەسەپێنێ وهەر نووسەرێکیش جیهانبینی خۆی بۆ شتەکان هەیە.. بەڵام وێڕای ئەوەش هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەی تازەیە تا ڕۆشنبینی زیاتری پێ ببەخشێت وبتوانێت لە قاڵب وفۆرمێکی هونەری تازەدا، بە تەکنیکی تازە، کارە ڕۆمانەوانیەکەی مومارەسە بکات، بابەت گرینگ نییە، ژیان هەرهەمووی بابەتە، نووسین، بە تایبەتی نووسینی هونەری بە بابەت لێکدی جیاناکرێتەوە، بەڵکو بە تەکنیک لێکدی جیا دەکرێنەوە، سیحری دەقی ئەدەبی لە تەکنیکدایە، ئەو ئەوزارە تەکنیکیانەی بابەتی نووسینەکە بۆ تیمە وناوەڕۆک دەگۆڕێت.. هەڵبەتە نووسین، بە نووسینی هونەریشەوە گوتارە، گوتاریش بەبێ وەرگر ناگاتە جێ و لە بۆشاییدا دەمێنێتەوەو دەبێت بە دەنگدانەوەی ناو ئەشکەوتان، بۆیە لە حیساباتی هونەریدا، وەرگریش بە ڕادەیەک گرینگە کە بەلایەکی گرینگی هاوکێشەی نووسین دەژمێردرێ و نووسەر ناتوانێ فەرامۆشی بکات، چونکە نووسین لە میانی ئەو پەیوەندییەوە مانا وبەردەوامی پەیدا دەکات.. و یەکێک لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی ڕۆمان، وروژاندنی پرسیارە..

گوتمان دیارەدەو ڕووداوەکانی ژیان هەر هەمووی بابەتە. دیارە هەر نووسەرەش، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ مامەڵەکرن دەگەڵ ئەو بابەتەدا کە هەڵی دەبژێرێت و هەر نووسەرەش زمانی خۆی هەیە. هەڵبەتە زمان لە کاری هونەری وئەدەبیاتدا تەنیا ئەوزاری گەیاندن نییە بەڵکو بەهایەکی ئیستاتیکیشە.. بۆیە دەبێ لە پێناوی گەیاندنی مانا و چەسپاندنی وێنان لە یادگەدا، بە گونجاوترین شێوە بەکار ببرێت. بۆیە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، چ وەکو وشە، چ وەکو ڕستە، چ

له ڕووی ڕیتم و موزیقاوه، دەکاتە بەشێکی زۆر گرینگی نووسین. بۆیە دەبێ زمانێک بەکار ببرێ، زۆر جوان بێ، چڕەمانا ومەبەست گەیەنەر بێ، ئەوندە درێژدادڕی تیا نەکرێ کە ببێ بەبار بەسەر ڕۆمانەکەوەو شەکەت وماندووی بکات و لە خزمەتی ڕووداوەکەدا نەبێت. درێژدادڕی لە زماندا، ڕووداو لاواز دەکات وباندۆر وکاریگەری کەم دەکاتەوە. هەڵبەتە تەبیعەتی ڕووداو وکاراکتەر وئەتموسفیر وبابەت دەوری زۆرە لە دیاریکردنی زماندا، بە هەرحاڵ نووسەر وەکو دەڵێن دەکاتە شێواز..

***

دیارە نووسەر هەقی خۆیەتی دنیایەک بخوڵقێنێ کە بتوانێ لە میانیەوە، بیری خۆی دەرببڕێ، جیهانبینی خۆی بۆ واقیع، وەکو خۆی دەی بینێ، بخاتەڕوو. هەڵبەتە سەبارەت بە سونەتگەرایی مودێرنیتە، دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە هەر قۆناغ و سەردەمێک خەم و خولیا و شێوازی گوزارشتەوانی خۆی هەیە، کەواتە تازەبوونەوەو خۆ تازەکردنەوە، لە سروشتی هەر کارێکی فیلیڤانی و ئەفراندنەوانیدایە، بۆیە دەشێت بگوترێ، سونەتگەرایی و نوێگەرایی و مودێرنیتە دوو ڕووی یەک دراون، هەر کۆنێک تازەی دوێنێ بووەو هەر تازەیەکیش، دەبێ بە کۆنەی سبەینێ، کەواتە داهێنان پردێکە لە نێوان بەها کەلەپووریەکان وچەمک وبەها مودێرن و هاوچەرخەکان.. بۆیە ئەگەر سونەت وسونەتگەرایی ڕەگ و ڕیشە بێ، ئەوا لق وپۆپان نوێگەراییە، هەڵبەتە لق وپۆ، بەگوێرەی ئەو ئەتموسفیرەی تیای دەرسکێ تەرح و دیدارێکی جیا لە ڕەگ و ڕێشەکە وەردەگرێت ونوێنەرایەتی واقیعی خۆی دەکات، بۆیە مودێرنە، هەرگیز بە مانای لاسایی کردنەوە نایەت، بەوەش نایەتە دی تەنیا فۆرم و قاڵبان هاوردە بکەین و وا وێنا بکەین کە ئەمە تاقە شیوازی مامەڵەکردنە لە گەڵ سەردەمی تازەدا، چونکە هەر سەردەمێک، هەر قۆناغێک خەم وخولیا و شێوازی گوزارشتەوانی خۆی هەیە و، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە، کە دەرگا لە سەر خۆمان دابخەین و سوود لە دەسکەوتە ئەفراندەوانیەکانی جیهان وەرنەگرین. بەڵکو دەبێ خوێندنەوەی هونەریانەمان بۆ واقیعی خۆمان هەبێ، سوود لە کەلەپووی خۆمان وەربگرین و کارلێکی ئەرێنیمان لەگەڵ دەسکەوتە ڕۆمانەوانیە جیهانیەکاندا هەبێت..

ڕۆمان، هیگڵ گوتەنی: داستانی بورژوازیەتە. واتە هونەری سەردەمی کرانەوەو دیموکراتیەتە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆمان نزیکترین هونەرە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە واقیعەوە، چونکە مامەڵە لە گەڵ ئەو واقیعەدا دەکات، بۆیە ئەگەر بگوترێ خەمی گەورەی ڕۆمان دیموکراتیەتە، هیچ نەبێت بە زێدەڕۆیی.. هەڵبەتە کەش و هەوای دیموکراتی، زەمینە خۆشکەرە بۆ ڕسکان و گەشەکردنی ڕۆمان، بۆیە ڕۆمان کار بۆ ئەوە دەکات کە بەهەر شێوەیەک بووە بگاتە خەڵکی،

هونەریانە هوشیاریان بکاتەوەو لە پێناوی پاراستن وڕیشاژوکردنی دیموکراتیەتدا هانیان بدات، یانی بە شێوازی هونەریانەی خۆی بەشداری لە بەرهەمهێنانی دیموکراتیەتدا دەکات.. کەواتە ڕۆمان یەکێکە لەو ئەوزارە هەرە گرینگانەی دەشێت لە میانیەوە، بە واقیع وخەم وخولیا هەمەجۆرەکان ئاشنا ببین وڕەنگە ئاسۆی ئایندەش دوور ونزیک بەدی بکەین... هەڵبەتە هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانی لەمەڕ مە، هێشتا نەگەییونەتە دۆزینەوەو کەشفکردنی شێواز و فۆرمۆلەیەکی تازەی گوزارشت، کە ژیانی خەڵکی ئەم قۆناغ وسەردەمە بهونەرێنێ، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕۆمان بەرنامەیەکی سیاسی پێشکەش بکات، چونکە ئەدەب، بەتایبەتی ڕۆمان بریتی نییە لە گوتنەوەی دروشمان ودووبارە کردنەوەی هەڵوێستان. بەڵکو خوێندنەوەیەکی هونەریانە و ڕاستگۆیانەی واقیعە، بەمەبەستی گەیشتن بە واقیع و ژیانێکی باشتر و خۆشتر، کەواتە ئەرکی هونەر بەگشتی وڕۆمان بە تایبەتی، ئەوەیە کە بە شێوازێکی هونەری ئیستاتیکی خەڵکی لە واقیعی خۆیان ئاگادار بکاتەوە، تا هیچ سازشێک لە سەر مرۆڤانی خۆیان نەکەن و، دیارە ڕۆمان یان هیچ کارێکی ئەدەبی، خۆ بە خۆ گۆڕانی پێ چێناکرێت. گۆڕین کاری مرۆڤە، لە هەلومەرجی خۆیدا، مرۆڤ تا هۆشیارتر وهەستیارتر بێ، چالاکتر دەبێت وپتر لە خەمی ئینسانیەتی خۆیدا دەبێت، بۆیە ئەرکی ڕۆمان، وەکو فاکتەرێکی هونەری ئەوەیە بەجدی بەشداری لە خولقاندنی ئەوجۆرە مرۆڤەدا بکات.

هەڵبەتە وشەی بوێر وڕاستگۆیانە، هەمیشە دەتوانێ ڕۆڵی گرینگ وبنەڕەتی لە پرۆسەی گۆڕاندا بگێڕێت.. وشەی ڕاستگۆیانە وەکو ئەستێرە وایە، دەتوانێ ببێ بە دەلیلی کاروان.. بەڵام دروشمبازی و وشەێن قەبە و قەڵەو وبۆش وبەتاڵ وڕیائامێز، هیچ باندۆر وکاریگەرییەکی نابێت.. واتە ڕۆمان پێویستە ڕەنگدانەوەی خەم وخولیاکانی خەڵکەکەی دەورو بەرمان بێت و گوزارشت لە خەونەکانی وان بکات.. جا ڕۆماننووس لەم حاڵەتەدا خۆبەخۆ دەبێت بە پەیڤداری نافەرمی و ئیعتراف پێنەکراوی خەڵکی.. ڕۆمان وەکو گوتمان چەند خەیاڵیش بێت ڕەگێکی دەچێتەوە سەر واقیع، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی واقیع بگوازێتەوەو وەکو خۆی وموو بەموو تۆماری بکات، بەڵکو مەبەست خولقاندنەوەی هونەریانە و زندووی واقیعی دەوروبەرمانە، سەبارەت بە شێوازیش، وێرای ئەوەی بۆمان هەیە ئەوپەڕی سوود لە دەسکەوتە ڕۆمانەوانیەکانی جیهان وەربگرین، دەبێ بەهەمان ئەندازەو زیاتریش لە خەمی دۆزینەوەی شێوازی تایبەتی خۆماندا بین، ببین بە خاوەنی ڕۆمانێک، هەرکەسێک و بەهەر زمانێک بیخوێنێتەوە، بە ئاسانی بیناسێتەوە..

سەبارەت بە زمان، وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ، دەکاتە بڕبڕەی پشتی کاری ئەدەبیات بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، چونکە لە ڕۆماندا ئاستێن زمانەوانی زۆر جیاواز هەیە و ئەمەش مامەڵە وبەرخوردی جیاواز دەخوازێت. زمان بە ئەندازەیەک گرینگە، ئەگەر بگوترێ هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، هیچ نابێت بە زێدەڕۆیی. بۆیە خەمی زمان خەمێکی گەورەی ڕۆماننووسە، چۆن زمانێک بدۆزێتەوە، پڕ بە پێستی ڕۆمانەکەی بێ، زمانێک باشترین و گونجاوترین گوزارشت لە حەقیقەتی کاراکتەرەکانی بکات.. واتە زمانێکی زندوو وجوان بدۆزێتەوە.. بەکورتی و بەکوردی داهێنەران، دروستکەری ڕاستەقینەی زمانن، نەک ئاکادیمیای زمان وئەوانەی سەروکاریان دەگەڵ ڕێنووس وڕێزماندا هەیە، بۆیە ئەگەر بگوترێ ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانە و زندوو و ئیستایکی زمان، هیچ نابێت بە زێدەڕۆیی.. ئیدی زمان یەکێکە لە کەشفە هەرە گرنگەکانی تیرەی بەشەر وتوانی بەزمان و لەڕێگەی و لە ناو زماندا، خۆی بگێڕێتەوەو مێژووی خۆی تۆمار بکات و زمان بکات بە ئەوزاری دەربڕین، جوانی، لەزەت وکەشفی نادیاران، ئەوجاش زمان دیاردەیەکی ئەفسووناوی یەجگار سەیرە و بە ئاسانی کەوی نابێت و وەکو هەر بوونەوەر ودیاردەیەکی زندوو، لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بۆیە ڕۆماننووس دەبێ ئەم دیاردەیەی لە بەرچاو بێت، زمانێک بدۆزێتەوە کە هونەریانە وڕاستگۆیانە گوزارشت لە حەقیقەتی قۆناغ و سەردەمی خۆی بە ئاراستەی ئایندەدا بکات.. دیارە لەم حاڵەدا، دەبێ زمانەکە و ڕۆمانەکە پڕ بە پێستی یەکدی بن و لە چوارچێوە ئەفراندنەوانیەکەدا ئاوێتەی یەکدی بن و یەکتر تەواو بکەن.

بە هەرحاڵ ڕۆمان لە نک مە، هونەرێکی تازەیە وهێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە، زۆری ماوە ببت بە خاوەن تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ کە بە جورئەت ودڵنیاییەوە پێی بگوترێ ڕۆمانی کوردی، دەبێ دەرفەتی تەواوی بدرێتێ تا قۆناغەکانی پەیدابوون وسەرهەڵدان وپەرەسەندن و پوختەبوونی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی ببڕێت وڕێگەی خۆی، زمانی خۆی و ئیزافاتی خۆی و تایبەتمەندی خۆی بە دوور لە هەر لاساییکردنەوەو کۆپی کردنەوەیەکی بیانی بدۆزێتەوەو ببێت بە ئیزافەیەکی جدی وگرینگ بۆ دەسکەوتە ڕۆمانەوانیە جیهانیەکە... ڕۆمان ئاوێنەیەکی ئەفسووناویە، دەکرێ لە میانیەوە حەقیقەتی کۆمەڵگەی خۆمان بخوێنینەوە، ببینین و تێبگەین، ئەوەی بە ڕۆمان دەگوترێ، هەڵبەتە گوتنێکی هونەریانەی فرە لایەنە، بە سیاسەت و دروشمە دیماگۆگی وعەوام خەڵەتێنەکانی نایەتە گوتن..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

+ امبرتو ايكو/ القارى فى الحكايه/ ترجمه انطوان ابو زيد/ الطبعة الاولى ١٩٩٦، المركز الثقافى العربى..

+ البنية السردية للقصة القصيرة/ تاليف: د. عبدالرحيم الكردى/ ط٣ مارس، ٢٠٠٥، الناشر: مكتبه الاداب/ منتديسور الازبكية.

+ الراوى: الموقع و الشكل، يمنى العيد/ ط١، ١٩٨٦/ مؤسسة الابحاث العربية ش.م.م.

+ د. ماجدة حمود، رحلةفى جماليات رواية امريكا اللاتينية/ من منشورات اتحاد الكتاب العرب/ دمشق٢٠٠٧.

+ محمد داود، الرواية الجديدة بنياتها و تحولاتها/ ط١، ٢٠١٣/ ابن النديم للنشر و التوزيع، دار الروافد الثقافية- ناشرون.

+ عبدالرحمن منيف/ الكاتب و المنفى/ط٣، ٢٠٠١/ المؤسسة العربيه للدراسات و النشر، المركز الثقافى العربى للنشر و التوزيع.

+ حنا عبود، من تاريخ الرواية/ دراسة، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق- ٢٠٠٢.

+ زمان و مكان در داستان مدرن/ وسلى كورت، مترجمان: فرناز گنجى، محمد باقر اسماعيل پور/ چاپ اول، ١٣٩١، تهران.

+ دەربارەی ڕۆمان و چیرۆک/ حەمە کەریم عارف/ چ ١، ٢٠٠٨/ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە ( ١٠٠ ) .

+ هەزار پیشە/ حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم ٢٠١٨، ناوەندی سارا، سلێمانی، بازاڕی ئاوباریک، نهۆمی سێیەم- بەرانبەر کاسۆمۆڵ.

## شیعراندنی ژیان

ن:حەمە کەریم عارف

((١))

ئەگەر هەندێ بە وردی تەمەشای شیعری تازەی دنیا بکەی دەبینی بونیادێکی سەیرو نا ئاسایی هەیە.هەڵبەتە سەیرو نائاسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی. بۆ نموونە زیاتر خەیاڵ بە سەریدا زاڵە تا واقیع، شپرزەیی و پەشێوی بە سەریدا زاڵە.جۆرێک لە گۆنگی و ئاڵۆزی فیلیڤانی وئەفسوونی زمانەوانی پێوە دیارە کە ئەمە جۆرە باندۆرو کاریگەرییەکی ئەفسووناوی پێبەخشیوەو لە هەر دەربڕینێکی باووسواوی دوور خستووەتەوە. خۆی لە هەر گوتارێکی شیعریی ڕاستەوخۆ پاراستووە..یانی خەیاڵی داهێنەرانە زاڵە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەی موزیکالی وسازڤانی زمان و، ئەوەندەی لە خەمی شیعرییەت و هونەرییەتی شیعردایە لە خەمی گوتاری شیعریدا نییە، زیاتر بەلای دابڕاندا دایدەکێشێت ولە هەوڵی ئەوەدایە دەقی شیعر بکات بە جۆرە ممارەسەیەکی جوانیپەرستی و پاکبوونەوەی ڕوحی، یانی خوێنەری جدی و بە سەرنج وەختێ دەقێکی ڕەسەنی

شیعری تازە دەخوێنێتەوە، خۆی لە ناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵی پڕ ڕەمزو ڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قابیلە ئەگەر بە لەزەتێک یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکییەوە بێتە دەرێ. دیارە ئەم گۆنگی وئاڵۆزییە فیلیڤانییە،دەکاتە کارێک کە شاعیر ودەقی شیعری، نەکەونە داوی گوتارەوانی ڕاستەوخۆوە یان ختوکەدانی سۆزی جەماوەر، یان بانگەوازی سواوی ئەخلاقییەوە.دیارە جیهانبینی ئەم جۆرە شیعرە،سنووری شتە دیارو هەستپێکراوەکان دەبەزێنێت وئۆتمۆسفیرو هاماجی غەریب و نامۆ و بێسنووری خۆی بەرهەمدێنێت و، ئەمەش وادەخوازێت کە شاعیر پەنا وەبەر زمانێکی تازە ببات تا دەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا تێکبکاتەوە کە بە زمانی تەقلیدی سواو نایەتە دەرککردن.بەڵکو بە زمانێکی سازڤانی دێتە دەرککردن، وشەو پەیڤ، جێگەی دەنگ ونۆتەی موسیقا دەگرنەوە. یانی شیعر لەم حاڵەتەدا دەبێت بە جۆرە سۆزەو زەمزەمەیەکی مۆسیقی، زیاتر گوزارشت لە ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕەهای میتافیکری مەندو وەنگی هاوتای بێدەنگییەکی ئەفسووناوی دەکات..

((٢))

هەڵبەتە لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی تازەدا، کە لە گەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەستی پێکرد، نۆڕینی مرۆڤیش بۆ سروشت وبۆ خوا گۆڕا، نۆڕینی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەو تیرەی بەشەر، لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا شانبەشانی شۆڕشە پیشەسازی و کۆمەڵایەتی وئاینی وئەقڵییەکان، بە تەواوەتی گۆڕاو لە کاریگەریی ئەو شۆڕشە هەمەجۆرانە نەخەلەسی و ئەمە لە ویژدانی هونەریی و لە دەربڕین و گوزارشتی شیعرییدا، بە جۆرێ ڕەنگیدایەوە، دەشێت ناوبنرێت شۆڕشی شیعری تازە (مۆدێرن)..دیارە ئەم گۆڕانە، یان شۆڕشانە وەکو ئەڵقە بە یەکدا چووبوون ولە یەکترەوە هەڵدەقوولان وبە یەکدی بارگاوی بوون، بۆ نموونە ڕۆمانتیکییەت، لە کلاسیکییەتەوە پەیدا بوو و ، ڕەمزییەت لوتکەی خەملینی ڕۆمانتیکییەت بوو لە ئینگلتەراو فەرەنساو ئەڵمانیا، ریالیزم پەرچە کرداری ڕەمزییەت بوو بە هەموو شێوەکانییەوە..ئیدی شاعیر- کە بە یەکجارەکی سیفەتی هۆنەریی(نازم) لە خۆی داماڵی! کەوتە کەشفکردنی نهێنگەکانی دەروون و جیهانی ناوەوەی خۆی و، زمانێکی تازەی ئەوتۆی کەشفکرد کە بتوانێت ئیحا و سرووش و سەرۆیەک بێت بۆ ئەم دنیا تازەیەی شاعیر، واتا دنیای بێپایانی ناخودئاگا. ئیدی ئەمە جۆرە ئاڵۆزی و گۆنگییەکی سیحر و ئەفسوونامێزی بە دەقی شیعر بەخشی کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدات و بەرزببێتەوە بۆ ئاستی زمانێکی سەختفام، چونکە شیعری تازە دەیەوێت بە خۆی وبۆ خۆی ولە

خۆیدا، وەکو قەوارەیەکی هونەریی سەربەخۆ،هونەرییەتی خۆی ڕابگەیەنێت و، قەوارەیەک بێت، جۆرەها تیشکی دەلالەت بداتەوەو تەزووی غوربەت بە ڕۆحدا بێنێت..هەڵبەتە ئەمەش تەنیا لە ڕێگای زمانێکی شیعری ناباوەوە دێتە دی و،خوێنەر نابێت بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ زمانی شیعردا بکات، وەکو چۆن دەگەڵ زمانی لێکدی حاڵی بووندا دەکرێت، کە ئەوزاری گوێزانەوەو گەیاندنە و تەواو.کەواتە خوێنەر دەبێت بەو نەفەسە مامەڵە لە تەک شیعری تازەدا بکات کە دیاردەیەکی بێ چەند و چوونی سەردەمی تازەو هاوچەرخە و بە جۆرەها چەمک و مانا ئاوسە و بە ڕادەیەک فرە مانایە کە خوێنەر تیایدا سەرگەردان وسەراسیمە دەبێت، بەڵام فرە مانایی و ئیمکاناتی فرە شرۆڤەو ڕاڤە، لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی شیعری تازەیە.

ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا بە سەر شیعردا هات، کردیە کارێک هەمان گۆڕان بە سەر چەمکی ئەدەبیات وتیۆرییانی ڕەخنەشدا بێت. شیعر تا ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەو هێوەتریش، لە چوارچێوەو سایەی کۆمەڵگەدا دەژیا. خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرد کە گوزارشتێکی نموونەیی، هەڵوێست وهەستە ئاساییەکان بێت. سوکنایی بەخشی ئازارەکان و سارێژکەری برینان بێت..بەڵام پاشان شیعری تازە گۆڕاو خۆی لە ژێر ئەم بارە دەرهێناو، تەوەری شیعر بوو بە خودی شیعر. شیعر بوو بە باڵاترین وخالیسەترین دیاردەی ئەدەب. ئەوپەڕی ئازادی بە خۆی دا کە گوزارشت لە خەیاڵ بکات، بە ناخی دەرووندا ڕۆبچێت ونهێنگەکانی ناخودئاگا تەی بکات.دیارە ئەم گۆڕانکارییە لەو زمانەشدا ڕەنگی دایەوە کە ڕەخنەگران و خودی شاعیرانیش لە باسی شیعردا بەکاریان دەبرد..

((٣))

لە شیعری تازەدا زەمەنی باتین دەبێت بە پەناگەی شیعر، دەقی شیعری بە دنیایەک ڕەمزو لەگەزان بارگاوی دەبێت و، وزەیەکی ڕیتمەوانی ئەوتۆ پەیدا دەکات، کە لە باری کاریگەرییەوە، لە فیکر گاریگەرترو کاراترە..زۆرجار شیعری تازە لەمەوە سەر دەکێشێت بۆ شیعری خالیسەی ئەبستراکت و ئیدی تێگەییشتنی شیعر لە باشترین حاڵەتیدا، لە ڕووی دەروونییەوە مەیسەر دەبێت. جا چونکە زمان توانای ئەوەی نییە چەمک و مانایان بە وردی بنوێنێت وعەکس بکاتەوە، ئیدی پەیوەندی نێوان شیعر وخوێنەر لەوە دەردەچێت کە پەیوەندی تێگەییشتن بێ، بەڵکو دەبێت بە جۆرە ئیحایەکی ئەفسووناوی. لەم حاڵەتەدا شیعر دەبێت بە شتێکی شەخسی و نایەتە وەسفکردن ودیاریکردن. کەسێک بە خۆی، ڕاستەو خۆ پەی پێنەبات و زەوقی لێوەرنەگرێت، کەس ناتوانێت

بۆی باسبکات یان بۆی بگێڕێتەوە. ئیدی شیعر، شیعرەو تەواو، خۆی هونەرییەتی خۆی بەرهەمدێنێت و قەوارەیەکی خەوناسای، خەیاڵاوی، سیحرامێز پەیدا دەکات.جا لێرەدا، شاعیر دەبێ بە خەڵوەتنشینی، خەڵوەتخانەی شیعر و پەنا وەبەر زمانێکی گۆنگ و ئاڵۆزی فیلیڤانی سەختفامی ئەوتۆ دەبات کە ئەوەی ئەهلی شیعر نەبێت،خاوەنی هۆشمەندییەکی هونەریی ڕەخشان نەبێت ،بە ئاسانی تێی ناگات. چونکە شاعیر زیاتر کاریگەریی ئەفسووناوی و نەباوکردنی باوەکان و، ڕیشاژۆکردنی ئەزموونە باتینییەکان و تەقاندنەوەی، وزە پەنهانەکانی وشەی مەبەستە تا بابەت. بۆیە خوێنەر کە شیعرێکی تازە دەخوێنێتەوە، وا هەستدەکات حایر و سەرسام، سەراسیمەو سەرگەردان، بە نێو چڕە دارستانێکی فرە ڕەمزو ڕازی بە هەیبەت و سامناکدا دەڕوات، لە ناکاوا سیمورغێکی ئەفسانەیی لە وەسف نەهاتگ دێت، باڵی بۆ ڕادەخات، دەیبات بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان و لەوێ بەدەم زەمزەمەی ئەزموونێکی ئیستاتیکی سیحراوییەوە بێدار دەبێتەوەو ئۆخژنێکی نادیار بە ڕۆحیدا دەگەڕێت وبەو دەقەوە ئەفسوون دەبێت. واتە ئەرکی شیعر، شیعری تازە لەوە دەردەچێت، گوێزانەوەو گەیاندنی مانایەک یان زنجیرە مانایەک بێت. بەڵکو دەبێت بە دروستکردنی قەوارەیەکی سازڤانی زیندووی سەربەخۆ و مامەڵە دەگەڵ ئەو رەگەزە ڕیتمەوانی ونەواییانەدا دەکات کە لە زماندا پەنهانە..ئیدی شاعیر ، سیحربازانە لە پرۆسە شیعرییەکەیدا مامەڵە دەگەڵ ڕیتم و نەواو ئاوازو تۆناندا دەکات، بیر لەوە ناکاتەوە واقیع کۆپی بکاتەوە، بەڵکو هونەریانە دەیگۆڕێت، دەیەوێ واقیع لە واقیعیەتی خۆی ڕزگار بکات.ڕوناکییەکی سحری ئەوتۆی پێدەدات کە واقیعییەتەکەی لێدەسڕێتەوە..

((٤))

مەبەستی شیعری تازە ئەوەیە کە بگاتە نادیار، بگاتە دیتنی ئەوەی نایەتە دیتن، بیستنی ئەوەی نایەتە بیستن، گوتنی ئەوەی نایەتە گوتن..گرتنی ئەوەی نایەتە گرتن، بۆنکردنی ئەوەی نایەتە بۆنکردن، فەتحی نادیارەکان، دابڕانی خودی شیعریی لە خودی شەخسی و دەروونی.. یانی بگاتە شیعرییەتێکی فیلیڤانی ئیحابەخش نەک ئاسانفام، یانی بێ منەت لە جەماوەر و وەرگر.داخراوی و گۆنگی دەقە شیعرییەکە، وەرگر ناچار بکات گوێی لێبگرێت و هەرجارەی ڕاڤەو شرۆڤەیەکی تازەی بۆ بکات، بە نەباوی و غەرابەتی خۆی، وەرگرانی دژەباو وبێزار لە باوییەت، بەلای خۆیدا ڕاکێشێت..هەڵبەتە لێرەدا نابێت دەوری وشە فەرامۆش بکرێت، چونکە شیعری تازە بە فیکر دروست ناکرێت بەڵکو بە وشە دروست دەکرێت. واتە شیعری تازە بە ڕادەیەک پشت بە وشەێن

ئیحابەخشی فرەماناو دەلالەت دەبەستێ و وزەو توانا لەبن نەهاتوو وبێپایانەکانی زمان بە جۆرێ دەتەقێنێتەوە، کە دەبێت بە ناوەرۆکی شیعرەکەو،گۆنگی و ئالۆزی شیعرەکە، کە دیاردەیەکی شیعری تازەیە،لێرەوە پەیدا دەبێت.. واتە شاعیری هاوچەرخ، قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە پەیڤ و وشە وزەو تواناو ئیمکاناتێکی ئەفسووناوی کاریگەر وئیحابەخشی زیاتر لە فیکری هەیە. واتە لێرەدا شیعر وەکو کارێکی خالیسە، قەوارەیەکی سەربەخۆی خودکەفایی پەیدا دەکات، دەبێت بەو زمانەی کە هیچ زمانێکی دیکە جێگەی ناگرێتەوە. هەڵبەتە زمانی شیعری تازە، زمانێکی ڕون وئاسانفام نییە وخوێنەر بە دەستییەوە گیرۆدە دەبێت، نە بە ئاسانی تێیدەگات و نە بە ئاسانی زەوقی لێدەبینێت ، چونکە لە سنووری تێگەییشتنی ئاسایی دەردەچێت و دەگاتە ئاستێک کە وشە ڕەسەنایەتی و بەرائەتی ئەسڵی خۆی وەردەگرێتەوەو لێرەدا وشە، عەینی چەخماخە پڕشنگێک دەدات و بەرەبەرە لە بێدەنگی نزیک دەبێتەوەو خۆی ئامادە دەکات کە بە زمانی بێدەنگی ، نەگوتەنییەکان، بڵێت. ئەم دیاردەیە خوێنەری لێدەتۆرێنێت. بۆیە شیعری تازە خوێنەری کەمە و زیاتر خەڵکی بژاردە ڕووی تێدەکەن. دیارە هۆی ئەم گۆنگی و ئالۆزییەی زمان، زیاتر لەو بیرۆکەیەوە هاتووە کە ئەرکی ئەدیب ئەوەیە کە ڕێگە نەدات زمان بە جۆرێ لە قالب بدرێت، کە نەیەڵێت شیعر شتی زۆر تازە بڵێت، چونکە داهێنانی شیعریی لە بنەڕەتدا تازەکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی زمانەوانی ڕەسەنە.جا زمان لەمجۆرە شیعرەدا ئەوزاری لێکدی حاڵی بوون و گەیاندن نییە، پردێک نییە لە نێوان خوێنەر و نووسەردا.بەڵکو زمان جۆرە گوزارشتێکە لە خودی خۆی وئەگەر لە حاڵێکا بە ئاستەمێک لە خەمی خوێنەریشدا بێت، ئەوا لە خەمی ژمارەیەکی زۆر کەمی خوێنەری بژاردەدایە..خوێنەری کراوەو ئامادە بۆ تێگەییشتنی هەمەجۆر. ئەو خوێنەرەی کە مانا بە دەقی شیعرەکە دەبەخشێت، جا بەم پێودانگە هەر قەسیدەیەک، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی مانا هەڵدەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری تازە زیاتر شیعری ئیحاییە تا شیعری وەسف و ناوبردنی ڕاستەوخۆ بێت، کە سیحری لەزەتە ئەدەبییەکە بە تاڵ دەکاتەوەو خوێنەری لێ مەحرووم دەکات. جا ئەو باندۆر وکاریگەرییەی، ئەم ئیحاگەرییە، لای خوێنەر چێدەکات، تاقە پردی نێوان شاعیری مۆدرێن و خوێنەرە.

هەڵبەتە ئاساییە کە دەبێ زمانی شیعری تازە زمانێکی تازە بێت، زمانێ کە پسپۆڕانی ڕێزمان و دەستوری زمان هیچی لێنازانن . واتە زمانێکی موسیقی وەکو زمانی خوێندنی بولبول،کە تەنیا خوێندنی مەبەست بێ و بەبێ وشە ئۆخژن بە ڕۆح ببەخشێت . ئەراگۆن لە پێشەکی دیوانی چاوانی ئیلزادا دەڵێت: شیعر بە هۆی خولقاندنی تازەو بەردەوامی زمانەوە، لە ڕێگەی ڕوخاندنی

هاوئاهەنگی زمانەوانییەوە، لە ڕێگەی شکاندنی دەستوورەکانییەوە، لە ڕێگەی گۆڕینی تەرتیبی باوی زمانەوە، پەیدا دەبێت. واتە لەم حاڵەتەدا شێواز بۆ خۆی و لە خۆیدا دەبێت بە ئامانج و ماناو تیمەو ئەنگێزەو نێوەرۆکە شیعرییەکان لەودا و لە پشت ئەوەوە پەنهان دەبن..

((٥))

گوتمان یەکێک لە خەسڵەتەکانی شیعری مۆدێرن، ئاڵۆزی و گۆنگییە. لە ڕاستیدا شیعری مۆدێرن، ئەرکێکی یەجگار قورس و غەریب بە ملی زماندا دەدات، ئەویش ئەوەیە کە هەم مانا بنوێنێت و هەم بیشارێتەوە.واتە گۆنگی و ئاڵۆزی دەبێت بە پرەنسیپێکی ئیستاتیکی گشتی ئەم شیعرە. یانی ئاڵۆزی ئیستاتیکی، دەقی شیعریی، لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی زمان کە گوێزانەوەو گەیاندنە دادەبڕێت، لە نیمچە بۆشاییدا هەڵیدەواسێت، تا خوێنەر هەوڵبدات لێی نزیک ببێتەوە، ئەو دوور دەکەوێتەوە. یانی بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ڕستەو دەستەواژەو ئامرازێن زمانەوانی پچڕپچڕ وغەریبە، ڕستەی کراوەو ئیحایی تیایدا زاڵە. واتە بە سیحر و ئەفسوونی خۆی خوێنەر، بکێش دەکات. ئیدی با بە تەواوەتی لە شیعرەکەش نەگات، ئیحای شیعرەکە لەو توانا حسی و هەستەوانیانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زمانەکەدا پەنهانە، واتە لە ڕیتم و ئاهەنگ وئاواز ودەنگدا پەنهانە.جا ئەمجۆرە شیعرەی زیاتر پشت بە ئەفسوون و ئیحای زمان دەبەستێت، بە جۆرێ دەسەڵات بە وشە دەدات کە بکاتە بەردی بناغەی کردە شیعرییەکە. بۆیە هەر شیعرێک، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرانی خۆی مانا هەڵدەگرێت، بگرە زۆرجار لای یەک خوێنەریش، لە خوێندنەوەیەکەوە بۆ خوێندنەوەیەکی دی ماناکەی دەگۆڕێت. هەڵبەتە پەیوەندی نێوان شاعیرو شیعر جیایە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو شیعر. شاعیر کە لە نووسینی شیعرەکەی دەبێتەوە، ئیدی لە دەستی ئەو دەردەچێت، ڕەنگە خوێنەر مانای وای لێهەڵێنجێت کە دوور و نزیک بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێت..

***

بە هەرحاڵ، شیعر، بە تایبەتی شیعری تازە، وەکو ئەزموونێکی فیلیڤانی داهێنەرانە، تەواو لە ئەزموونی سۆفیگەرانە نزیک دەبێتەوەو هەمان هێزو کاریگەریی سیحر پەیدا دەکات و زۆر زەحمەتە بێتە پێناسە کردن. بەڵام لە بنەڕەتدا بە خەمی شیعراندن و هونەراندنی ژیانەوەیە، بە

خەمی ئەوەوەیە ژیانی باتینی و توانای فیلیڤانی و تازەگەریی و داهێنانی مرۆڤ، شاعیرانە و بە شێوازی تایبەتی خۆی لە هەر سوان و پوان و پووکانەوەیەک ڕزگار بکات..

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە هەر وشە ڕیزکردنێکی بێسەرو بەر، هەر چەنەبازییەکی ناشیعری، هەر ڕستەیەکی تێک شکێنراوی ناباو، هەر بانگەوازێکی ئیباحییەتخوازی سێکسی، ناکاتە شیعری تازە، هەر هەوڵێکی دەستکردی نارەسەن بە ناوی داهێنانەوەو، بە مەبەستی گوایە پێشەنگایەتییەوە، ناکاتە شیعری تازە.شیعری تازە پێویستە زادەی زەروورەتی هونەری بێت نەک لاسایی کردنەوەی کوێرانەو چاولێکەری و مۆدبازی، هەر هەوڵێکی لەو بابەتە بە مردوویی لە دایک دەبێت و هیچ بۆشاییەکی هونەری پڕناکاتەوە...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١-سوزان بیرنار/قصیده النپر من بودلیر الی ایامنا/ترجمه:د.زهیر مجیدمغامس/مراجعه: د.علی جواد اهر/ دارالمامون للترجمه والنشر/بغداد-١٩٩٣

٢-الدکتور عبدالغفار مکاوی/پوره الشعر من بودلیر الی العصر الحدیپ/الجز الاول، الدراسه/ الهیئه المصریه العامه للکتاب/١٩٧٢

## شیعرییەت

حەمە کەریم عارف

شیعر، بۆ خۆی دنیایەکی ئەفسووناوی نائاساییە و، هەڵبەتە نائاسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی. شیعر زۆر دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی بەشەردا دەگونجێ و گۆنگی و ئاڵۆزییەکی فیلیڤانی ئەوتۆی تیایە کە لە تەبعی جێوەیی و ناجێگیری بەشەر دەچێت. بۆیە لەوەتای بەشەر پەیدابووە، شیعریش پەیدابووە، واتە بەشەر وشیعر هاوتەمەنن و شیعر پێش ئەوەی وشە کەشف بکات ولەودا خۆی بنوێنێ، لە خەیاڵ وخەیاڵدانی بەشەردا هەبووە.. ئیدی بەشەر هەم مومارەسەی کردووەو هەم تەنزیری بۆ کردووە... تەنزیر پتر بۆ ئەوە بووە هەندێ کۆدی ئێستاتیکی بداتە خوێنەر تا لەزەت لە دەقە شیعرییەکە وەربگرێت و لەگەڵیا ئاوێتە ببێت.. بۆیە شاعیری باش، دەبێ پاشخانێکی

ڕۆشنبیریی ڕەخنەوانی، ئەوتۆی هەبێ کە هیچی لە پاشخانی ڕۆشنبیریی شیعریی کەمتر نەبێت – کە ئەمە لەلای زۆربەی شاعیرانی کورد بەدی ناکرێت – بۆ ئەوەی لە عۆیەی ئەم کارە بێت... ئیدی دەقی هونەری وفیلیڤانی پێویستی بە ڕەخنەگری هونەرمەندە، ڕەخنەگرێک کە دەقەکە بەدەستیەوەو لەبەر دەستیا مردار نەبێتەوە، چونکە ڕەخنە تەنیا خوێندنەوە یان شرۆڤەیەکی لامسەرلایی دەق نییە، بەڵکو وەکو فکر وهزرە، بە پرسیار و لە ناو پرسیاری بەردەواما نەش ونما دەکات و.. جا لە بەر ئەوەی دەقی شیعری، بە زەرورەت فرە مانا و دەلالەتە، بۆیە خوێندنەوەی ڕەخنەیی دەقی شیعری پێویستە فرە ڕەهەند وهەمەجۆر بێ وهیچ خوێندنەوەیەکی دەق، ناکاتە دوا خوێندنەوەو خوێندنەوەی یەکجارەکی و بنجبڕ، بەڵکو، ئەگەرێکە لە ئەگەرە زۆرەکانی ڕاڤە و هیورمۆنەتیکی دەقەکە.. ڕەخنەگر دەزانێ ئەوەی دەیڵێت حوکمی حاکم نییە، حوکمی بنجبڕ نییە، بەڵکو دەربڕینی بۆچوونی خۆیەتی وتەنیا خۆی لەو بۆچوونە بەرپرسیارە، گەر پێی خۆشبێ خەڵکانێک قەبووڵیان بێ، نابێ بەوەش قەڵس بێ کە خەڵکانێکی دی ڕەفزی بکەن، تەنیا نیازپاکییەکەی خۆی بەسە، هەموو ئاوات و خۆشییەکی ئەوەیە خوێنەران بە دیقەت وبە ئینسافەوە، بیخوێننەوەوهەڵی بسەنگێنن..

بەم پێیە باشترین سەرچاوە، بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی هونەری خودی دەقەکەیە، وەکو یەکەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ، کە خوێنەر لە هەر پێشداوەرییەک دوور دەخاتەوەو ناچاری دەکات هەموو توانایەکی فیلیڤانی و ئەفراندنەوانی خۆی بۆ کەشفکردنی نهێنگە سەختەکانی لایەنە ستاتیکی و هونەریەکانی دەقەکە بەکار بەرێت و لە ناوەڕۆکی دەقەکە وردبێتەوەو لە دوا ئەنجامدا، بەگوێرەی توانا خوێندنەوەی بۆبکات... واتە ئەم جۆرە ڕەخنەیە زیاتر، سەروکاری دەگەڵ وزە گوزارشتەوانیەکانی ئەم یەکە زمانەوانیەدایە کە وەکو بونیادێکی هونەری و بەگوێرەی قووڵی و مەندییە ستاتیکی و فیلیڤانیەکەی، بە هەردوو باری نەرێنی و ئەرێنی کار لە خوێنەر دەکات..

هەڵبەتە شیعری مودێرن، دەمێکە پێوەرە کۆنەکانی بەزاندووە، بۆیە دەبێ، بە پێوەرێن ڕەخنەیی تازە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و بێتە خوێندنەوە وزیاتر بایەخ بە شیعرییەت و هونەرییەتی دەقی شیعری بدات نەک بە گوتاری شیعری و ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی شیعر، کە لە بنەڕەتدا ئەرکی شیعر نین و بە نەهەق لێی بارکراون.. چونکە مانا لە گەڵ دەقا و بەدەق و لە ناو دەقا چێدەبێت وشیعرییەت پەیدا دەکات، بۆیە خودی دەق سەرچاوەی یەکەم و هەرە گرینگی ڕەخنە و هەر خوێندنەوەیەکی جدی و هیرمۆنەتیکییە. جا بەحوکمی ئەوەی دەقی شیعری یەکەیەکی هونەری تایبەتیە، کەشفکردنی نادیارە، خوڵقاندنی زەمینەیە بۆ پرسارێن بەردەوام، فەراهەم کردنی دەرفەتە بۆ پەیدابوونی شێوازێن تازەی گوزارشت، بەزاندنی باو وباویەتە، بۆیە هیچ پێشداوەرییەک نایەتە

خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن، دەقی شیعری زیاتر لە خەمی جیاوازی دایە، لە جیاوازیدا ناسنامەی خۆی پەیدا دەکات، وخۆی لە هەر سەتحیەتێک دەپارێزێت و ڕەنگە هیچ ژانرێکی هونەری، وەکو شیعر، بە ناخی ئینساندا ڕۆنەچێ و گوزارشت لە کرۆک و جەوهەری مرۆڤانی شاعیر نەکات، بۆیە شیعری ڕەسەن ومۆدێرن لە ناخی وەرگردا، دەنگدەداتەوەو ئۆخژنێکی ئیستاتیکی وفیلیڤانی لە دڵ و دەروونی دەگێڕێت.. واتە لێرەدا زیاتر تەکەز لە شیعرییەتی دەقی شیعرییە. شیعرییەت واتە دوورکەوتنەوە لە هەر گوتارەوانیەکی ڕاستەوخۆ و ئامادە، گێڕانەوە وخەبەر بەخەمی خۆی نازانێ، بەڵکو لە میانی هاماجێکی خەون ئامێزەوە، لە میانی هاماجێکی ئیحا ئامێز و ئیلهامبەخشەوە ئاسۆیەکی پڕ وێنەی ئەوتۆ لەبەر دەم خوێنەر دەکاتەوە، مەگەر هەر خەیاڵ تەی بکات و پەی پێبەرێ، شاعیری مودێرن، تینوویەتی بە دەقی داخراو ناشکێت، بۆیە خەمی هەرە گەورەی دەقی کراوەی بارگاویە بە فرە ئیمکاناتی بێ پایان، دەقێک کە خۆی یاسا وڕێسای خۆی بەرهەم بێنێت و دەورو مانای شیعر بگۆڕێت، وئەمەش سەر دەکێشێت بۆ گۆڕانی زمان، کە لە سەردەمی مودێرنەدا تەوەری شیعر بوو بە خودی شیعر، ئیدی شیعر بوو بە باڵاترین و خالیسەترین دیاردەی ئەدەب، ئەوپەڕی ئازادی بەخۆی دا کە گوزارشت لە خەیاڵ بکات، بەناخی دەروونددا ڕۆبچێت و نهێنگەکانی ناخودئاگا تەی بکات، ئیدی ئەم گۆڕانکارییە لەو زمانەشدا ڕەنگیدایەوە کە ڕەخنەگران و خودی شاعیرانیش لە باسی شیعردا بەکاریان دەبرد... هەموو زمانێک وزەو ئەنەرژییەکی شیعرییانەی ڕیتمەوانی پەنهانی تیایە، شاعیر دەبێ نەک هەر ئەو وزە پەنهانە بدۆزێتەوە بەڵکو دەبێ بە جۆرێ بیتەقێنێتەوە کە کەون و گەردوونێکی شیعری جیاوازو ناباو بخولقێنێ... یانی شاعیر لە سەریەتی ماکە شیعرییەکەی زمانیش بدۆزێتەوە... نابێ دەوری وشە فەرامۆش بکرێت، چونکە شیعری مودێرن وتازە بە فکر دروست ناکرێت، بەڵکو بە وشە دروست دەکرێت، واتە شیعری تازە بەڕادەیەک پشت بە وشەێن ئیحابەخش ی فرەمانا و فرە دەلالەت دەبەستێ و وزە و توانا لەبن نەهاتگ و بێ پایانەکانی زمان بەجۆرێ دەتەقێنێتەوە کە دەبێت بە ناوەڕۆک وفۆرم و خودی شیعرەکە، گونگی و ئاڵۆزی شیعرەکە، کە دیاردەیەکی شیعری تازەیە، لێرەوە پەیدا دەبێت.. شیعری مودێرن، ئەوەندەی سەروکاری دەگەڵ زمانی خولقاندندایە دەگەڵ زمانی گوزارشت و دەربڕیندا نییە. شاعیر لە خەمی ئەوەدا نییە گوزارشت لە شتێک بکات، بەڵکو لەخەمی ئەوەدایە بەشێوەیەکی تازە شتان بخولقێنێ. خۆ ئەگەر بە لامسەرلایی بڕوانیتە وشە، دەبینی مانایەکی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام کە دێتە ناو دەقی شیعرەوەو شیعرییەت پەیدا دەکات، ئیدی قۆناغی تاک مانایی خۆی بەجێدێڵێت ودەچێتە قۆناغی فرەمانایییەوە. دۆخی تازەبوونەوەو گەشانەوەو ژیانێکی تازە وەردەگرێت و بەڕادەیەک دەگەڵ شاعیردا ئاوێتە دەبێت، کە شاعیر دەگاتە حاڵی فەنابوون لە وشەدا، ئەم دەبێ بەو و ئەو دەبێ بەم.

واته شاعیر وەکو ئاماژەمان کردێ، دەربارەی شت نانووسێت، بەڵکو خودی شتەکە دەنووسێت و دەخوڵقێنێ.. زمانی شیعریی، هێندەی زمانی کەشفکردن و نیشاندانی ڕازە دەروونییەکانە، هێندە زمانی وتن و لێکدی حاڵی بوون نییە. زمانی وشە نەک زمانی داخۆیان. ئیمکان و ئەگەرەکان کەشف دەکات، بۆیە وشە بە شێوەیەکی تازە دیتە بەکارهێنان، بەشێوەیەکی شیعریی تازە، لە ناو پرۆسە شیعرییەکەدا بە دەلالەت و سەرۆ و سروشی تازە چارچ و شەحن دەبێت و بە هیچ فۆرم و قاڵبێکی ئامادە و داخراو و تەقلیدی قاییل نابێت و لە خەمی بەرهەمهێنانی جیاوازی و کرانەوەی بێ پایاندایە... و شتێک نیشاندەدات، زۆر لە سەرووی وتنەوەیە. ئیدی زمان دەبێ بە بەها و لەوە دەردەچێت ئەوزار بێ، لە باوییەت دەرباز دەبێ و جەوهەر وکرۆکێکی روحی و باتینی پەیدا دەکات و لە کەینوونەیەکی ئەفراندنەوانی زندوودا فەنا دەبێت. یانی پەیڤ و وشە وزەو ئیمکاناتێکی ئەفسووناوی کاریگەر وئیحابەخشی زیاتر لە فکری هەیە. شیعری تازە (مودێرن) بە هۆی خوڵقاندنی تازەو بەردەوامی زمانەوە، لە ڕێگەی ڕوخاندنی هاوئاهەنگی زمانەوە، لە ڕێگەی شکاندنی دەستوورەکانیەوە، لە ڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندی باوی زمانەوە پەیدا دەبێت. واتە لەم حاڵەتەدا شێواز بۆخۆی و لە خۆیدا دەبێت بە ئامانج و مانا و تیمە و ئەنگێزە و نێوەڕۆکە شیعرییەکان لەودا و لە پشت ئەوەوە پەنهان دەبن.. بەم پێیە نە زمان جیایە لەو شتەی دەیڵێت و نە شتە وتراوەکە لە زمان جیایە، کەواتە فۆرم و ناوەڕۆک لە هەر بەرهەمێکی شیعری ڕاستەقینەدا، جیانین و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەڕادەیەک یەکانگیر و ئاوێتەن کە لێکدی جیاناکرێنەوە. هەڵبەتە یەکێک لەو گلەییانەی کە ڕوو بە ڕووی شیعری مودێرن دەبێتەوە، گۆنگی و ئاڵۆزییەکەیەتی، زمانی شیعری تازە، زمانێکی ڕوون و ئاسانفام نییە و خوێنەر بەدەستیەوە گیرۆدە دەبێت، نە بە ئاسانی تێیدەگات و نە بە ئاسانی زەوقی لێوەردەگرێت، چونکە لە تێگەیشتنی ئاسایی دەردەچێت و دەگاتە ئاستێک کە وشە ڕەسەنایەتی وبەرائەتی ئەسڵی خۆی وەردەگرێتەوە و لە ناو دەقی شیعریدا عەینی چەخماخە پرشنگێک دەدات و بەرە بەرە لە بێدەنگی نزیک دەبێتەوەو خۆی ئامادە دەکات کە بە زمانی بێدەنگی، نەگوتەنییەکان بڵێت... کەواتە گۆنگی وئاڵۆزی و تەمتوومانی شیعری تازە، زادە وبەرەنجامی تەبیعەت و خودی دەقە شیعرییەکەیە، کە زیاتر سەروکاری دەگەڵ نادیار وکەشفکردنی نادیارە بە سامەکاندایە وئەم مژ و دوومانە، مژو دوومانی فیلیڤانییە ولە گەل پرۆسە شیعرییەکەدا دروست دەبێ وسیحر وهەیبەتێکی ئیستاتیکی پێدەبەخشێت... شیعری تازە دنیایەکی فرە مەودا وفرە ڕەهەندە، دەریایەکی بەپێل وشەپۆلانە، شەپۆل شەپۆل دەخواتەوە، واتە شیعری مودێرن، ئەرکێکی یەجگار قورس وغەریب بە ملی زماندا دەدات، ئەویش ئەوەیە کە هەم مانا بنوێنێت وهەم بیشارێتەوە.. واتە ئاڵۆزی فیلیڤانی، دەقی شیعری، لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی زمان کە گوێزانەوەو گەیاندنە دادەبڕێت، لە نیمچە بۆشاییدا

هەڵیدەواسێت، تا خوێنەر هەوڵبدات زیاتر لێی نزیک ببێتەوە، ئەو دوور دەکەوێتەوە، بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ڕستەی کراوەو ئیحایی تیادا زاڵە.. ئیحای شیعرەکە لەو توانا حسی و هەستەوانیانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زمانەکەدا پەنهانە..

هەڵبەتە ڕوونبێژی و زەلالی خەسڵەتێکی ئاسایی و سروشتی شیعری وەسفکاری یان چیرۆکڤانی یان سۆزداری خالیسەیە، چونکە مەبەستیەتی گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو یان لە ڕەوش ودۆخێکی دیاریکراو بکات، بەڵام لە شیعری تازەدا، ئەم مەبەست و ئامانجە بەدی ناکرێت وجێی نابێتەوە، شاعیر بیرۆکەیەکی ڕوون و خۆیای مەبەست نییە، بەڵکو لە حاڵەتێکەوە دەست پێدەکات کە خۆیشی بە تەواوەتی نازانێ چییە ودەگاتە کوێ، ئەوەندە دەزانێ ڕێگاکەی دوورەو مەنزڵی کوێستانی شیعرە. هەڵبەتە گۆنگی فیلیڤانی، ئەوە نییە شاعیر بێت بەڕادەیەک گەمە بەزمان بکات کە هەر هەستیاری و چڕە دەلالەتێکی لێداماڵێ و بێ توانایی هونەری و شیعری خۆی بشارێتەوە، بەڵکو ئەوەیە وێڕای چڕیەکەی و ئاڵۆزییەکەی، جیهانبینی یەکی قووڵ و سۆز وگودازێکی شیعریانەی ئەوتۆ بنوێنێ، کە بە سیحرو ئەفسوونی خۆی ڕامانکێشێت، وئاوێتەی ببین و بە هەست بیخوێنینەوە با بە تەواوەتی لە شیعرەکەش نەگەین، ئیجا و سەرۆی شیعرەکە لەو توانا حسی وهەستەوانیانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زمانەکەدا پەنهانە.

جا بەم پێودانگە خوێندنەوەی شیعری تازە، بە حوکمی ئەوەی شیعری تازە دەکاتە دەقێکی کراوە، دەبێ خوێندنەوەیەکی کەشفکاری داهێنەرانە بێ و بە خوێندنەوەی تەقلیدی نایەتە فامکرن وخوێنەری ئاسایی بە ئاسایی وئاسانی تەفاعولی دەگەڵدا ناکات، چونکە شیعری تازە وەکو چۆن ئاسۆ ودنیای تایبەتی خۆی دەخولقێنێت، بەو ئاوایە خوێنەری خۆیشی دەوێ، خوێنەر وەختێ دەقێکی شیعری تازە دەخوێنێتەوە، خۆی لە ناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵ و پڕ ڕەمز وڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قابیلە ئەگەر بەلەزەتێک یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکیەوە بێتەدەرێ... یانی خوێندنەوە لەم حاڵەدا دەبێت بە پرۆسە و ئەوزاری کەشف وکەشفکاری وسەروکار دەگەڵ پەیوەندییە کەشفکارییەکاندا پەیدا دەکات.. کە ئەمە لە کۆتایی نایەت، چونکە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێک دەگۆڕێت، لە لای یەک خوێنەرش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی دەگۆڕێت، چونکە ئەم جۆرە دەقە کراوانە، سەروکاری دەگەڵ یەقیندا نییە، بەڵکو سەروکاری دەگەڵ ئەگەرانی کراوەدایە. دەقێکە لە گەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوەو ئەمە تەبیعەتی هەرکارێکی شیعریی داهێنەرانەیە و، بەخوێندنەوەی سەرڤەسەرڤە ولامسەرلایی نایەتە درک کردن وفامین، بەڵکو دەبیت خوێندنەوەی ئەستوونی قووڵی بۆ بکرێت و، خوێنەر بە قولایی ڕۆشنبیریی و مێژوویی دەقەکەدا ڕۆبچێت و وەکو نوقموانێکی لەزەبر و بەتوانا لە قولایی

هەرە قووڵی دەقەکەوە، بایەخ و دەور و بەهاکانی دەق دەربێنێ کە هەر ئەوەش زامنی مانا دینامیکیەکەی دەقە... بەم پێیە دەقی فیلیڤانی پرۆژەیەکە نووسەر دەیەوێ خوێنەر بخاتە ناو پرۆژەیەکی دەلالی دینامیکیەوە، نەک مەبەستێکی فیکری یان سیاسی ئاسانفامی بخاتە بەردەست و لە سەر خوێندنەوەی سەرڤە سەرڤە ڕایبهێنێ و تەمەڵی بکات، چونکە دەقی فیلیڤانی (ابداعی) وەڵام نییە، بەڵکو گازی (نداء) و پرسیارەو خوێندنەوەی دەکاتە دیالۆگ دەگەڵیا، ئەم جۆرە دیالۆگەش جۆرە توانایەکی ئەفراندنەوانی دەخوازێ، بۆیە لێرەدا خوێنەریش دەچێتە خانەی داهێنەرانەوەو قوڵایی دەق دەدوێنێ، دەلالەتە دینامیکیەکانی دەدۆزێتەوە و تەفاعول دەگەڵ سرووش و سەرۆ و ئیحاکانیا دەکات، بەم پێودانگە خوێندنەوەی داهێنەرانە، دەکاتە جۆرە دیالۆگێک لە نێوان خوێنەر ودەقدا، ئیدی خوێنەر دەبێ بەلایەک لە لایەکانی هاوکێشەی داهێنان، نەک وەرگرێکی ئاسایی کە لە هەر دەقێک حاڵی نەبوو، خەتایەکە بخاتە ملی دەقەکە وکەڕەتی سفری بکات، لەم حاڵەدا خوێنەر دەبێتە خوێنەرێکی بەکاربەری دەق، نەک شەریک لەبەرهەمهێنانی دەقدا، دەبێتە خوێنەرێکی سەرڤەسەرڤەی دەقکوژ... خوێندنەوەی تەقلیدی، شیعری نا تەقلیدی دەکوژێت... جا خوێنەر بۆ ئەوەی لە شیعری تازە تێبگات و لەزەتی ئیستاتیکی لێببینێت، پێویستە توانای وێناکردنەوەی حاڵەتە شعوری وخەیاڵی وفیکرییە پەنهانەکانی دیوی پشتەوەی دەقەکەی هەبێت ورۆشنبیرییەکی شیعریی دەوڵەمەندی ئەوتۆی هەبێت، کە بتوانێ هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی بۆ دەقەکە بکات. واتە دەبێ بیر وبۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی لە خودی دەقەکەوە هەڵێنجێت، نەک بە زنجیرە پێوەروپێوانەیەکی پێشوەختە و کلێشەییەوە، مامەڵە دەگەڵ دەقە شیعرییەکەدا بکات، ئەگەر دەگەڵ پێوەر و پێوانەکانی ئەودا تێکی نەکردەوە، ئیدی ڕەفزی بکات وکەڕەتی سفری بکات!.. چونکە جوانی دەق، لە ناوەڕۆکە هزرییەکەیا نییە، بەڵکو لە هونەریەتە گوزارشتەوانیەکەیدایە، لە چی وتنەکەیا نییە، بەڵکو لە چۆن وتنەکەیدایە... خوێنەر هەقە بە نەفەسێکی دیموکراتیانەوە مامەڵە دەگەڵ دەقدا بکات... چونکە دەق کە لە نووسەر دەرچوو ئیدی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر ودەبێ ئەوە بزانێت کە شیعری تازە بە هەمان پێوەرێن شیعری ئاسایی وتەقلیدی نایەتە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە..

***

وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ، خوێندنەوەی خەلاق وداهێنەرانە ئەوەندەی بایەخ بە هونەریەتی گوزارشتەوانی دەق دەدات، ئەوەندە گرینگی بە ئەرک و بابەتی شیعر نادات... بۆیە خوێنەری تازە ناپرسێت ئەم شیعرە چی دەگەیەنێ؟ بەڵکو خولیای ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەم شیعرە چ پرسیارێک دەهاڕوژێنێت، چ ئاسۆیەک دەکاتەوە؟ ئیدی شیعری تازە لەوە دەردەچێت ئەرکێکی دیاریکراوی هەبێ، بەڵکو بەزەبری ئەو پرسیارە زۆر و چڕە خەیاڵانەی لە ناخ ولە

خەیاڵدانا دروستی دەکات، دەکاتە کارێک کە بە سەر مرۆڤ و واقیعدا بکرێینەوەو هەرجۆرە کۆیلاندنێکی مرۆڤ و لە قاڵبدانێکی واقیع ڕەفز بکەین و... شیعری تازە، زۆرمەندەو ناچێتە ژێر باری هیچ ئەرکێکی دیاریکراو، چونکە لەو حاڵەدا لە شیعرییەت، لە هونەرییەت دەکەوێت و زیاتر شەقڵی وتاری فێرکاری وتەبشیریەت وەردەگرێت – کە ئەمە ئەرکی هزرە – ولە هونەریەت و ئیستاتیکای شیعر دوور دەکەوێتەوە.. جا شیعری تازە بە حوکمی مەندی شیعرییەتی خۆی و لەبەر ئەوەی زمانەکەی زمانی گەیاندن و لێکدی حاڵی بوون نییە، بەڵکو زمانی ئیحا و ڕەمز و ڕازە، زیاتر زمانی نیشاندانە نەک وتن، وشە بە جۆرەها دەلالەت بارگاوییە، خوێنەری کەمە و زیاتر خەڵکی بژاردە ڕووی تێدەکەن.. بۆیە خەمی شاعیری داهێنەر ئەوە نییە بۆچی یان بۆ کێ دەنووسێت، بەڵکو خەمی گەورەی ئەوەیە چۆن دەنووسێت؟ واتە خەون و خولیای داهێنان بە سەریا زاڵە وپێی وایە شیعری تازە بەخۆی خوێنەری خۆی پەیدا دەکات..


بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

1 - ڕاوە مەحاڵ، چەند پەیڤێک دەربارەی شیعر و شاعیری/ حەمە کەریم عارف / ناوەندی سارا، سلێمانی/ ٢٠١٩.

2 – علاقة النقد بالابداع الادبی / منشورات وزارة الثقافة فی الجمهورية العربية السورية / دمشق ١٩٩٧.

3 – شعر و اندیشه / داریوش آشوری /نشر مرکز، تهران / ١٣٧٧.

4

## خەمی داهێنان شەرتە

ن: حەمە کەریم عارف

نووسەر ناونیشانێکی (وێرانە ماڵ) بۆ دەقەکەی هەڵبژاردووە، کە ڕاستەوخۆ، وەکو چەمک ومانا خۆی بە دەستەوە دەدات. وێرانی ومالکاولی و کارەسات نیشاندەدات وکونجکاوی خوێنەر تەواو سست دەکات، جگە لەوەی یەکسەر ناونیشانی شیعرەکەی ت. س ئلیوت (وێرانەخاک) وەبیر

دێنێتەوە، لە کاتێکا نووسەر دەیتوانی، هەرلە دەقەکەوە جۆرەها ناونیشانی دیکە هەڵبژێرێت، کە کونجکاوی خوێنەر بهاروژێنێ وکەڵکەڵەی پەیگیری زیاتری ڕووداوەکانی لەلا دروست بکردایە، ئەم ناونیشانە زەقانە وەکو دەرگای ژوور وایە، ئەگەر دەرگاکە لە سەر گازی پشت بێ، ناو ژوورەکە بە دەرەوە دەبێ و هیچ کونجکاویەک لەلای بینەر ناوروژێنێ تا بزانێ ژوورەکە چی تیایە وچی تیا نییە، بەڵام ئەگەر دەرگای ژوورەکە داخرابێ یان بە ئاستەم کرابێتەوە، هەستی کونجکاوی لە لای بینەر دروست دەکات، هەڵبەتە ناونیشان لێرەدا و بۆ ئەم دەقە کە دەکاتە دەرگای دەقەکە، لە سەر گازی پشتە، بۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە نووسەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەدا سەرکەوتوو نەبووە.

***

هەر لە یەکەم لاپەڕەوە شوێن، ئاشکرا دەبێت کە دەریای ئیجە و تۆران و تووڕەبوونی دەریای ناڤبرییە.. ئیدی لەوێوە ولە میانی زەین وخەیاڵی گوتیارەوە (نووسەر) شوێنەکانی دی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەدەم ڕەوتی دەقەکەوە، بەرجەستە دەبن، دیارە دابڕانی کات یان شوێن، فرەدەنگی، مەنەلۆگ بەشێکن. لە تەکنیکی ڕۆمانەوانی تازەو، نووسەر، تا ڕادەیەک سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە.. هەڵبەتە لە ڕۆمانی تازەدا، بە مەبەستی بەلوەرەکردن، بەرجەستەکردنی ڕووداو، پەنا بۆ ئوتموسفیر وهاماجێن پچڕپچڕ دەبرێ نەک بۆ ئوتموسفیر وهاماجی زنجیرەیی، چونکە واقیع، لەشێوە مێژووییەکەیدا نایەتە بەرجەستە کردن، بۆیە دابڕانی کات، یان کاتی پچڕپچڕ و کۆلاج کراو زیاتر دەسەڵاتی بە سەر بەرجەستە کردنی واقیعدا دەشکێت، ڕاناوی یەکەم کەس، کە لە ڕۆمانی تەقلیدیدا زۆر پەسند نییە، زیاتر گوزارشت لە کاراکتەر وگۆشەنیگای کاراکتەر دەکات.

گۆشەنیگا، شێوازێکە کە نووسەر لە ڕێگەیەوە، پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە بە هەموو کەرەستە و ڕەگەزەکانیەوە نیشانی خوێنەر و وەرگر دەدات و پەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە نیشان دەدات. گۆشە نیگاش یان دەروونی یان بێرونییە.. لە گۆشەنیکای دەروونی (داخلی)، گوتیاری چیرۆک (گێڕەرەوە) یەکێکە لە کاراکتەرەکانی چیرۆک وچیرۆکەکە، لە ڕێگەی یەکەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە. ئەگەر گوتیار، کاراکتەری سەرەکی چیرۆک بێ، گوتیاری – قارەمانی پێدەگوترێ، ئەگەر کاراکتەر لاوەکی بێ گوتیاری – چاودێری پێدەگوترێ، لە گۆشەنیگای دەروونیدا، سوود لە هەموو شێوەکانی مەنەلۆگ وەردەگیردرێت..

جا لەم دەقەدا، گوتیار، گوتیاری قارەمانە وڕووداوەکان لە ڕێگەی کەسی یەکەمەوە دێتە گێڕانەوە، بەڵام بە نەفەسی کاراکتەری هەمووشت زان ڕەفتار دەکات، کە سەر بە گۆشە نیگای بێرونییە، لەم حاڵەدا، حاڵی گۆشەنیگای بێروونی، نووسەر یان گوتیار دەچێتە پێستی یەک بە یەکی کاراکتەرانی چیرۆکەکەوەو تایبەتمەندی دەروونی وئەخلاقی و هەست و بیروکار وکاردانەوەکانیان بە وردی شەرح و شرۆڤە دەکات و لە ڕابردوو، ئێستا و ئایندەیان بە ئاگایە، بۆیە بەم گۆشەنیگایە دەوترێ گۆشەنیگای گوتیاری هەمووشت زان.. وادیارە نووسەر لەمە غافڵەو ئەو دوانەی پێ جیا نەکراوەتەوەو تەواو لە شێوازی ڕۆمانی تازە دوور کەوتووەتەوە کە زەمینە بۆ خوێنەر خۆش دەکات، بە خەیاڵی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتوون.. ئەمەش بە تەواوەتی بونیادی هونەری دەقەکەی لاواز کردووەو وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری نایەتە بەرچاو..

بۆیە بە مەبەستی پڕکردنەوەو گرتنی ئەم کەلێنە، گوتارە ڕۆمانەوانیەکە، لە سەرەتاوە بە سەر چەند یەکە وناونیشانێکدا دابەشکراوە کە زیاتر دەشوبهێتە سەر دابەشکردنی شیعر بە سەر کۆپلاندا و بۆیە ڕاناوی یەکەم کەس زاڵە و هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی دیکەی خستووەتە ژێرەوە و ئەگەر بە ئاستەمێک بێنەناسین، لە میانی زەینی ئەوەوە دێنە ناسین ولە خزمەتی ئەودان، کە ئەمە زیاتر لە چیرۆکی کورتدا باوە، نەک لە ڕۆماندا، بە تایبەتی ڕۆمانی تازە، چونکە ڕۆمان زادەی سەردەمی سەرهەڵدان وپەیدابوونی دیموکراتیەتە، بۆیە دەبێ مامەڵەیەکی دیموکراتیانەی لەگەڵدا بکرێ..

بە هەرحاڵ لەم دەقەدا جۆرە خۆ کاوێژکردنەوەیەکیش بەدی دەکرێت، بەتایبەتی دەریای ئیجە و، تۆران وتووڕەبوونی دەریاکە وشەپۆلەکان و.. هەمان ئەو دیمەنانەن کە لە دەقێکی دیکەی نووسەردا بە ناوی (گۆڕی غەریب) هاتوون، دیمەنە ترسناکەکان، زیاتر لە دەرێ را وەسف کراون وبە زمانێکی شاشی ئاسۆیی ئینشایی هاتووەتە گێڕانەوە، نەک بە چڕە زمانێکی ئەستوونی خەیاڵئەنگیزی ئەوتۆ کە خوێنەر لە واقیعەوە بۆ دنیای خەون و خەیاڵ بەرێت و ئاسۆی دەقەکە بە سەر دەلالەتانی جۆراوجۆردا بکاتەوەو خوێنەر لە ڕێگای چڕە زمانە ئیحاییەکەوە، پەی بە لایەنە نادیار وپەنهانەکانی دەقەکە بەرێت وخوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ تێکڕای دەقەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، لە سەر ڕۆبنێ.. هەر ئەمەش کردوویەتیە کارێک، ببێت بە دەقێکی داخراو.. زمان لە وەسف وئینشائیەت بارکراوە، لە کاتێکا دەبێ لە دەلالەتان باربکرێ.. زمان بۆ خۆی و لە خۆیدا ڕەگەزێکی کەلتووری یەجگار گرینگە، بۆیە ئەگەر بگوترێ ئەدەب چڕە وێنەیەکی زمانە، یان بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمانە، هیچ نابێت بە زێدەڕۆیی، بۆیە زمانی ئەدەب دەبێ فرە ڕەهەند

و زندوو ونیگەرانی ساز وپرسیار وروژێن و خەیاڵ ئەنگێز بێ و بە شێوەیەکی ئەستوونی بە دەقدا ڕۆبچێت..

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زمان ونووسینی هونەری ونووسینی خەبەری ڕۆژنامەوانیدا هەیە.. نووسینی خەبەری وراپۆرتەوانی کاری ئەدەبی دەخاتە داوی سادەنووسی فێرکارییەوە.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، بێی وبە ئانقەست وبە ناوی داهێنانەوە پەنا وەبەر گۆنگنووسی وئاڵۆز نووسیی بەرێت، کە ئەم حاڵەتە لە هەندێ هەوڵی ڕۆماننووسی کوردیدا بە زەقی دەبینرێ کە بە بۆچوونی بەندە زیاتر هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی بێ بەهرەیی و بێ توانایی نووسەرەکە و نووسەر بە دەم خۆ کاوێژکردنەوەوە دەکەوێتە داوی هەرزەوێژی بۆش وبەتاڵەوەو دیمەن و ڕووداوەکان و تێکڕای پرۆسە بە ناو فیلیڤانیەکە، نەک ژیانی هونەری پەیدا ناکەن، بەڵکو مردار دەبنەوە.. لە کاتێکا هونەر گەڕانە بە دوای ڕەسەنایەتی و دۆزینەوەی ناسنامەی تایبەتیدا. ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی قووڵی هونەرییەوە بۆ واقیع، هەڵبەتە بە کۆمەکی خەیاڵی ڕەسەن، خەیاڵێک کە شەقڵ و مۆرکی ئەفسانەیی بە ڕۆمانەکە ببەخشێت و بابەتەکە بگۆڕێ بۆ هەست. لەم دەقەدا، ژنەکە و کچە حەوت ساڵانەکەی، هەوێنی ڕووداوەکەن وئەوان و خنکاندنەکەی ئەوان، لە دەقەکە دەربێنی شتێک نامێنێ بە ناوی دەقەوە، کەچی ئەوەندە بێ نموودن، بێ دەنگ و بێ ڕەنگن لە نرخی نەبوودان، نووسەر تەنانەت ناوێکی ئاسایی پێ ڕەوا نەدیتوون، لە کاتێکا ئەم دووانە بیانوون بۆ گێڕانەوەی تێکڕای ڕووداوی دەقەکە.. یان بەڕێوەبەری کەمپی پەناهەندەییەکە، ئەویش گومناوە! لە کاتێکا کاراکتەری ئەدەبی، دەبێ نموود وکەسیەتیەکی هونەریی هێندە قووڵی هەبێ کە بوونی خۆی لە زەینی وەرگردا بسەپێنێ.. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ لاوازی خوێندنەوەی هونەریی نووسەر.

***

زمان لە دەقی ئەدەبی ورۆماندا هێندە گرنگە، ئەگەر بڵێین ڕۆمان دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان، ڕەنگە نەکاتە زێدەڕۆیی. زمان، گوتار وپەیامی ڕۆمان و ڕەگەزەکانی دیکەی وەک گرێچن و پلۆت و کاراکتەر و گێڕانەوەش بەرجەستە دەکات.. بۆیە زمان تا فرە ڕەنگ و ڕیتم بێ، فانتازیا ئامێز وفرە ئاست بێ، زیاتر خزمەتی نەشونما وگەشەی بونیادی هونەریی دەق دەکات و لە ڕووی فیلیڤانیەوە دەوڵەمەندی دەکات.. ڕۆمانی تازە کەمتر خۆی لە زمانی گوتیاری هەمووشت زان دەدات و بایەخ بە پولیفونی و ڕۆمانی فرە دەنگ دەدات و نووسەر کەمتر خۆی لە ڕووداوەکان هەڵدەقورتێنێ و لە ڕێگای بونیادی کراوەوە خوێنەر دەکات بە شەریک لە کۆی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەدا.. بە هەرحاڵ ئەنجام ئەو توانا فیلیڤانیە شەرتە کە دەتوانێ کارە هونەرییەکە بگەیەنێتە وەرگر.. هەڵبەتە ڕۆمان تەنیا لەزەت نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەعریفەشە،

ئەوزارێکی باشە بۆ کەشفکردنی واقیع، بۆیە ڕۆمان چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی هەر دەچێتەوە سەر واقیع وتەنانەت ڕیالیزمی جادووییش بە مانای دابڕان لە واقیع نییە، بەڵکو شێوەیەکی بەرجەستە کردن ونیشاندانی واقیعە بە هەموو هەڤدژییەکانیەوە. کەچی، لەم دەقەی لەمەڕ ئێمەدا، زمان، زۆر سادە وئینشایی و وەسفی یەکهاوی و یەکنەوایە، زیاتر زمانێکی ڕۆژنامەیی نوچەوانی و، تاک ئاست وئاسۆیی ڕەهەندە، لە سەرانسەری دەقەکەدا ئەوەندەی وتن زاڵە، نیشاندان کە مەرجی هونەری باشە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی تازەدا، زاڵ نییە و بگرە لە هیچ ڕۆخێکەوە دیار نییە.. نووسەر – گوتیار، بە جۆرێ زمانی دەقەکەی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، دەرفەتی بۆ هیچ کاراکتەرێکی دی نەهێشتووەتەوە، بە زمانی خۆی گوزارشت لە خۆی بکات، ئەوەتا گوتیار قسەکانی کچەکەی بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت:- : "بابە مەچۆ بۆ شەڕی داعشە سەربڕەکان کە سەدان ساڵە چەقۆ وشمشێر بە ملماندا دەسوون، مامۆستا چا و ودڵ و هەڵۆکەشم هەر وا دەڵێ. " هەڵبەتە هەر خوێنەرێک هەست بەوە دەکات کە ئەم قسە گەورەیە هی منداڵێکی حەوت ساڵان نییە، نووسەر بە خورتی ئەوی کردووە بە بیانوو بۆ ئەو قسەیە و بەم کارە ڕێی لە بەرجەستەبوونی فرەئاستی زمانی دەقەکە گرتووە، کە فرە ئاستی زمان یەکێکە لە سیما وتایبەتمەندییەکانی ڕۆمان.. هەڵبەتە لە کەس شاراوە نییە کە کاراکتەری ئەدەبی دەبێ نموود و شەخسیەتێکی هونەری هێندە قووڵی هەبێت کە بوونی خۆی لە زەین و یادگەی وەرگردا بسەپێنێ، کەچی ئەم کاراکتەرانە ( دایک و کچەکە) وێڕای ئەوەی کە بێ نموودن و تەنانەت ناوێکی ئاساییان پێ ڕەوا نەبینراوە، دەنگ و زمانیشیان نییە، نە بە زندووییەتی و نە بە مردووییەتی دەرفەتیان نەدراوەتێ، زار هەڵێنن و گوزارشی لە خولیا مرۆڤانیەکانی خۆیان بکەن. کە ئەمەش بووەتە مایەی زندە بەچاڵکردنی فرەدەنگی وفرەئاستی زمان.. وا دیارە نووسەر لەوە غافڵە هەرچەندە کاراکتەر ئافەریدەی زەینی نووسەرە، بەڵام لە میانی ڕەفتار وگوفتاری خۆیەوە، دێتە ناسین و لە ناو پرۆسە فیلیڤانیەکەدا و بە دەم نەشونما وگەشەکردنی کارە هونەرییەکەوە خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت و ناسنامەی خۆی پەیدا دەکات..

***

.. نووسەر وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ گوتارە ڕۆمانەوانیەکەی لە سەرەتاوە بە سەر چەند یەکە وناونیشانێکدا دابەش کردووە کە زیاتر دەشوبهێتە دابەشکردنی شیعر بە سەر کۆپلاندا.. لە یەکەی: " خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان "دا، لە ناکاوا جۆرە گۆڕانێک لە گۆشەنیگادا دێتە ئاراوە. گۆشەنیگای دەروونی دەگۆڕێت بۆ گۆشەنیگای بیرۆنی، گوتیاری – قارەمان دەگۆڕێت بۆ گوتیاری هەموو شت زان. لە گۆشەنیگای بیرۆنی دا نووسەر هەندێجار پەنا

وەبەر شێوەیەک دەبات کە پێی دەگوترێ گۆشەنیگای چاودێری ڕاستەوخۆ، لەم شێوازەدا نووسەر وەکو کامێرا کاردەکات یان بە گوتەیەکی دی دەوری کامێرا دەبینێ.. واتە کار و کردەوە و ڕەفتاری کاراکتەرەکان وەکو خۆی و بێ لایانانە نیشاندەدات، گفتوگۆیەکانیان وەکو خۆی تۆمار دەکات وخوێندنەوە وڕاڤە وشرۆڤەی هەست وهزر وتایبەتمەندییە سایکۆلۆژی و ئەخلاقیەکانیان، بۆ خوێنەر بەجێدێڵێت، تا لە پرۆسە ئەفراندنەوانیەکەدا بەشداری بکات وبە خەیاڵی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتووە.. هەڵبەتە لەم بەشەدا باشترین دەرفەت و دەلیڤەی هونەری هاتووەتە پێشەوە کە دایک و کچەکە بهێنرێنە زمان و بەزمانی خۆیان گوزارشت لە کول وکۆڤانە مرۆڤانیەکانی خۆیان بکەن ولە لایەن خوێنەرەوە لە هەر دوولایەنی دەروونی و فیزیولوجییەوە بێنە ناسین، کەچی ڕێک بە پێچەوانەی ناونیشانەکەوە: " خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان " پەیکەرەکان، دووبارە بە بێ زمانی سەر دەنەنەوەو، ئەم بەشە بۆخۆی و بەتەنیا چیرۆکێکی سەربەخۆیە ولەکۆتاییدا، زەمینە خۆشە بۆ ئەوەی وەرگر یان خوێنەر بە خەیاڵی خۆی وبە خوێندنەوەی خۆی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتووە، بەڵام نووسەر ئەمە بە وەرگر ڕەوا نابینێ و بلەز ولە یەکەی دواترا: " جەنگەکان، دڕندەکانیان فێری کوشتار کرد" گوتیاری- قارەمان پەیدا دەبێتەوەو بە خۆی پاشماوەی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: " خۆ بینیتان چۆن دەریا جارێکیتر هیواکانی دام بە دەم شەپۆلەکانەوە.. " هەڵبەتە گێڕانەوەیەکی سادە وساکارو ڕۆژنامەوانیانەی سەرڤەسەرڤە، وادیارە گوتیار "نووسەر" غافڵە لەوەی کە کاری هونەری ئەوەندەی نیشاندانە، وتن نییە، کەچی خوێنەر لەم دەقەدا، ڕێک بەپێچەوانەوە ئەوەندەی ڕوو بەڕووی وتنە، ڕوو بە ڕووی نیشاندان نییە.. بۆ نموونە: " لە بەر خۆمەوە دەمگوت: ئەگەر لە سەر زەوی نیشتمان بمان توانیبا ئاسایی بژین، هەرگیز بڕیاری ئەوەمان نەدەدا لە دەریادا بمرین. "

بەڵام نە بە وتن و نە بە نیشاندان، هۆی ئەم نەتوانینە بۆ خوێنەر خویا نییە، ئەمە لە زۆر شوێنی تردا دووبارە بووەتەوەو نیشانەی ئەوەیە کە گوتیار (نووسەر) لە گرنگی پلۆت لە کاری چیرۆکڤانیدا غافڵە و بە هەندی وەرنەگرتووە..

گوتمان خوێنەر زیاتر ڕروو بە ڕووی وتنە، وتنەکەش، چڕە وتنێکی بارگاوی بە فرە دەلالەت نییە، بەڵکو زیاتر شەقڵی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە، بۆ نموونە: ".. بیرەوەری ئەو فەرماندانەمان دەکرد کە لە جەنگەکاندا، لە دوای دواوەی ئێمەوە هانیان ئەدایان بمرین و نەگەڕێینەوە وتێکنەشکێین، ئەو چیرۆکانەمان دەخوێندەوە کە هی ئێمە بوون، بۆنی خوێنی ئێمەیان لێدەهات وئەوان لەو کتێبە قەبارە گەورانەدا کردبوویان بە بیرەوەری وچیرۆکی گیان فیدایی خۆیان، وێنەی ئەو کەسانەمان تیا دەبینی، هەڵەوەری ناو ڕادیۆ و سەرشاشەی تیڤیەکان بوون،

بەرەکانی جەنگیان بە پاڵەوانبازیی و خۆیان بە قارەمانی ئەو جەنگە لە قەڵەم دەدا. مێژوویان پڕ کردبوو لە درۆی گەورە گەورە، تا نەوەکانی ئاینده ستایشی هەتاهەتاییان بکەن، ئێمە بووین بە غەوارەی نێو نیشتمان و نێچیری ئەو ڕاوچییە نیشتمانپەروەرانەی لە بۆسەدا بوون بمانکەن بە قوربانیی و چارەنووسمان بدەن بە دەم شەپۆلە تووڕە و هارەکانی دەریای ئیجەوە. "

ئەم دیمەنە زۆر ڕاستە، حەقیقەتە، بەموو خیلافی نییە، بەڵام وەکو خۆی، وەکو ڕاپۆرتێکی بێ ڕوتووش، گوێزراوەتەوە، بۆیە ئەوەندەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیە، چیرۆک نییە، چونکە لە چیرۆکدا مالیجەی هونەریی شەرتە، کە لەم دەقەدا لایەنی مالیجە هونەریەکە تەواو فەرامۆش کراوە.. بۆ نموونە دەکرێ مێژووی میللەت، بە شێوەیەکی ئەدەبی خەیاڵی بێتە دارشتنەوە، بە تایبەتی مێژوویەک بە شیواوی وبە مەبەستێن دیاریکراو هاتبێتە تۆمارکردن، یەکێک لە ئەنگیزەکانی مودێرنە، گەڕانە لە شێوازێکی هونەری کە بتوانێ هەمە جۆری وگونگیەکانی واقیعی سەردەمی خۆی سەرکەوتووانە بهونەرێنێ.. هونەراندن، نەک گێڕانەوەی لامسەرلایی! ئەدەبی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە کار لە مرۆڤ بکات، نەک تەنیا لە ڕووی جڤاکی و سیاسییەوە. مرۆڤ لە مرۆڤ بوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە، هانی بدات، لە قاوغی خۆی دەری بێنێ، زیاتر ئاشنای واقیعی بکات وبە هیچ نرخێ دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی نەبێت، چونکە هەرکەسێک دەستبەرداری غروور ومرۆڤانی خۆی ببێت، پێ بحەسێت یان نا کار بۆ کۆیلاندنی خۆی دەکات.. هەڵبەتە مودێرنە بە دوور لە بینای ڕۆحی مرۆڤ نایەتە بیناکردن و ئەدەب یەکێکە لە بوارە زۆر لەبار وگونجاوەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە، چونکە ئەدەب سەروساختی دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ئیستاتیکیانەدایە کە لە هەمان کاتدا ڕوح وفکر دەدوێنێ.. ئەدیب بە حوکمی هەستیاری خۆی، لە نیگەرانیەکی وجودی و فیلیڤانی بارگاوی بە پرسیاران دا، دەژی کە دەبێ گوزارشتی لێبێتەکرن، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو نیگەرانیانەی لە ناخیا پەنگ دەخواتەوە، لە جوانترین شێوەو ناوەڕۆکدا نیشانبدات ودەرببڕێت.. هەڵبەتە مودێرنە بە مانای دابڕان لە کەلەپوور نییە، بەڵکو زۆرجار تەوزیف کردنی کەلەپوور بە شیوەیەکی تازەی هونەری دەبێت بە سیمایەک لە سیماکانی مۆدێرنە.. ئەدیبی مۆدێرنیست دەبێ هەوڵی ئەوەبدات کە ڕێبازی تایبەت بەخۆی بەرهەم بێنێت، تا دەتوانێ خۆی لە لاسایی کردنەوە دوور بگرێت وئەدەبێ بخوڵقێنێ کە شەقڵێکی تایبەتی ئەوتۆی هەبێ کە پێی بناسرێتەوە.. بەندە پێموایە نووسەر لەم دەقەدا نەیتوانیوە تەجاوزی مەسیرەی هونەریی خۆی بکات ولە زۆر شوێنیشدا خۆی کاوێژ دەکاتەوە. نووسەر کە تەجاوزی خۆی نەکرد، ڕەنگە نەنووسینی باشتر بێ.. بە هەرحاڵ، با بێینەوە سەر زمان وفرەئاستی زمان.. گوتیار (نووسەر) لەم دەقەدا بە قۆناغێن دەروونی جیاوازدا، تێدەپەڕێ، بە هەڵکشان و داکشانی دەروونی جیاوازدا دەگوزەرێ، دیارە هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە، زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەبێ لەلایەن

نووسەرەوە یان گوتیاری دەقەکەوە کەشف بکرێ، کە دەکرا نووسەر ئەم بارە دەروونیە جیاوازانە بکات بە بیانوو بۆ فرەئاستی زمان، چ لە زمانی گێڕانەوەدا وچ لەزمانی دیالوگ ومونولۆگدا، چونکە بە زمان ولە ڕێگەی زمانەوە هەندێ سیمای شاراوەی کاراکتەر دەردەکەوێت، لێ لەم دەقەدا کە دەکرا ئەو بۆشایی یان غەفڵەتە پڕبکرێتەوەو قەرەبوو بکرێتەوە.. زمان بە هەمان ئاراستەی ئاسۆیی و بە هەمان شەقڵی ڕۆژنامەوانی سەرڤەسەرڤە بەردەوامە..

هەر لە بەشی: "خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان." کە واقیعی دەقەکە پێمان دەڵێت نەی هێناونەتە زمان، خوێنەر یەکسەر ئەفسانەی پگمالیونی بیردەکەوێتەوە، کە ئەم ئەفسانەیە لە لایەن نووسەری گەورەی عەرەب، توفیق الحکیم- ەوە لە شاکارێکی شانۆییدا بە ناونیشانی بیجمالیون، زۆر بەجوانی تەوزیف کراوە، هەروەها لەلایەن برناردشۆشەوە تەوزیف کراوە و بووە بەهەوێن و ئامیانی شاکارەکانی ئەوان، لە ئەفسانەی ناڤبریدا ئەو پەیکەرە جوانەی، کە پیکمالیونی پەیکەرتاشی یونانی دروستی دەکات، پەیکەری ژنە، ڕوحی وەبەر دەکەوێ و لە بێناوییەوە ناو پەیدا دەکات و دەبێ بە کالاتیاو ودێتەقسان – دیارە گێڕانەوەی ئەفسانەکە بۆ ئێرە و لێرەدا زۆر دەخایەنێ، بۆ کەسێ کە مەبەستی بێ، دەتوانێ لە ئەفسانانی یونانیدا وەیدزێ وبیخوێنێتەوە – بەڵام لە دەقەکەی لەمەڕ ئێمەدا دایک وکچەکە، نە ڕوحیان وەبەر دێتەوەو نە دێنە زمان، بۆیە ئەم دایک وکچە لە باری هونەرییەوە، ڕەهەندێکی دەروونی و هێمایی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە، کە قەناعەتی ئیستاتیکی لای خوێنەرو وەرگر دروست بکات..

هەڵبەتە کەس ناتوانێ لە کاریگەریی ئەدەبیاتی پێشکەوتووتر لە ئەدەبیاتی خۆماڵی بخەلەسێت، بە تایبەتی لەم سەردەمی گلۆباڵەدا، باندۆر وکاریگەری، دیاردەیەکی ئەرێنییە و ئەزموونی خۆماڵی دەوڵەمەند دەکات، بەهرەکان دەتەقێنێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بەر چاوبێ کە کاریگەری و باندۆر، لاسایی کردنەوەی کوێرانە نییە، شاگردی عەیب نییە، عەیب ئەوەیە هەتا سەر بە شاگردی وەمێنی وهەوڵنەدەی ببیت بە وەستا.. ئەدەب ئەوزارێکی مەعریفی ئیستاتیکیە، ئەرکی هاندانە، پرسیارکردنە کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکە، ئەدەب پاسەوانی ڕوحە، نایەڵێ بۆگەن بکات.. ئیستاتیکای هونەری شتێکی تایبەتیە، بە چاولێکەری نایەتەدی، چونکە زادەی هەلومەرجێکی تایبەتیە، کەسێکی تایبەتی دایهێناوە، بۆیە خوێندنەوەی واقیعی خۆماڵی بە پێی پێوەری بێگانە، جگە لەوەی دەکاتە خۆ خاپاندن، هیچ ئاکامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە.. ئەدەب چەندیش واقیعی بێ، نابێ لە ڕەهەندە مرۆڤانی وئیستاتیکیەکان غافڵ بێ..

هەڵبەتە دەریا و ژینگەی دەریایی – پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی دەریاناسی هەیە، تا بشێت لە کارێکی هونەریدا، بەرجەستە بکرێت وخوێندنەوەی هونەری بۆ بکرێت، پەی بە نهێنییەکانی کە

له دنیای سیحرو جادوو دەچێت، ببرێت وله ناوەوە تیشکی بخرێتەسەر.. لەم دەقەی لەمەڕ ئێمەدا، تەنیا وەسفێکی لامسەرلایی، دیوی دیار ودەرەوەی دەریا کراوەو بەو قووڵی و کاریگەرییە نییە کە پێویستین بۆ کاراکتەری ئەدەبی، کە بوونی خۆی لە زەینی خوێنەردا بسەپێنێ، ئەم دەریایەی لەمەڕ دەقەکەی مە، نە دەریاکەی (پیرەمێرد و دەریا)ی هەمنیگوایە و نە دەریاکەی (موبی دیک) ی ملفیلە!..

ئەوجا ئیلیادە و ئۆدیسە، تەنیا ناوە، خوێنەر هەست ناکات زەرورەتێکی هونەری لەوێندەری قوت کردبنەوە، لە جیاتی ئەوەی هونەریانە لە دەقەکەدا تەوزیف بکرێ، ڕانانێکی زۆر کورت و لامسەرلایی بۆکراوە.. تەوزیفی داهێنەرانە ئەوەیە کە جیمس جۆیس لە ڕۆمانی (یولیوسیس)دا کردوویەتی.. بۆیە خوێنەر هەست دەکات، ئەم بەشە، سەربارەو بە خورتی لە دەقەکە بارکراوەو لە ڕووی هونەرییەوە تەواو شپرزەی کردووەو دەقەکە ئەوەندەی سیما ومەرجی چیرۆکێکی شاش وواشی شپرزەی تیایە، ئەوەندە سیما ومەرجی ڕۆمانی تیا نییە.. بەشێوەیەکی گشتی دەقێکی زۆر داخراوە..

هەڵبەتە کورد بەحوکمی ئەوەی هێشتا لە قۆناغی گرۆگاڵی ڕۆمانەوانیدایە، پێویستە لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خۆیدا پەیگیری بزاڤی ڕۆمانەوانی ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی پاچڤەوە بکات، ئەو پاچڤانەی کە لەلایەن پاچڤەوانی بە توانا و ئەمین وئەدیبەوە ئەنجام دەدرێن.. بەڵام ڕۆماننووسی کورد پێویستە خۆیبوونی خۆی، ناسنامەی تایبەتی خۆی لە بەرچاو بگرێت. دیارە خۆیبوون بەوە نایەتە دی هەرچی دەرگا و پەنجەرە هەیە لە خۆتی دابخەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەوە دێتەدی کە دەرگا و پەنجەرەکان بە سەر تێکڕای کەلتووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا بکەیتەوە.

بە هەرحاڵ حەزدەکەم لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە ئەم نووسینەی بەندە حوکمی حاکم نییە، بەڵکو تەنیا خوێندنەوەو بۆچوونی خوێنەرێکە، کە ئەویش بە هەردوو باری ڕەفز وقبووڵدا، خوێندنەوە هەڵدەگرێت..

سەرچاوە: وێرانەماڵ/ ڕۆمان/ عەبدولقادر سەعید/ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان/ سلێمانی/ چاپی یەکەم ٢٠١٩

٢٠٢٠/٨/١٠

حەمە کەریم عارف

## هیچ شتێک لە سەرووی ڕەخنەوە نییە

حەمە کەریم عاف

( ١ )

هەڵبەتە پەیوەندییەکی توند وتۆڵ لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا هەیە. ئەو پەیوەندییە هێندە توونده کە ئەگەر بگوترێ نە ئەدەب و دەقی ئەدەبی بەبێ ڕەخنە دەبێت و نە ڕەخنە بەبێ دەقی ئەدەبی دەبێت،هیچ نابێت بە زێدەڕۆیی. دەکرێت بگوترێ کە یەکەم ڕەخنەگری هەر دەقێک نووسەری دەقەکە خۆیەتی، واتە هەر نووسەرێک ڕەخنەگرێکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، با ئەو ڕەخنەگرە، ممارەسەی ڕەخنە لە سەر دەقی غەیری خۆشی نەکات.. بەڵام بیەوێ و نەیەوێ ئەو پاکنووس، پێداچوونەوە و مشت وماڵدانەی کە لە دەقەکەی خۆیدا دەیکات، خۆی لە خۆیدا چالاکی و موممارەسەیەکی ڕەخنەوانییە.. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوو چالاکییە ئەدەبی و ڕەخنەییەکە لە کارلێکی تەواودان و کاریگەرییان بە سەریەکەوە هەیە ودەبێت و ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خۆی ئەوزارێکە زەمینە خۆشدەکات بۆ نوێئاوەری و تازەبوونەوە..

ئەوەی لێرەداو بەش بەحاڵی ئەم وتارە گرینگە دیاریکردنی سنوور وکەوشەنی چەمکی ڕەخنە وچەمکی ئەدەبە... پێموایە ڕەخنە زیاتر زادەو دەرهاویشتەی شارستانیەتە وسەرهەڵدان و پەیدابوونی کۆمەڵگەی بورژوازیەتە بە هەموو لێکەوتەکانیەوە. بۆیە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا، وەک دیاردەیەکی شارستانیەتی دیموکراتیەت ئامێز وەرناگرێت و بەچاوێکی پەسند سەیر ناکرێت و زیاتر بە ئەوزاری درەخستنی کەم وکوڕییان و ناوزڕاندن وتەنانەت جنێویش دادەنرێت، خەڵکی پاشکەوتوو، بە حوکمی پەروەردە ناشارستانیەکەیان، یەکدییان قەبووڵ نییە. دیارە ئەم دیاردەیە، بۆ ناو هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بە ئەدەبیشەوە شۆڕ دەبێتەوە، کە جیاوازی لە نێوان ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی دەق دەکرێ وئەوەی ئاراستەی خاوەن دەق دەکرێ ناکەن و غافڵن لەوەی کە دەقی بڵاوبووەوە ئیدی زیاتر پەیوەندی بە خوێنەرەوە پەیدا دەکات و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە نووسەری دەقەکەوە نامێنێ، مەگەر وەکو خوێنەرێک!.. زندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەیە، بەبێ خوێنەر دەکاتە کۆمەڵێک لاپەڕەی بێ بایەخ لە ناو ڕەفەی کتێبخانانەدا.. دیارە

ئەو جیانەکردنەوەیەی لە سەرێ ڕا ئاماژەمان کردێ، دەکاتە کارێک خاوەن دەق، هەر ڕەخنەیەک لە دەقەکەی، بەرێتە سەرخۆی و غافڵە لەوەی بەم کارە دژایەتی دەقەکە دەکات.

هەروەها لە کۆمەڵگەێن پاشکەوتوودا، زۆرجا ڕەخنەگر زیاتر سەروکاری دەگەڵ خاوەن دەقدایە، تا لەگەڵ خودی دەقەکەدا، بۆیە ڕەخنە دەکەوێتە هەڵدێری جەڵەبییەت و مۆرکێکی بازاڕی وەردەگرێت و دەچێتە خانەی جنێو وڕیابازی و خاترانە و دەستەوایی و کۆمەڵێک پەیوەندی شەخسییەوە و دەقەکە دەکرێت بە قوربانی کۆمەڵێک هەرزەگۆیی بێهودە و چالاکییە ڕەخنەوانەیەکەش لە گرێژەنە دەردەچێت وبە فرسەخان لە هەموو هزر و بیر و لەزەت و زەوقێکی ئیستاتیکی دوور دەکەوێتەوە.. هەڵبەتە ڕەخنە لەلای کۆمەڵگەێن پاشکەوتوو، کە مخابن کوردەواری، یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە، زۆری ماوە ببێت بە چالاکییەکی فیکری و ئیستاتیکی، ئەوتۆ کە لە ڕێگەی شیکردنەوە وراڤە وهیرمونتیکا و هەڵسەنگاندنەوە زەمینە بۆ داهێنان و تازەبوونەوە خۆشبکات، دیارە هەموو کەسێکیش ناتوانێ ببێت بە ڕەخنەگری بەسەنگ وئیحتوبار چونکە چالاکی ڕەخنەوانی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی و چاندی فرە ڕەهەندی لە بوارێن دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمانەوانی و فەلسەفی وجوانیناسی دا دەوێ، ئەمە جگە لەوەی کە ڕەخنەگر دەبێ هەستێکی ناسک و زەوقێکی هەستیار و نۆڕین و جیهانبینییەکی قووڵی هەبێت..

ڕەخنەگر دەبێ بەلای کەمەوە شارەزاییەکی باشی لە هەموو ئەو بوارە چاندی و ڕۆشنبیریی و زانستیانەدا هەبێت، نەک بۆ ئەوەی بێت لە دەقە ئەدەبییەکەیان باربکات، بەڵکو بۆ ئەوەی یارمەتی ڕەخنەگر بدەن کە وردتر لە دەقەکە حاڵی ببێت، لێکەوتەکانی دەق درک بکات و بناسێت، تا بە گونجاوترین میتۆدی ڕەخنەیی بەرخورد و مامەڵەی لە تەکدا بکات وئەوپەڕی زەوقی جوانیناسی خۆی بەکار ببات... جا لەبەرئەوەی هەر دەقێک بۆخۆی کیان و قەوارەیەکی تایبەتی و سەربەخۆیە، پێویستە هەر خوێندنەوەیەکی دەقی ئەدەبی، خوێندنەوەیەکی تایبەتی بێ و لە هەر بیرۆکەیەکی ڕەخنەیی پێشوەختە دوور بێت وهیچ بڕیار و بیر وبۆچوونێکی لە دەرێی دەقەکەدا بەسەردا نەیەتە سەپاندن و دەبێ لە ناوەوە تیشکی بخرێتە سەر.. واتە ڕەخنەگر، وەکو ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە دەبێ مرونەتێکی فیکری ئەوتۆی هەبێت کە لە هەر قاڵبپەزێرییەکی وشکی دوور بخاتەوەو بە سەر چاندو کەڵچەرێن جۆراوجۆردا بکرێتەوە وڕای جیاواز وبۆچوونی پێچەوانەی قەبووڵ بێت... هەڵبەتە ئەم مرونەتە هزرییە – ئەگەر هەبێ – هەست وزەوقێکی ڕەخنەوانی زۆر چاکمان، لە هەردوو واری ژیان و ئەدەبیاتدا پێدەبەخشێت، کە ڕەخنەی دروست و بەئینساف هەوێن و ئامیانی هەر پەرەسەندنێکی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە و ڕەنگە ئەگەر بگوترێ هیچ شتێک لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، نەبێت بە زێدەڕۆیی، چونکە هەر پەرەسەندنێکی ڕاستەقینە وڕەسەن ڕاستەوخۆ

وناڕاستەوخۆ قەرزارباری ڕەخنەیە، ڕەخنە لایەنە نەرێنی و لاوازەکان دەستنیشان دەکات تا دەرباز بکرێت، لایەنە ئەرێنی و بەهێزەکان دەست نیشان دەکات تا زیاتر پەرەی پێ بدرێ.

بۆیە وەختایەک چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چ لە ژیانی ئەدەبیدا باوەڕمان بە ڕەخنە هێنا و جورئەت و جەسارەتی یەکدی قەبووڵمان پەیدا کرد، هەنگێ دەتوانین بەرەی خۆ لە ژێر پێیان دەربێنین و پەرە بەخۆ و داهێنانی خۆ بدەین و بێ منەت وەکو شەریک بە گەڵ کاروانی شارستانیەت بکەوین، نەک وەکو بەکاربەری مێمڵ..

دیارە، لە مومارەسەی پراکتیکیدا دەبێ پابەندی لایەنی کەمی مەوزوعیەت و میتۆدی زانست بێ، کە مەبەست لە مەوزوعیەت ئەوەیە وەختایەک مامەڵە دەگەڵ دەقێکدا دەکەین، دەبێ خۆ لە هەر هەواو هەوەس ومەیل و پەیوەندییەکی شەخسی دووربگرین.. هەڵبەتە ڕەخنەگر مرۆڤە و بمانەوێ و نەمانەوێ مرۆڤ دەنگ و ڕەنگی ژینگەی خۆیەتی، لە کاریگەری و باندۆری قۆناغی مێژوویی و هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی و جڤاکی سەردەمی خۆی بەدەر نابێت، ئەمە ڕەنگدانەوەی لە هزرین و نۆڕین و جیهانبینی ئەودا دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە زەوقی مرۆڤ بەگوێرەی قۆناغی تەمەن و هەڵکشان و پەرەسەندنی ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکە دەگۆڕێت و ئەوەی لە تەمەنێکا بەلایەوە پەسند و لەبەردڵان بووە، ڕەنگە لە تەمەنێکی دیدا پێچەوانە بووبێتەوە، ئەمە جگە لە ئەزموونی ژیان و ڕۆشنبیریی کەسەکە کە بێگومان ڕەنگدانەوەی لە زەق و هزرین و دنیابینی ئەودا دەبێت.

هەڵبەتە هەر دەقێکی ئەدەبی تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ لەو ڕوانگەیەوەو بەگوێرەی پێوەرێن تایبەتی مامەڵەی دەگەڵدا بکرێت ولە ناوەوە تیشکی بخرێتەسەر وبێتە ناساندن، نەک لە دەرێ ڕا کۆمەڵێک میتۆد و پێوەری کلێشەیی لێ باربکرێت و بەسەریدا بسەپێنرێ.. ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی دەق زۆر پێویستە، چونکە ئەدەب وەکو زانست نییە، زانست ناسنامەی نییە، بەڵام ئەدەب و دەقی ئەدەبی بە پێچەوانەوە بەبێ ناسنامەی تایبەتی، ئەدەبییەتی ڕاستەقینە پەیدا ناکات.. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی وەکو چالاکییەکی فیکری و زەوقی بۆ ئەوەی نەبێت بە کاوێژکردنەوە و کۆپییەکی سواو پواوی ڕەخنە وفیکر وزەوقی خەڵکانی دی، پێویستە پابەندی تایبەتمەندییەکانی ئەو دەقە ئەدەبییە بێ کە مامەڵەی لەتەکدا دەکات وئەنجامگیرییەکانی لە خودی دەقەکەو لە ناوەوەی دەقەکەوە هەڵێنجێ. هەڵبەتە لە هەر دەقێکی ڕەخنەوانی باش ورد ببیتەوە، کۆمەڵێک سەرنجت لە لا چێدەبێت، لەوانە: ڕەخنەگر بە جۆش وخرۆش و حەزێکی ڕاستەقینەوە مامەڵە دەگەڵ دەقەکەدا دەکات، زۆر بە تاسەوە عەوداڵی دۆزینەوەی نهێنگە ئیستاتیکییەکانی دەقەکەیە، لە داوەرییەکانیا پشت بە خوێندنەوەی بابەتیانەی دەقەکە دەبەستێت و هێندە لۆژیکیانە گەنگەشەی

دەقەکە دەکات کە خوێنەر قەناعەتی پێدێنێ و هەست بە دروستی داوەری و ئەنجامگیرییەکانی دەکات..

ئەفراندنی هونەری لە هەموو حاڵەتێکا، بەلای کەمەوە دەکاتە دووبارە نەکردنەوەی داهێنانەکانی پێش خۆی، دەکاتە قاڵب شکێنی وقابیل نەبوون بە قاڵبێن حازر و ئامادە و کلێشەیی، بەکورتی و بەکرمانجی ئەفراندن دەکاتە بەزاندنی هەموو یاسا و ڕێسا چەقبەستووەکان.

بۆیە ڕەخنەی تەقلیدی وقاڵببەستوو، کە پشت بە پێوەر وپێوانەێن جێگیر دەبەستێ، ناتوانێ خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ بۆ دەقێن ئەفراندنەوانی بکات کە تینوویەتی خوێنەر بشکێنێ و هەم سوود و هەم لەزەتی ئیستاتیکی لە دەقەکە بدینێت. ڕەخنەی داهێنەرانە، ئەوەیە کە خۆی لە هەر قاڵب و یاسا و ڕێسایەکی کۆن و تەقلیدی بە دوور بگرێت و لە میانی خودی دەقە ئەدەبیەکەوە، یاسا و ڕێسای تازە هەڵێنجێ و لایەنی داهێنان و قاڵبشکێنی دەقەکەی پێ کەشف بکات، واتە ڕەخنەی زندوو، پرۆسەیەکی کەشفکاری داهێنەرانەیە، کە هەردوو لایەنی خودی و بابەتی، تێدا یەکانگیر دەبن و لە هەر میکانیزمێکی ڕۆتینی و وشک دوور دەکەوێتەوە و وەکو قەوارە و کیانێکی زندوو مامەڵە دەگەڵ دەقدا دەکات، واتە ڕەخنەگر پێویستە هاوسەنگی لە نێوان زەوق و ئەقڵی خۆیدا، لە نێوان خودیەت و بابەتیەتی خۆیدا ڕابگرێت، واتە نابێت خودی خۆی بە ڕادەیەک لە دەقەکە باربکات، کە خۆیبوونی دەقەکە وخوێندنەوەی دەقەکە لە ناوەوە، لە بار بەرێت و ئەوەندەی ناخی ڕەخنەگرەکە و بۆچوونەکانی وی بخوێنینەوە، ئەوەندە ناخی دەقەکە و بۆچوونی نووسەرەکەی نەخوێنینەوە.. هەروەها نابێ لایەنی بابەتگەرایی بە ڕادەیەک زاڵ بێت کە خودی خۆی بسرێتەوە..

( ٢ )

ئەگەر هەندێک لە دەقی ئەدەبی وردبینەوەو هەندێک بە سەرنجەوە لێی ڕامێنین، دەبینین، پڕن لەو ڕەگەزانەی کە زیاتر لە زاتیەتەوە نزیکن تا لە مەوزوعیەت، لەوانە : سۆز وگوداز، خەون وخەیاڵ، ڕیتم وموزیقا... هتد. ئیدی ئەوەی ئەدەبیەت یان هونەرییەتی پێدەبەخشێت، وزە ویژدانی و لیریکی و خەیاڵییەکەیە کە هەم تەڕی و تازەیەی و زندوویەتی بە زمانەکەی دەبەخشێت وهەم لە ڕۆتینیەت ومیکانیزمیەتی دەربڕین و گوزارشتی دوور دەخاتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئەدەب یان دەقی ئەدەبی هیچ ڕەگەزێکی بابەتی وەکو هزر وبیر و ژینگەی تیانییە، با تیایەتی و دەگەڵ ڕەگەزە خودییەکاندا و لەمیانی زمانە ئەدەبیەکەوە ئاوێتە دەبن، واتە لە پرۆسە زمانەوانیە ئەدەبیەکەدا یەکانگیر دەبن و دەق بەرهەم دەهێنن.. دیارە ئەم ڕەگەزانە لە ژانرێکی ئەدەبییەوە بۆ ژانرێکی دی جیاوازن.. بۆ نموونە لە ژانری ڕۆمان و شانۆنامەدا، ڕەگەزێن بابەتی وەک : فەلسەفە،

مێژوو، هزر وژینگه و کۆمەڵگە، هەوێن و ئامیانی سەرەکی بونیادی هونەرییان پێکدێنێت.. کە ئەمە لە ژانری شیعری لیریکیدا بەدی ناکرێت و ڕەگەزی خودی بە سەردا زاڵە.

کەواتە هەر دەقێکی ئەفراندنەوانی لە زمان دا و بە زمان و لە میانی زمانەوە بەرجەستە دەبێت و دەقایەتی پەیدا دەکات، مۆرک وجێ پەنجەی نووسەر یان شاعیر هەڵدەگرێت وبەوجۆرە بیروسۆز وخەیاڵی داهێنەرەکەمان، بە شێویەکی ناوازە و لە میانی زمانێکی تایبەتی و ئەفسوون ئەنگێزەوە بۆ دەگوازێتەوە..

هونەری گێڕانەوەکاری، چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی هەر دەچێتەوە سەروەقیع، واقیعی هونەری دەقەکە، بۆیە دەق وێنەیەکی بچووکی هونەرێنراوی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا سەری هەڵداوە و پەیدا بووە، هونەرێنراو بەو واتەیەی داهێنەر کار بۆ ئەوە دەکات دەقەکەی لە واقیعیەتی واقیع ڕزگار بکات.. خۆ لە کەس شاراوە نییە کە کاری هونەری، یەکێکە لە چالاکییە بەشەرییەکانی ئەو واقیع و دنیایەی تیایدا دەژین، بۆیە گەر بگوترێ کاری هونەریی ، خۆلاسەیەکی سەمبولیکی پڕ ڕەمز وڕازی کۆمەڵگەیە لە قۆناغێکی دیاریکراو و ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی جڤاکی دیاریکراودا، ڕەنگە نەبێ بە زێدەڕۆیی..

وەختایەک ئەم کارە دەبێ بە کارێکی هونەری جیاواز وناوازە کە کۆمەڵێک ئەزموون و مجێزی تایبەتی بەجۆرێ لە خۆدا هونەراندبێت کە زمانێکی هونەریی تایبەتی لێکەوتبێتەوە. ئیدی کارە هونەرییەکە لە بونیادی کۆمەڵێک پەیوەندی بێرونی دەرەکی: (کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، مێژوویی، سیاسیدا) وهندرونی وەک:( سایکۆلۆژیەتی ئەدیب، سۆز و گودازەکانی، خەون وخەیاڵەکانیا) یەکانگیر دەبێت و وزەیەکی تایبەتی بە زمانی کارە هونەرییەکە دەبەخشێت، واتە کارەکە دەبێت بە یەکەیەکی هونەری یەکپارچە و یەکگرتوو.

جا لەم حاڵەتەدا ناکرێ نووسین بە ئەوزارێکی پەنهانی مەتەڵ ئامێز بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونێکی دەروونی پەنهان بێتە ژماردن، بەڵکو خودی ئەزموونەکەیە و لە کۆمەڵێک چەمک و مەبەستی ورد و، پەیوەندیێن زمانەوانیدا بەرجەستە دەبێت ودنیای تایبەتی خۆی دروست دەکات، دیارە ئەم دنیایە بەشێکە لە دنیایەکی بەرینتر کە کاریگەری لە سەر بونیادی هونەری دەقەکە هەیە ، ئیدی ئەم دنیایە کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیریی یان مێژوویی بێ فەرق ناکات و ناکرێت چاوپۆشی لە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆیان لە چێبوونی کارە هونەرییەکەدا، چ لە لایەنی دەروونی و چ لە ئالی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، بکەین..

هەڵبەتە پەیوەندییەکی سفت و ورد لە نێوان ئەدەب و ڕەخنەدا هەیە و لە زۆر خاڵدا یەکدی دەگرنەوە، بەڵام خۆیبوونی خۆشیان هەیە، ئەدەب و دەقی ئەدەبی پێویستی بە ڕەخنەیە و ڕەخنەش بەبێ دەقی ئەدەبی نابێت، تەنانەت تەنزیری ڕەخنەوانیش تەنیا لە هزر و بیرێن ڕووتەوە هەڵناتۆقێ، بەڵکو زادە و بەرەنجامی مامەڵە و بەرخوردە دەگەڵ دەقێن ئەدەبیدا.. و لەمیانی خوێندنەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو دەقانەوە کۆمەڵێک ئەحکامی تیۆری دێنە هەڵێنجان.

هەڵبەتە گوتاری ڕەخنەوانی و گوتاری ئەدەبی لە کرۆک و جەوهەردا جیاوازن و گوتاری ڕەخنەوانی درێژە و ڕەنگدانەوەی کارێن هونەری نییە، ڕاستە سەروکاری دەگەڵ دەق و کاری ئەدەبیدایە، بەڵام ئەڵتەرناتیڤی ئەقڵانی یان سۆزداری ڕەها وبێ قەید و شەرتی دەق نییە و نابێت..

گوتاری ڕەخنەوانی کاتێ زاتیەت بە سەریا زاڵ دەبێت، ئیدی لە ئەرک و تەبیعەتی خۆی دوور دەکەوێتەوەو، زیاتر تەبیعەت و شەقڵی ئەفراندنەوانی وەردەگرێت و نابێتە ئەو پێناوە ئەمین و ڕاستگۆیەی کە یارمەتی خوێنەر بدات بەجوانی لە دەقەکە بگات، چونکە هێندەی لە خەمی خۆنواندایە، لە خەمی خوێنەردا نییە.. و لەو حاڵەدا دەقەکە دەبێ بە دەستاوێژ، بۆ داهێنان و خۆنواندنی یارۆی ڕەخنەگر، بەوجۆرە ڕەخنە لە دەق دوور دەکەوێتەوە و بێهودە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو ڕۆڵە بنەڕەتیەکەی خۆی لە دەست دەدات ولەوە دەردەچێت کە پردێکی ئەمین بێ لە نێوان نووسەر وخوێنەردا، هەروەها گوتاری ڕەخنەوانی، ئەگەر زیاد لە پێویست مەوزوعیەت و بابەتگەرایی بە سەردا زاڵ بێت، دیسانەوە لە تەبیعەتی ئەو دەقە ئەدەبییە دوور دەکەوێتەوە کە مامەڵەی لە تەکدا دەکات و شیدەکاتەوە، بە جۆرێ دەکەوێتە توێکاری دەقەکە وەکو ئەوەی جەنازەیەک بێ و پێویست بێ لە سەر بنەمای زانستی، توێکاری بکرێ، ئەوە فەرامۆش دەکات کە ئەدەب چڕە زمانێکی ئەفسووناویە کە هزر وخەون و خەیاڵ و سۆز وگودازی لە خۆ گرتووە، واتە هەم لایەنی مەوزوعی وهەم لایەنی زاتی لە خۆ گرتووە، بەڵام زۆرجار ڕەخنەگری بابەتگەرا بەڕادەیەک زاتیەتی خۆی فەرامۆش دەکات، کە لایەنە ڕۆحی و ئیستاتیکیەکەی دەق دەچێتە خانەی نەبوونەوە.

هەڵبەتە کە باسی خۆیبوونی هەر یەکە لە گوتاری ڕەخنەوانی و گوتاری ئەدەبی دەکرێت، مانای وانییە هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە، نا نەخێر، بەڵکو پەیوەندییەکی سفتیان لە نێواندایە.. بۆ نموونە ئەدیب (داهێنەر)، بە تەبیعەت و خۆڕسکانە، ڕەخنەگرە، تەبع و تەبیعەتی ڕەخنەگرانەی هەیە، ئەگەر هەستێکی ڕەخنەوانی و ڕۆشنبیرییەکی ڕەخنەوانی قووڵی نەبێت و هەوڵنەدات پەرە بە

ڕۆشنبیریی و زەوقی ڕەخنەوانی خۆی بدات، کە هانی دەدات، بەرهەمەکانی بەرلەوەی بڵاویان بکاتەوە گێژە وبێژە بکات، ناتوانێ داهێنان بکات ودرێژە بە داهێنانی خۆی بدات.. ڕەخنەگریش بە تەبیعەت داهێنەرە، چونکە خودانی هەستێکی ناسکی هێندە هەستیارە کە زەمینەی بۆ خۆشدەکات زەوق لە کاری داهێنان وەربگرێت وبەحوکمی زەوقە زەلاڵ وپاشخانە ڕۆشنبیرییە دەوڵەمەندەکەی، پەی بە ڕاز وڕەمزە ئەفسوون ئەنگێزەکانی دەقە فیلیڤانیەکە بەرێت و نهێنگە هونەری و ئیستاتیکیەکانی بدۆزێتەوە وکەشف بکات.

هەرچەندە لە بن دێڕی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بۆ هەندێک خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدیب و ڕەخنەگر کرد، وەک هەستیاری و هەست ناسکی و زندوویەتی و قووڵی ویژدانی، بەڵام لە نۆڕینا بۆ خەڵکان و شتان نە وەکو یەکن و نە پێویست دەکات وەکو یەک بن، بۆ نموونە ئەدیب لە سەری نییە گوتاری ڕەخنەوانی بەگەڵ ڕەوت و سیاقی کارە فیلیڤانیەکەی بخات، کە بۆ نموونە لە هەندێ گێڕانەوەی ڕۆمانەوانیدا هەندێ مۆرکی ڕەخنەوانی بەدی دەکرێت، دیارە ئەمە نە دیاردەیەکی پەسندە و نە قەناعەتبەخشیشە، مەگەر یارۆی ڕۆماننووس توانیبێتی بە دەم گەشە وڕەوتی ڕۆمانەکەیەوە مامەڵەیەکی هونەرییانەی قەناعەتبەخشی ئەوتۆی لەگەڵ کردبێ کە لە هەرجۆرە دەستکردییەک دوور کەوتبێتەوەو، نووسەر ئەو گرتە ڕەخنەوانیانەی نەکردبێ بە دەستاوێژێک بۆ نمایشی بازووی ڕۆشنبیریی خۆی، کە بەمە هەندێ هزر و بیری ڕووتی ئەوتۆ لە دەقەکەی باردەکات، کە نەک خزمەتی گەشەکردنی بونیادە ڕۆمانەوانیەکەی دەقەکە ناکات، بەڵکو لێی دەبێ بە سەربار ودەیتەپێنێ. لەم حاڵەتانەدا هونەراندن مەرجە، ئەو شتانە دەبێ بە دەم هونەراندنەوە، ببن بە بەشێک لە تانوپۆی کارە فیلیڤانیەکە و زەق نەبێتەوە..

دیارە هیچ داهێنەرێکیش ناتوانێ، بە یەک بەرهەم و لەیەک بەرهەمدا، هەرچی حەز وخولیا و ئەڵهایەکی هەیە بخاتەڕوو وبهونەرێنێ، دەنا دوای ئەو بەرهەمە دەستبەرداری نووسین دەبوو، بۆیە زۆرجار مەوداو مەسافەیەک دەکەوێتە نێوان خۆزیای نووسەر و ئەوکارەی ئەنجامی داوە، بۆیە ڕەخنەگری بەتوانا، دێت و ئەو مەوداو بۆشاییە پڕ دەکاتەوەو پەردە لە سەر ئاواتە بەرجەستە نەکراوەکانی نووسەر هەڵدەداتەوەو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەوانی بۆ دەکات..

بە هەرحاڵ ڕەخنەگر لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو زمانی ویژدان و زمانی ئەقڵدا ڕابگرێت.. هەڵبەتە ڕەخنەگر تا لە دنیای ئەدەبەوە نزیک بێت و تەبع و تەبیعەتێکی ئەدەبی هەبێ، بە شێوەیەکی قووڵتر و کارامەتر مامەڵە دەگەڵ دەقدا دەکات و ئاوێتەی دەبێ..

هەڵبەتە هزری ڕەخنەوانی تا بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان، بێ گرێ و گوڵ و، ئاسانفام پێشکەش بکرێ، زیاتر خوێنەر ڕموودەی ئەو دەقە دەکات کە دەیەوێ هەم لەزەت لە دەقەکە بدینێ و هەم سوودی لێوەربگرێت.. لەم حاڵەتەدا خوێنەر وادار دەبێ پەیگیری هەردوو دەقە ئەدەبی و دەقە ڕەخنەوانیەکە بکات..

وەکو ئاماژەمان کردێ ڕەخنەگر مێمڵ و مشەخۆر نییە بە سەر دەقی ئەدەبییەوە، بەڵکو ئەویش بۆخۆی داهێنەرە ئەدیبێکی (مع وقف التنفیذ) لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، جا داهێنانی ڕەخنەگر هەر لەوەدا نییە کە تەبع و تەبیعەتێکی ئەدەبی هەیە، بەڵکو لەوەدایە کە تازە و تازەگەرییە پەنهانەکانی ناو دەقەکە کەشف دەکات، ئەو شتانەی کە هەموو خوێنەرێک و، تەنانەت زۆرجار خاوەنی بەرهەمەکەش، پەی پێ نابەن و بۆی ناچن.

ئیدی هەم ئەدیب و هەم ڕەخنەگر هەردووکیان و هەریەکەیان بە شێوازی خۆی داهێنەرە، ئیدی ڕێژەی زاتیەت و مەوزوعیەت لەمیانەوە بۆ ئەویان جیاوازە، بۆ نموونە ڕێژەی زاتیەت لە لای ئەدیب زیاترە تا لەلای ڕەخنەگر، هەروەها ڕێژەی مەوزوعیەت لە نک ڕەخنەگر زیاترە تا لەجەم ئەدیب.

( ٣ )

بێگومان میتۆدەکانی ڕەخنە و پێوەرو پێوانەکانی ڕەخنەگران جیاوازن. هەندێکیان، لە بەر ڕۆشنایی کۆمەڵێک پێوەرێن هونەری دا، کە لێکۆڵینڤانان لە شاکارە ئەدەبییەکانەوە هەڵیانگوێزاوە، تەمەشای دەقی ئەدەبی دەکەن و هەڵیاندەسەنگێنن وخوێندنەوەیان بۆدەکەن، بەوانە دەگوترێ ڕەخنەگرانی هونەری و بە میتۆدە ڕەخنەوانیەکەیان دەگوترێ میتۆدی هونەری.. بەلای هەندێک لە پسپۆڕان و لێکۆڵینڤانانەوە، ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆدە هەرە باشەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە زۆر پەیوەستە بە دەقی ئەدەبییەوە، تەنیا بایەخ بە خودی دەقەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەدات و هەقی بەسەر هیچی دیکەوە نییە..

هەندێ ڕەخنەگری دی، لەبەر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسی و دەسکەوت وکەشفکارییە دەروونییەکانی، ئەو زانستەدا دەڕواننە دەقی ئەدەبی و مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و بە میتۆدی ئەوانە دەگوترێ، میتۆدی دەروونی.. دیارە هەر گروپێک لەم گروپانە دەستاوێزی خۆی هەیە بۆ داکۆکی کردن لە باشی و دروستی میتۆدەکەی خۆی..

تاقمێک ڕەخنەگری دی هەن، لە دەق و بەها هەستەوەری و گوزارشتەوانیەکانی دەق دەردەچن و دەپەڕنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ژینگەی خاوەن دەقەکە و ئەو سەردەمەی دەقەکەی تیادا بەرهەم هاتووەو ئەو دەقە تا چ ڕادەیەک ژینگە و سەردەمی خۆی تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، تا چ ڕادەیەک کاریگەری ڕەوتە ئەدەبی و ڕامیاری و جڤاکییە باو وبڵاوەکانی ئەم ژینگە و سەردەمەی پێوە دیارە، بەم ڕێباز و میتۆدە دەگوترێ میتۆدی مێژوویی.. لەم میتۆدەدا، زیاتر بایەخ بەلایەنی ژینگەیی و دەوروبەری دەق دەدرێت تا بەخودی دەقی ئەدەبی. لەم ڕێبازەدا بەوچاوە سەیری دەق و مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، وەک ئەوەی تۆمارگەی بویەرە ڕامیاری و دیارە جڤاکی و ئەدەبیەکان بێت، بەمەش لە دەقەکە دوور دەکەوێتەوەو هەموو بەها هەستەوەری ونهێنگە گوزارشتەوانی و ڕەمز و ڕازە ئیستاتیکیەکانی دەقەکە پشتگوێ دەخرێ.. بۆیە گەورەترین گلەیی لە هەردوو میتۆدی سایکۆلۆژی و مێژوویی ئەوەیە کە ڕەخنەگر، کەمتر بایەخ بە خودی کارە ئەدەبییەکە دەدات و، لە بەر ڕۆشنایی هەندێک حەقیقەتی نامۆ بە دەقەکە، مامەڵە لەگەڵ دەقەکە دەکات، هەندێک حەقیقەت لە دەقەکە بار دەکات، کە بە دەقەکە بێگانەن..

هەندێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی دنیای ئەدەب و ڕەخنە، پێیان وایە میتۆدی هونەری، لە هەردوو میتۆدی سایکۆلۆژی و مێژوویی، باشترە، چونکە لە تەبیعەتی ئەدەبەوە نزیکترە و ڕەخنەش پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانیە و زادەی داهێنانێکی دیکەیە، واتە داهێنانێکی دی دەیجوڵێنێت.. میتۆدی هونەری مەودایەکی ئازادیی زیاتر بە ڕەخنەگر دەدات و دەرەتانی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ، سوود لەو پاشخانە فەرهەنگیە وەربگرێ کە لەلای کەڵەکە بووە، بە بێ ئەوەی ناچاربێ، پشت بە یەک جۆرە مەعریفە ببەستێت.. یەکێک لەلایەنە ئەرێنیەکانی میتۆدی هونەری ئەوەیە کە کارە ئەدەبییەکە دەبێت بە تەوەری پرۆسە ڕەخنەوانیەکە.. و ڕەخنەگر، بە دەوری دەقەکەدا ناسوڕێتەوە، بەڵکو خۆی بە قوڵایی دەقەکەدا دەکات و لە ناوەوە تیشکی دەخاتە سەر و ڕاز وڕەمزەکانی کەشف و ڕاڤە دەکات ومژ ودوومانە فیلیڤانییەکانی دەڕەوێنێتەوە و، کارێکی وەها دەکات لە هەمان کاتدا هەم لەزەت لە دەقەکە بدینێ و هەم سوودی لێ بدینێت.

بەڵام خەڵکانێکی دی هەن پێیان وایە، هەرچەندە ڕێباز و میتۆدی هونەریی، پەیوەندییەکی بتەوی بە دەقەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەکو پێویست ئەو ڕازە بەیانی و بەها گوزارشتەوانیانەی کە کار ودەقی ئەدەبی پێیان بارگاویە ناخاتەڕوو و تینویەتی خوێنەر ناشکێنێت و کەم وزۆر خزمەتی

ئەدەب وەکو هونەرێکی زمانەوانی ناکات، لە کاتێکا زمان بۆ ئەدەب و لە ناو ئەدەبدا هاوتای ڕەنگە لە نیگارکێشیا، هاوتای بەردە لە پەیکەرتاشیا و هاوتای دەنگە لە موزیقادا..

ئەم ڕەخنەگرانە، ئەدەب بە دیاردەیەکی زمانەوانی دەزانن و تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە دێتە تێگەیشتن، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە میتۆدی زمانەوانی، لە هەموو میتۆدە ڕەخنەوانیەکانی دی، گونجاوترە بۆ مامەڵەکردن دەگەڵ ئەم دیاردە زمانەوانیەدا و لە هەموو میتۆدەکانی دی پتر دەسەڵاتی بە سەر ڕاڤە وشرۆڤەی وردەکاری و ڕاز وڕەمزەکانیا دەشکێت، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەرەستە سەرەکییەکەیەوە، کە زمانە هەیە.. جا بە حوکمی ئەوەی میتۆدی زمانەوانی، زیاتر سەروکاری دەگەڵ زمانی دەقدا هەیە و زمانی دەق دەکات بە تەوەر وچەقی پرۆسە ڕەخنەوانیەکە، دەبێ ڕەخنەگری زمانەوانی، لە زانستی زمان وتیۆرییەکانی زمانا، بەڕادەیەک شارەزا و باڵادەست بێت کە بتوانێت پەی بە هەموو ئەو وزەو ئەنەرژیە گوزارشتەوانیانە بەرێت کە لە هەر وشەیەکا، لە هەر دەستەواژەیەکدا پەنهانە.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەخنەگر، جگە لە زمان و دنیای زمان، هەموو دەرگاکانی دیکەی باسە سایکۆلۆژی وئیستاتیکی وجڤاکیەکان لە خۆی دابخات وسوودیان لێوەرنەگرێت، چونکە هەموو ئەو کایە ئەپستمولۆجیانە، یارمەتی ڕەخنەگر دەدەن، کە زیاتر ناخ ودەروونی بەشەر بناسێت، بەڵام ئەم لایەنە مەعریفیانە زۆر لە پاش مەعریفەی زمانەوە دێن. کلیلی تێگەیشتنی دروستی ئەدەب یان دەقی ئەدەبی، زانینی ڕاستەقینەی زمانە، ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێ هاتووەتە نووسین، واتە نهێنگەکانی دەق، بەبێ شارەزایی تەواو لە زمان وچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان نایەتە کەشفکردن، هەڵبەتە لێرەدا، مەبەست ئەوە نییە کە ڕەخنەگر دەبێ زانای زمانەوانی بێ، بەڵکو مەبەست زانینی هەستی زمانەوانیە، شارەزایی لە لایەنە ئەفسووناویەکانی زمانە، شارەزایی لە وزەخودی و ئەو ئیحا و مەدلولانەیە کە لە هەزار توێی زماندا پەنهانە.. جا ئەگەر ڕەخنەگر شارەزایی تەواوی لەو کایە زمانەوانیانەدا هەبێ، بەچاکی پەی بە ڕاز وڕەمزەکانی ئەو زمانە دەبات کە دەقەکەی پێ هاتووەتە نووسین، لایەنە ئیستاتیکیەکانی کەشف دەکات و بە ئینسافەوەو شارەزایانە حوکم لە سەر ئەوە دەدات کە یارۆی ئەدیب تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتی بەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا شکاوە، بەکارهێنانێک کە وزە فرە لایەنەکانی زمانی بەرجەستە کردبێت، بەکارهێنانێک ڕەگەز و لایەنە هەمە جۆرەکانی ئیستاتیکای زمانی، خستبێتە خزمەتی دەقەوە.. ڕاستە مەرج نییە ڕەخنەگر زانای زمان یان زمانەوان بێ، بەڵام هەرچەندە سەرچاوە و چاڤکانیانی ڕەخنەگر، وێڕای فەرهەنگ و قاموس و کتێبی ڕێزمان، دیوانانی شیعر و کتێبێن ئەدەب و ڕەخنە و ڕەوانبێژی و زمانناسییە..

بەڵام ئەمە ماناى وانییە كارى سەرەكى ڕەخنە بریتییە لە دەست نیشان كردنى وشە هەڵە یان دروستەكانى زمانى دەق، نا نەخێر، كارى ڕەخنە لەوە تێ دەپەڕێ بۆ هەڵسەنگاندنى لایەنە چاك وخراپەكانى دەق، دەست نیشان كردنى ئەو بەها سایكۆلۆژى و هەستەوەریانەى، زمانى دەق پێی بارگاویە. واتە ڕەخنەگر، زیاتر سەروكارى دەگەڵ تەبیعەت وخەسڵەتە هونەرییەكانى زمانى دەق و كەشفكردنى توانا پەنهانەكان و گەنجینە گوزارشتەوانیەكانى دەقە، كە ئەمە پێویستى بە توانایەكى خۆڕسك و بەهرەیەكى تایبەتى و پاشخانێكى چاندى ئەوتۆ هەیە، كە بتوانێ پەردە لە سەر نیازو مەبەستە زمانى و گوزارشتەوانیەكانى نووسەر لابدات و تێمان بگەیەنێت بۆ ئەم وشە یان دەستەواژەیەى بەكار بردووە و وشە و پەیڤ، یان دەستەواژەیەكى دى بەكار نەبردووە..

كەواتە لە میتۆدى ڕەخنەى زمانەوانیا، هونەرییەتى دەق گرینگە، جا پەیڕەوانى ئەم میتۆد و ڕێبازە زمان بە ڕەگەز وكەرەستەى سەرەكى ئەدەب دەزانن و پێیان وایە زمان لە كارى ئەدەبیدا، ئەوزارى گەیاندن یان تێگەیاندن نییە، بەڵكو بۆخۆى ئامانجە، ئەدیب بەشێوازى خۆى، شێوەو قاڵبێكى تایبەتى ئەوتۆى دەداتێ، كە لە زمانى دیالۆگ و گوت وبێژى خەڵكانى ئاسایى جیاواز بێ، واتە تەشكیلەیەكى تازەى ئەوتۆى پێ دەبەخشێت، كە قۆناغى تێگەیاندن ببەزێنێ، بۆ قۆناغى كاریگەرى، واتە لە زمانى تێگەیاندنەوە، دەیگۆڕێت بۆ زمانى كاریگەرى.. بەم پێوەدانگە بەلاى پەیڕەوانى ڕەخنەى زمانەوانییەوە، زمان لە نك ئەدیبى ڕاستەقینە، ئەوزارى گەیاندن و تێگەیاندن نییە، بەڵكو ئەوزارێكە بۆ ئافراندنێكى هونەرى نوێ و جیاواز لە هونەرێن دى و نووسەر شەقڵى تایبەتى خۆى پێدەبەخشێت، وشە، وێنە، دەستەواژە، بە شێوەیەكى تایبەتى بەكار دەهێنێت و ئەركى ڕەخنەگر، ئەوەیە كە ئەم تایبەتمەندییە لە زمانى دەقەكەدا بدۆزێتەوەو كەشف بكات.. ئەگەر ئەم كەشفكارییە نەبێت، دەقەكە بە داخراوى دەمێنێتەوەو ڕەمز وڕاز وهونەركارییەكانى ناكەونە ڕوو و وەرگر نە وەكو پێویست لەزەتى ئیستاتیكى لێوەردەگرێت و نە سوود.. واتە ئەگەر ڕەخنەگر، زمانى دەق نەكات بە تەوەرى كارەكەى و كلیلى خوێندنەوە بۆ دەقەكە، نە خزمەتى دەق و خاوەن دەق دەكات و نە خزمەتى وەرگر، ئەگەر ڕەخنەگر زمانى كارە ئەدەبییەكە پشتگوێ بخات و باسى كۆمەڵێك لایەنى دیكەى دەقەكە بكات، ماناى وایە خۆى لە كرۆك و جەوهەرى ئەدەبەكە، كە زمانە، بواردووە و دەبوێرێت.. ئەمەش بەو مانایە نییە كە لایەنەكانى ترى دەق پشتگوێ بخرێ، بەڵكو بەو مانایەیە كە لە میانى بایەخ دان بە زمان و بە ڕادەى كاریگەرى و ڕەنگدانەوەى ئەم لایەنانە لە خودى زمانەكەدا، بایەخ بەو لایانانەى دى بدرێت.. هەڵبەتە ئەم میتۆدە ڕەخنەوانییە، واتە

(الاسلوبية) یان "ڕەخنەی زمانەوانی " تاکو ئەمڕۆش لە ڕەخنەی ئەورووپی هاوچەرخدا، هەواداری خۆی هەیە..

( ٤ )

هەڵبەتە زمان دیاردەیەکی زندووە و، لە یەک پێستا نامێنێتەوەو لە سنوور وچوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نامێنێ و لە یاسا وڕێسای گۆڕان وپەرەسەندنی بەردەوام بەدەر نییە وبەگوێرەی زەروورەتە حەیاتیە هەمەجۆرەکان، کەم وزۆر گۆڕانی بە سەردا دێت و، هەموو دەزانین کە ژیان لە پەرەسەندن و گۆڕانی بەردەوامدایە و زمانیش لەم ڕووەوە، شان بەشانی ژیان دەڕوات، ئەگەر ژیان لە گەشە و نەشە و پێشکەوتندا بێ، زمانیش لە گەشە و نەشە وپێشکەوتندا دەبێت و پێچەوانەش پێچەوانەیە.. دەکرێت لە میانی زمانی هەر قۆناغێکی ژیانی هەر نەتەوەیەکەوە پەی بە ماهیەتی حاڵ و ئەحواڵی ژیان وئەو قۆناغەی ئەو میللەت و نەتەوەیە، ببرێ و بزانرێ ئاخۆ لە حاڵی تەرەقی و پێشکەوتندا بووە، یان لە حاڵی پاشکەوتن و چەقبەستندا بووە، چونکە زمان تۆماری میللەتە و گوزارشت لە هزر وبیر وبۆچوون و خولیا وکەڵکەڵەکانی میللەت دەکات.. بەم پێیە، زمان لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندن و تازەبوونەوەدایە، وئەم پرۆسەی پەرەسەندنەش، زادەی پەرەسەندن و تازەبوونەوەی ژیانە بە هەموو کایە مادی و مەعنەوییەکانیەوە.. کەواتە گۆڕان پرۆسەیەکی حەتمی وبەردەوامە و زمانیش لەو پرۆسەیە بەدەر نییە ولە نەش ونما ناوەستێت و کە دیاردە شارستانی و ژیارییە فیکری و مادیەکانی هەر قۆناغ و سەردەمێک دەگۆڕێت، پێویستی بە ڕەوشێکی زمانەوانی تازەیە کە لە خۆی بگرێت و گوزارشتی لێبکات.. کەواتە زمان وەکو هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بمانەوێ و نەمانەوێ ملکەچی پرۆسەی پەرەسەندن وگۆڕانە، لە زۆر ڕووی وەکو فۆنەتیک وڕێزمان وناوەڕۆک ودەلالەت و میتافۆرەوە، ئەم پەرەسەندن و گۆڕانکاریەش، بە ئارەزووی ئەم وئەو یان بەڕێکەوت و لەخۆڕا ڕوونادات، بەڵکو زادەی حەتمیەتی یاسا و ڕێسای پەرەسەندنی ئاساییە و سروشتیە.. بەڵام دەبێ ئەوانەی لە خەمی زماندان و سەروکاریان دەگەڵ زماندا هەیە، مل بۆ ئەو حەقیقەتە بدەن کە زمان بوونەوەرێکی زندووە، ماکی ئەوەی تیایە بەگوێرەی زەروورەتە حەیاتیە مادی ومەعنەویەکان خۆی بگۆڕێ و کاژ فڕێ بدات، بۆ ئەوەی تازە ببێتەوەو توانای ئەوە پەیدابکات کە گوزارشت لە سەردەمی تازە ولێکەوتە مادی و مەعنەوییەکانی بکات. بەکورتی و بەکوردی زمان لە قاڵب نادرێت، چونکە وەکو گوترا ملکەچی پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندنە، دیارە ئەو گۆڕان و

پەرەسەندنەی بەسەر پەیڤ و وشەدا دێت، تەنیا فۆنەتیک و ڕیتمی وشە ناگرێتەوە، بەڵکو مانا و چەمک ودەلالەتەکانیشی دەگرێتەوە وهیچ زمانێک لە گۆڕان و پەرەسەندنی دەلالی ناخەلەسێت.. یەکێک لە دیاردە زمانەوانیەکان ئەوەیە کە هەندێک زاراوەو وشە، لەم زمانەوە دەچنە ناو ئەو زمان، ئەمەش دەرهاوێشتەی زەرورەتی گوزارشتەوانیە، بەڵام زۆرجار ئەو وشە بیانیانەی کە دێنەناو زمانێکی دیکەوە، دەنگ و ڕەنگی دەگۆڕێت و ملکەچ دەکرێت بۆ دەنگ و ئاهەنگی زمانە تازەکە تا لە وتنا لە سەر زمان ئاسان بێت وشەقڵی زمانە تازەکە وەربگرێت. هەندێجاری کەمیش وەشە خوازراوەکە بە هەمان دەنگ و ئاهەنگ و فورمەلەی خۆیەوە دەمێنێتەوە.. بەهەرحاڵ ئەمە دیاردەیەکە لە هەموو زمانانی دنیادا ڕوودەدات و هیچ زمانێکی پەتی لە دنیادا نییە، زمانی پەتی نیشانەی گۆشەگیری ئەو زمانەیە ومانای ئەوەیە کە هیچ تەماسێکی ئەپستمولوجی دەگەڵ زمانانی دیدا نییە.. بەپێچەوانەوە وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی، هەڵبەتە لە سنوورێکی ماقولدا، بە تایبەتی ئەو پەیڤ و زاراوانەی لە خودی زمانەکەی خۆتا نین و زەروورەتی بەکارهێنان، دەیهێنێتە ناو زمانەکەتەوە، نیشانەی زندوویەتی ئەو زمانەیە کە دەتوانێ ئیستیعابی وشە و زاراوەی بێگانە بکات و شەقڵێکی خۆماڵی پێ ببەخشێت وتوانای زمانە خۆماڵیەکە زیاد دەکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوزارشت لە پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، کە قسەی پێدەکەن. ئیدی ئەم دیاردەیە لە کۆنی کۆنەوە، لە نێو زماناندا هەبووەو ئەمڕۆ لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیا و تەماس و یەکانگیری کەلچەر و هزر وبیر وهونەر وداهێنانەدا، یەکجار زۆر بووە، بەڵام ئەم دان و وەرگرتنە زمانەوانیە وەکو گوتمان دەبێ لە سنوورێکی ماقوولدا بێ، دەبێ ئەو وشە وزاراوانە وەربگیرێن کە دەرهاوێشتەی زەروورەت بن و لە زمانە ئەسڵەکەدا هاوتایان نەبێ، ئەمە نەک زیان بە زمان ناگەیەنێ، بەڵکو دەوڵەمەندی دەکات و ئاستی گوزارشتەوانی زمانەکە بەرز دەکاتەوە.. هەڵبەتە ئەم دیاردەی دان و وەرگرتنە زمانەوانیە وەکو ئاماژەمان کردێ، بەمانای ئەوە نییە دەرگای زمانەکەت بخەیتە سەر گازی پشت وبە لێشاو پەیڤ و زاراوەی پێویست و ناپێویستی تێ برژێ و زمانە ئەسڵەکە بشێوێت.. دەبێ ئەو پەیڤ و زاراوانە وەربگرین، کە هاوتایان لە زمانە ئەسڵەکەدا نییە و زەرورەتی گوزارشتەوانی وابخوازێ کە وەربگیرێن، کە وەرش گیران وا چاکە لە قاڵبی زمانە ئەسڵەکە بدرێ و بەگوێرەی دەستوور وتەبع و تەبیعەتی زمانە ئەسڵەکە مشت وماڵ بدرێ و فورمولە بکرێت.. بە هەرحاڵ زمان گرێدراوی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە قسەی پێدەکات، ژیانی ئەوانەش لە پەرەسەندنی بەردەوام و گۆڕانی هەمیشەییدایە وزمان دەبێ لە ئاستی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانەدا بێ و بتوانێ گوزارشتی لێبکات.. کەواتە ئیجتیهاد لە زماندا ئەگەر لە یاسا و ڕێسای

خۆی دەرنەچێت و سیستەمە گشتیەکەی نەشێوێنێ، زامنە بۆ مان وبەردەوامی زمان و خۆ تازەکردنەوە بەگوێرەی پێداویستیە گوزارشتەوانیەکانی ژیانی ئەو خەڵکەی قسەی پێدەکەن و بەکاری دەهێنن. کەواتە لە میتۆدی ڕەخنەی زمانەوانیدا دەبێ ڕەخنەگر، سەبارەت بە زمانی دەق، کەسێکی کراوەبێ، خۆی لە هەر سەختگیرییەکی زمانەوانی بە دووربگرێت و باوەڕی تەواوی بەوەبێ کە زمان بوونەوەرێکی زندووە و لەپەرەسەندنی بەردەوام و لە گۆڕانی هەمیشەییدایەو بە گوێرەی پێداویستیە حەیاتیەکان لە حاڵی تازەبوونەوەو خۆ تازەکردنەوە و کاژ فڕێداندایە بۆ ئەوەی نەمرێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – علاقة النقد بالابداع الادبی/ بقلم د. ماجدة حمود. منشورات وزارة الثقافه، فی الجمهوریه العربیه السوریه/ دمشق ١٩٩٧.

٢ – النقد اللغوی بین التحرر و الجمود/ د. نعمة رحیم العزاوی/ الموسوعة الصغیرة ( ١٤١ ) بغداد/ ١٩٨٤.

٣ – یمنی العید/ ممارسات فی النقد الادبی/ دار الفارابی- بیروت/ ١٩٧٥.

٤ – د. زکی نجیب محمود/ فی فلسفة النقد/ دار الشروق/ الطبعة الثانیه ١٩٨٣.

٥ – جورج مولینیه/ الاسلوبیة/ ترجمەو قدم له د، بسام برکه/ مجد، المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع/ ط٢ / ٢٠٠٦.

## زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە

ن: حەمە کەریم عارف

زمان یەکێکە لە داهێنان و دەستکەوتە هەرە گرینگەکانی تیرەی بەشەرو لە گیانلەبەرەکانی دیکەی جیاکردووەتەوە، لەوساوەی کە بەشەر زمانی داهێناوە لە هەموو ئاستێکی جڤاکی و حەیاتی و فەلسەفی و هونەرییەوە، کەوتووەتە خۆ گێڕانەوەو لە گومناوی ڕزگاری بووە. دیارە ئامیان و بەردی بناغەی هونەر، کە لێرەدا ئەدەبیاتمان مەبەستە، زمانە وزمان بۆخۆی بەبەردی بناغەی ژیار و شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەری دێتە ژماردن و..شارستانیەتیش کەلەپوور ومیراتی خەلک و خوا و کۆمەڵگەێن بەشەری جیاوازە و، یەکێکە لە دەستکەوت و تایبەتمەندیەکانی تیرەی بەشەر.. خود گێڕانەوە یان گێڕانەوە تاکو ئەمڕۆش یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگ و هەستیارەکانی ئەدەبیات، ئەدەبیاتیش بێژی نەبێژی بەشێکە لە ژیار وشارستانیەت، یانی ئەگەر نەبێت بە پڕکێشی و زێدەڕۆیی دکارم بێژم دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، وەکو دیاردەیەکی ئیستاتیکی واقیعی دەکاتە مێژوویەکی تایبەتی و هونەری، مێژوو ئەگەر ڕاستگۆیانە و بێ لایەنانە نووسرابێ، دەکاتە چیرۆکێکی ناهونەری.. بۆیە هەندێجار ئەوەی تێکستێکی ئەدەبی دەربارەی ڕەوش و حاڵ و ئەحواڵی خەڵکی سەردەمێکی دیاریکراو دەماننداتێ، زۆر زیاترە لەوەی تۆماری مێژوو دەماننداتێ.. ئەمەش سەر بۆ ئەوە دەکێشێت کە نووسەر تەنیا لە ژێر هەژموون و کاریگەری و باندۆری کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو ئەویش کاریگەری و باندۆری بە سەر کۆمەڵگەوە هەیە وهەردوو لای ئەم هاوکێشەیە لە کارلێکی تەواودان.. واتە هەوڵی هونەری تەنیا کۆپی کردنی موو بە مووی واقیع و

ژیان، وەکو خۆی نییە، بەڵکو هونەراندنیەتی.. بۆیە دەشێت لێکۆڵینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەکدا دێت، یارمەتیدەر بێت بۆ ناسین و پەی بردن بەو گەشە ونەشە و گۆڕانانەی بەسەر کەلتوور و ژێرخانی فەرهەنگی و شارستانی ئەو کۆمەڵگایەدا هاتووە. ڕاستە ئەدەبیات لە پێناسە گشتیەکەیدا دەکاتە بەرهەمهێنانی هونەریانە و ئیستاتیکی زمان و لەزەتێکی ئیستاتیکی بە وەرگر دەبەخشێت، بەڵام هەندێ بەرهەمی ئەدەبی هەن، ئەوەندە بە قووڵی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جڤاکی سەردەمی خۆیان شەن و کەو کردووە کە هەندێجار لە سەرچاوە گرینگەکانی کۆمەڵناسی زیاتر پشتیان پێدەبەسترێ و متمانەیان پێدەکرێت.. لەم بارەیەوە بالزاک و چارلز دیکنز بە نموونە دەهێنرێنەوەو دەگوترێ ئەگەر شارەزایی ونۆڕینی وردی کۆمەڵناسیان نەبوایە هەرگیز وەکو پێشەنگانی ڕۆمانی ریالیستی لە مێژوودا بە نەمری نەدەمانەوە.. بەهەرحاڵ ڕاوبۆچوونی زۆر و هەمەجۆر و تەنانەت هەڤدژیش سەبارەت بە کۆمەڵناسی ئەدەبیات و هونەر هەیە، هەندێک پێیان وایە کە " کۆمەڵناسی هونەرو ئەدەبیات، لقێکە لە زانستی کۆمەڵناسی کە لە پێکهاتە وباندۆری جڤاکی هونەر و ئەدەبیات و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و هونەر دەکۆڵێتەوە. بە هەرحاڵ لەمەوە دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییە کە دەقی ئەدەبی، چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی دەچێتەوە سەر واقیع وکەم وزۆر، دوور ونزیک، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بویەر و واریقاتی سەردەمی خۆی دەنوێنێت. واتە بەم پێیە، دەکرێ لە ڕێگەی موتاڵا وخوێندنەوەی دەقی ئەدەبی ڕەسەنەوە، کەم دابێژێک پەی بە مێژوو و شێوەی ژیانی خەڵکی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو ببرێت... هەڵبەتە هونەر و ئەدەبیاتیش بە گوێرەی پێداویستییەکانی ژیانی بەشەر دەگۆڕێت ولە پرۆسەی گۆڕان ناخەلەسێت.. هەر لەم پێوەدانگەوە، گەلێک لە تیوریسینی ئەدەبی ئەمڕۆ، پێیان وایە هەر خوێنەرێک کە دەقێ دەخوێنێتەوە وهەرجارێ کە هەمان دەق دەخوێنێتەوە، بەجۆرێکی جیاواز دەیخوێنێتەوە، چوونکە لە سایەی هەلو مەرج وزەمینەیەکی جیاوازدا دەیخوێنێتەوە، وەکو ئەوە وایە دەقێکی جیاواز بخوێنێتەوە، بەم پێیە ولەم ڕوانگەیەوە " کۆمەڵناسی دەق " وەکو لقێک لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات دەخرێتەڕوو.. ئیدی بەمجۆرە هەندیک لە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە چەمک و مانا گشتیەکەیدا، هاوتای " ڕەخنەی جڤاکی " دەقی ئەدەبییە و، هەندێک لە شارەزایان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بە لقێکی دیکەی کۆمەڵناسی ئەدەبیات دەزانن.

***

ئینسان بوونەوەرێکی بیرکەرەوە، زماندار، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەزموونگەرایە، هەر کاروکردەوەیەکی بەندە بە بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری ئەوەوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی بیر

وکردەوە، لە یەکدی نایەنە دابڕان و هەمیشە، لە کارلێکی بەردەوامدان و یەکدی تەواو دەکەن، بیر وکردەوە پەیوەندییەکی دیالکتیکیان بەیەکەوە هەیە. بیر لە بۆتەی ئەزموون و کردەوەدا، گەشە ونەشە دەکات و دەخەملێ و بەرجەستە دەبێت وکردەوە، بە پشتیوانی بیر دەخەملێ و پێدەگات. بەرخورد و مامەڵەی بیروکردار، هۆشیاری ومەعریفەتی لێدەکەوێتەوە واتە هۆشیاری ومەعریفەت، بەرەنجامی بەرخورد و مامەڵەی دوو لایەنەی بیر وکردارە. ئینسان بە درێژایی مێژوو، دنیایەک زانست و هۆشمەندی بەدەست هێناوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زۆرتری کردووە و زیاتری دەکات. هۆشیاری وئاگایی لە ڕێگای پرۆسەی مەعریفەتەوە بەرجەستە دەبێت وقاڵبی خۆی وەردەگرێت، زادە وبەرەنجامی بەرخوردە لە گەڵ ژینگەی سروشتی وجڤاکی دەوروبەری مەدا. هەموو هۆشیاری و ئاگاییەکیش درەنگ یان زوو کرداری لێدەکەوێتەوە.. گوتمان مەعریفەت بەرەنجامی بەرخوردە لەگەڵ ژینگەدا، کردەوەو ئەزموون مەعریفەی لێدەکەوێتەوەو مەعریفەش، کردار (عمل ) دەخەملێنێ.. بەهەرحاڵ ئینسان وەکو بوونەوەرێکی ئەزموونگەرا، هەر کەشفێکی کردووەو هەر مەعریفەتێکی پەیدا کردووە، لە باندۆری ئەزموونی ژیانی خۆی بەدەر نەبووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەر تاکێک بۆ وەدەست هێنانی ئاگایی، دەبێ بەخۆی شتەکەی ئەزموون کردبێ، چونکە ئەزموونی هەر نەوەیەک، بۆ نەوەی دوای خۆی دەمێنێتەوەو دەبێ بە کەلەپووری ئەو، سەرەتای ژیانی هەر نەوەیەک، درێژەی ژیانی نەوەی پێش خۆیەتی، بۆیە ئەزموونی نەوەکانی پێشوو بە هۆی ئاوەز وئیدراکەوە، دەبێت بە ئەزموونی نەوەی ئێستا و ئیدی پێویست ناکات بۆ نموونە ئەزموونەکەی گالیلۆ دووبارە بکاتەوە.

هەڵبەتە ئاگایی یان مەعریفەت، لە میانی پرۆسەی تایبەتی خۆیەوە بەرجەستە دەبێت، فۆرمی خۆی وەردەگرێت، نەشە وگەشە دەکات و پێدەگات و بەرەبەرە لە قۆناغەکانی دواترا کەڵەکە دەبێت و ڕەوتی خۆی وەردەگرێت و ئاگایی و مەعریفەی زانستی وهونەری لێدەکەوێتەوە.. هەر مەعریفەیەک لە دوو ڕەگەزی ئیدراکی و عاتیفی پێک دێت، واتە مەعریفە هەم ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکییە وهەم ڕەنگدانەوەی باری دەروونییە. ئیدراک ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکییە لە زەینی ئینساندا و، سۆز و عاتیفە ، کاردانەوەی دەروونیی مرۆڤە لە هەنبەر ئیدراکدا، پەیدا دەبێت... کەواتە مەعریفە، لە هەموو حاڵێکدا هەم هەڵگری ڕەگەزی ئیدراکیە وهەم هەڵگری ڕەگەزی عاتیفیە. دیارە هەندێجار عاتیفە بەسەر ئیدراکدا زاڵ دەبێ و هەندێجار بە پێچەوانەوە. مەعریفەش کە بە تەواوی بەرجەستەبوو و گەییە حاڵی سیستەماتیک ، سەر بۆ مەعریفەی زانستی یان هونەری دەکێشێت، واتە ئەگەر ڕەگەزی ئیدراک لە هاماجی ئاگاییدا زاڵ بێ، ئەوا مەعریفەی زانستی لێدەکەوێتەوەو، ئەگەر ڕەگەزی عاتیفی زاڵ بێ، مەعریفەی هونەری لێدەکەوێتەوە.. جۆرە مەعریفەیەکی دیکەش هەیە، کە ئەویش مەعریفەی فەلسەفییە، کە لە ڕاستیدا و بەحوکمی ئەوەی

بایەخ بە هەردوو واقیعی بێرۆنی و هندوری دەدات، بە هەوێن و ئامیانی هەردوو مەعریفەی زانستی و هونەری دێتە ژماردن. بە هەرحاڵ، هەر سێ مەعریفە زانستی، هونەری و فەلسەفیەکە، بێژی نەبێژی ڕەگ وڕیشەیان کەم وزۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەریەک و بە ئاسانی لێکدی هاوێر ناکرێن.. چونکە لایەنی ئیدراکی و لایەنی عاتیفی بەڕێژەی کەمتر یان زیاتر لە هەر بوارێکی ئەو مەعریفانەدا هەن، بۆ نموونە لایەنی ئیدراکی لە زانستە ماتماتیکییەکاندا زاڵترە تا لە بوارە زانستییەکانی دی، یان لایەنی عاتیفی لە موسیقادا زیاترە تا لە بوارە هونەرییەکانی دی.

***

هەڵبەتە هەرجۆرە هونەرێک سەرچاوەو کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و، وەکو چۆن شێوەکاری سوود لە بۆیە و ڕەنگ و فڵچە وەردەگرێت، وەکو چۆن هونەری پەیکەرسازی سوود لە گەچ و کانزا و کەرەستەی دیکە وەردگرێت، بەو ئاوایە کەرەستەی ئەدەبیات زمانە و، بە زمان ولە ناو زماندا بەرجەستە دەبێت و فۆرم وقاڵبی خۆی وەردەگرێت، واتە کەرەستەی ئەدەبیات زمانە... جا لە بەر ئەوەی زمان لە چاو ڕەنگ و بۆیە و گەچ و کانزا و کەرەستەێن سروشتیەوە، زندووترەو لە هزرەوە نزیکترە، دەشێت هەڵگری هەم لایەنی ئیدراکی و هەم لایەنی عاتیفی بێت. هەرکاتێ دەربڕینە ئەدەبییەکە، بە میتافۆر ، خەیاڵ ، تەنز، ئەفسانەسازی، جۆرەها سۆز و گوداز بارگاوی ببێت و زیاتر بایەخ بەلایەنە سایکۆلۆژیەکان و ڕاڤە وشرۆڤەی دەروون ودیوی ناوەوە بدات، تای تەرازووی هونەر قورستر دەبێت و، هەرکاتێ دەربڕینەکە زیاتر شەقڵی دەلالەتی و سەلماندن وەربگرێت، تای تەرازووی ئیدراکی و زانستی مەعریفە بەشەریەکە قورستر دەبێت.. زمان و هزر وبیر پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیە، بەڕادەیەک تێکەڵ دەبن دەشێت بگوترێ زمان، بیرێکی زندووە، زمان قاڵبی هزر وبیرە.. بە هەرحاڵ باندۆر و کاریگەری زمان بە سەر هزر و بیرەوە شتێک نییە نکۆڵی لێبکرێت و زمان خۆی لە خۆیدا کرۆک و جەوهەر وماهیەتێکی کەلتووری و فەرهەنگی هەیە وزمان خۆبەخۆ، بناغەی ئەپستمولۆجی وکەلتوور وفەرهەنگی گشتی هەر کۆمەڵگەیەکە وفاکتەرێکی هەرە سەرەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکە، هەڵبەتە زمان تەنیا ئەوزاری پەیوەندی نییە، بەڵکو دەزگا و سازییەکی ئیدارکی و عاتیفیشە، کۆکەرەوە و خاڵی یەکانگیری هەموو کایە ئەپستمولوجیەکانی زانست و فەلسەفە و هونەرە، دەزگای زمان بە ڕادەیەک گرینگە، دەتوانرێ بگوترێ، هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، هەربۆیەش داگیرکەرانی کورد، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان زمانی کوردی کەڕەتی سفر بکەن، ئەمە جگە لە خەمساردی خۆشمان!..

دیاره هونەر، لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە – مێژووییەکان بەدەر نییە و نابێت. توێژینەوە و زانینی گۆڕانکاریە هونەرییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، ڕۆڵێکی گەورە لە توێژینەوە و زانینی گۆڕانکارییە کەلتووری و فەرهەنگی و ژێرخانییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەبینێ. واتە هونەر بمانەوێ و نەمانەوێ پەیوەندییەکی نزیکی دەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە.. ئەو کەسانەی بانگەشەی " هونەر بۆ هونەر " دەکەن، باوەڕیان وایە هونەر نابێت هیچ ئالیگرییەکی سیاسی هەبێت وئەمانە بەو بۆچوونەی خۆیان، پەیوەندییە دیالکتیکییەکەی نێوان هونەرو  کۆمەڵگە فەرامۆش دەکەن.. ئیدی هونەر بەگوێرەی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا گۆڕانی بەسەردا دێت. ئیدی چ هونەرمەند و چ زانا هەردووکیان بایەخ بە گۆڕان و گۆڕینی واقیع دەدەن و لە پرۆسەی گۆڕان بەدەر نین. ئەگەر زانا لەبەر ڕۆشنایی واقیعی دەروونی ( هندووری ) واقیعی بێرونی کەشف دەکات، ئەوا هونەر لەبەر ڕۆشنایی واقیعی بیرۆنیدا واقیعی هندووری دەناسێنێ و کەشف دەکات.. واتە هەردووکیان عەودالی حەقیقەت دۆزین، ئەویان عەودالی حەقیقەتی زانستییە ئەمیان عەودالی حەقیقەتی هونەری یان ئیستاتیکییە..

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، زمان کەرەستەی سەرەکی هەر بەرهەمێکی ئەدەبییە.. دیارە زمان، خۆبەخۆ بریتی نییە لە کۆمەڵێک وشە و پەیڤی بێ سنوور و بێ کۆتایی، ئەوەی بێ سنوور وبێ کۆتاییە، مانایە نەک وشە، بۆیە میتافۆر وبەکاربردنی میتافۆری، زمان لە سنووورداری دەرباز دەکات.. میتافۆر وخوازە وخواستن، بریتییە لە بەکارهێنانی وشە بۆ مانا و مەبەستێکی دی.. جا بەم پێیە ولەم پێوەدانگەوە، گەورەترین و کاریگەرترین کاری میتافۆر و خواستن، دەکاتە داهێنان و ئەفراندنی زمانێکی تازە، کە تا کەلتوور و فەرهەنگ و شارستانیەتی بەشەری ئاڵۆزتر بێت، بەگوێرەی پێداویستیە حەیاتییەکان زیاتر پەنای دەبرێتێ و پتر سوودی لێوەردەگیرێت.. هەڵبەتە میتافۆر وخواستن، شیان و توانای دەرکی مە لە دنیای دەوروبەرمان و فامکردنی مە زۆر دەوڵەمەند دەکات . پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە میتافۆر وخواستن، لە ئەدەبیاتدا زیاتر بەکار دەبرێ تا لە کایە ئەپستمولوجیەکانی دیکە و، میتافۆر و خواستن تەنیا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگای ئیدراکی بەکار نایەت، بەڵکو بەمەبەستی دەربڕینی هەست و سۆز وچۆنیەتی ئیستاتیکای ئەدەبیش بەکار دەبرێت، یانی لەم حاڵەدا زمان لەوە دەرباز دەبێ کە ئەوزارێکی سادە بێت ودەبێت بە دەزگا و سازییەکی ئیدراکی و عاتیفی.. کەواتە زمان کۆمەڵێک پەیڤ و وشەێن دیاری کراوە، بەکۆمەکی میتافۆر و خواستن وخوازە، توانایەکی مانایی بێ سنوور پەیدا دەکات.

دیارە کە زمان پێش میتافۆرەو ڕەگەزێکی بونیادینی فەرهەنگی و شارستانییە. کەلتوور و شارستانیەت پوختە و کاکڵەی ژیانی کۆمەڵایەتیە و جیاوازیەکی سەرەکی نێوان ئینسان وحەیوانە. هەندێک پێیان وایە کە زمان ئاوێنەی واقیع نمای فەرهەنگ و کەلتوور و شارستانیەتە، بە هەموو چەمک و ماناکانیەوە. بەم پێیە ئەدەبیات وەکو دیاردەیەکی فەرهەنگی کەلتووری، ئاوێنەی ئەو دنیا و واقیعەیە کە تیایدا لەدایک بووە و ئەدەبیات پایە وبنەمایەکی کۆمەڵایەتیە و، لە ڕێگەی زمانەوە، کە ئەویش دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتیە، گوزارشت لە خۆی دەکات.. بۆیە هەندێک، بەرهەمی ئەدەبی، بە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی کۆمەڵایەتی نازانن بەڵکو بەجۆرە بەرهەمهێنانێکی کۆمەڵایەتی دەزانن. واتە بەرهەمی ئەدەبی، بە کۆمەکی هەندێ کەرەستەی خاوی وەکو زمان، دەقێن ئەدەبی دیکە و تەکنیکی تایبەتی، ئەو کەرەستە خاوانە دەگۆڕێ بۆ شتێکی تازە وقاڵبێکی تازەیان پێدەبەخشێت.. یانی لەم پێو دانگەوە بەڕای هەندێک لە خاوەن نەزەر و شارەزایان ناتوانرێ بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ تێکستی ئەدەبیدا بکرێ کە ڕەنگدانەوەی واقیعی مێژوویيە، چونکە زمان ناتوانێ جیهان بنوێنێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ وەسفی جیهان بکات..

دیارە زمانیش دیاردەیەکی یەجگار ئاڵۆزە، بە گوێرەی واقیعی چینایەتی، جوگرافی، ناوچەیی، ڕەگەزی و نەژادی، پێگەی کۆمەڵایەتی و... هتد دەگۆڕێن. جا بەم پێیە ئەدەبیات ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە، بەڵکو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەخۆی بویەرێکی کۆمەڵایەتیە. ئەدەبیات هەر زادەی مێژوو نییە، بەڵکو چالاکانە بەشداری لە دروستکردنی مێژووشدا دەکات.. واتە ئەدەبیات تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو خودی واقیعە. هەڵبەتە بونیادی زمانەوانی لە باندۆر و کاریگەری بونیادی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی مێژوویی بەدەرنییە. بۆیە هەر توێژ وچینێکی کۆمەڵایەتی شێوازی گوزارشت و دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە، توێژەران پێیان وایە لایەنی کەمی ئەرکی ئەدەبیات سوودمەند بوون و لەزەت بەخشینە، ئەدەبیات و خوێندنەوەی ئەدەبیات تەنیا بۆ وەخت بەسەر بردن نییە، بەڵکو پەیامە، پەیامێکی جدیە، بۆ ناساندنی ئینسان بە خودی خۆی و زەروورەتی ڕژد بوونی لە سەر ئینسانیەتی خۆی بە هەموو ئەرک و مافەکانیەوە.. ئەمەش بۆخۆی جۆرە لەزەتێکی بەسوودە، کەوایە سوودمەندی و لەزەتی ئیستاتیکی دوو ڕووی یەک دراون.. هەندێجار هەندێ دەقی ئەدەبی ڕەنگە لە زۆر سەرچاوەی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، و مێژوویی ئاگایی و بێداری، زیاتر و واقیعی تر بەخوێنەر بدات. ماکسیم گورکی پێی وایە ئەدەبیات یارمەتی ئینسان دەدات تا خۆی باشتر بناسێت و متمانەی پتر بەخۆی پەیدا بکات. ئەدەبیات مەیلی حەقیقەت دۆزی و خەپتین دژی گەندەڵی لە بوونی خەڵکیدا بێدار دەکاتەوە، تا بتوانێت، خەسڵەتە باش و مرۆڤانیەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بەدەست بێنێتەوە..

ئەدەبیاتی ڕەسەنی هەر سەردەمێک ڕەنگدانەوەی خولیا دەروونی وباری سایکۆلۆژی و هەوراز ونشێوە کۆمەڵایەتی – مێژووییەکانی ئەو سەردەمەیە... ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی جۆرە خەباتێکە لە پێناوی بەدەست هێنانی ئاگایی و گەیشتن بە حەقیقەت، کەواتە بابەتی سەرەکی ئەدەب مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە... مرۆڤ بە تەبیعەت دەیەوێ ئەوە نەبێت کە هەیە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو شتەبێ کە پێویستە ببێت. لە هەوڵی ئەوەدایە کەوشەنی ئەو واقیعە ببەزێنێت کە هەیە و بگات بە حەقیقەتی ئایدیال، بۆ ئەمەش دەبێ ڕەوش و بارودۆخە باو وبەرقەرارەکە بگۆڕێت. ئەدەبیات لە ڕێگەی دەربڕین وگوزارشتی ئیستاتیکیەوە کار بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی دەکات، بۆیە زۆرجار دەگوترێ لەڕێگەی دەقێن ڕەسەنی ئەدەبیەوە دەکرێ، مێژوو و هەلومەرج و ڕەوشی واقیعی ژیانی خەڵکی سەردەمێکی تایبەتی بخوێنرێتەوە، هەڵبەتە ئەم شێوە گوزارشت و دەربڕینە، خۆی لە خۆیدا کارێکی کۆمەڵناسانەیە.

بەکورتی کۆمەڵناسی ئەدەبیات، بەشێکی زانستییە کە جگە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەبیات کە بە توانا و ئیمکاناتێکی تایبەتیەوە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو سەردەم و دەورانە دەخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، کە بەرهەمە ئەدەبیەکەی تیا خوڵقێنراوە.

***

وەکو ئاماژەمان کردێ، زمان کەرەستە و ئەوزاری سەرەکی هەر دەق و ژانرێکی ئەدەبییە. بیر، چ لە ئەدەبیات دا و چ لە هەر گوتار و نووسینێکی دیکەدا، لە ڕێگەی زمانەوە دێتە دەربڕین و دەخرێتەڕوو و خودی زمانەکەش لە میانی ئەم پرۆسە و جەریانەدا نەش ونما دەکات، پەرە دەستێنێت و دەوڵەمەند دەبێت و دەخەملێت وپوختە دەبێت.

بە هەرحاڵ، فەرهەنگ وکەلتوور وشارستانیەت وئەپستمولوجیا، یەکێکە لەو دەسکەوتە بەشەریانەی کە دنیای بەشەری و حەیوانی لێکدی جیادەکاتەوە. هەوێن و ئامیان و ڕەگەزی هەرە سەرەکی و بناغەی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەدەبیاتیش لە هەر دوو لایەنی هزری و هونەرییەوە، بە ڕەگەزێکی گرینگی کەلتووری و فەرهەنگی، بەتایبەتی کەلتوور و فەرهەنگی مەعنەوی، دێتە ژماردن.. جا چونکە ماک و هەوینی سەرەکی ئەدەبیات زمانە، بۆیە ئاوێتەبوونی زمان و ئەدەبیات، شوێن وپێگەیەکی زۆر گەورەی لە فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە.. بە هەرحاڵ زمان داهێنانێکی ئەوەندە گرینگی ژیانی تیرەی بەشەرە ڕەنگە نەبێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ، هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە و تیرەی بەشەر، بە دەرەجەی یەکەم قەرزارباری زمانە... هەندێک لە زمانەوانە هاوچەرخەکان و تیۆریسێنە ئەدەبییەکان پێیانوایە زمان بە مانا

فراوان و دەلالیەکانی زمان تەنیا لە کۆمەڵگادا، ئیدی لە خانەوادەوە بیگرە تا دەگاتە کۆمەڵگە بەشەرییەکان، پەیدا دەبێت ،واتە گروپێکی جڤاکی دەتوانێ نیشانە و ڕەمز و دەلالەت بە زمان ببەخشێت. تاک دەتوانێ هەندێ دەنگی بێ مانا بەرهەم بێنێ، بەڵام ئەو دەنگانە تا لە بازنەی تاکایەتیدا بمێنێتەوە، مانایەکی ئەوتۆیان نابێ و بەڕەمز و نیشانە نایەنە ژماردن. واتە نیشانە و ڕەمز لە تاکایەتی وتەنیاییدا بەرهەم نایەن و تەنیا لە واقیع و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، سیستەمی زمانەوانی پەیدا دەبێت و بەرهەم دێت، واتە زمان لە گەڵ کۆمەڵگەداو لە ناو کۆمەڵگەدا پەیدا بووە و پەیدا دەبێت. زمان، پراکتیکی ترین ئەوزارە بۆ گوێزانەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرە هزری و کردەییەکان و کارامەترین ئەوزارە بۆ بەرخورد و مامەڵەکردن دەگەڵ دەوروبەردا، دەگەڵ سروشتی بێ گیان، گیانداران و دەگەڵ بەشەردا. کەواتە وشە بەتەنیا و لەخودی خۆیدا ناکاتە هیچ، بەڵکو لە بەکارهێناندا بایەخ و ڕەمزییەت و دەلالەت پەیدا دەکات.. بۆیە زۆرجار دەگوترێ زمان و هزر دوو ڕووی یەک دراون، نە زمانی بێ هزر هەیە و نە هزری بێ زمان هەیە... یان زمان سێبەری بیرە. هەڵبەتە زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیاتە، وەکو چۆن بەرد و برۆنز کەرەستەی خاوی پەیکەر سازییە، ڕنگ کەرەستەی نیگارکێشیە، دەنگ کەرەستەی موزیقایە.. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە زمان وەکو بەرد، برۆنز و ئەو جۆرە شتانە، خۆڕسک و سروشتی نییە، بەڵکو دەستکردی بەشەرە و ڕەگەزی بنەڕەتی کەلتوور و فەرهەنگە. هەڵبەتە زمانی کایە ئەپستمولوجی و مەعریفییەکان جیاوازن، بۆ نموونە زمانی ئەدەبی، زمانی ڕۆژانە و ،زمانی زانستی جیاوازن و هەر یەکێک لەو زمانانە تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە زمانی زانستی بەشێوەیەکی سەرەکی دەلالەتی و نیشانەییە، بەڵام زمانی ئەدەبی مەرج نییە دەلالەتی بێ، بەڵکو دەربڕینی حاڵەت و بارە دەروونیەکانیش لە خۆ دەگرێت. زمانی ئەدەبی زیاتر گێڕانەوەییە، زیاتر بە گێڕانەوە بارگاوییە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بگوترێ بنیادەم دەکاتە زمان و زمان دەکاتە کۆمەڵگە. واتا وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ئەدەبیات ڕەگەزێکی هەرە گرینگ و هەستیاری فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگەیە و زمانیش بەردی بناغە و ماکی فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵگەیە و ئەوزارێکی هەرە سەرەکی پەیوەندی نێوان بەشەرانە..

***

هەڵبەتە پەیوەندییەکی دینامیکی و ئۆرگانیکی چالاک لە نێوان دەقی ئەدەبی، نووسەر و خوێنەردا هەیە و، ئامانجی کاری ئەدەبی ئەوەیە کە خوێنەر بکات بە شەریکی بەرهەمهێنانی دەق نەک بە بەکاربەری دەق. دیارە گوتاری نووسراو یان دەق لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت وئیدی خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت وپەیوەندی بە نووسەرەوە نامێنێ و بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە

تووشی دەبێت بەتووشی خوێنەرانی زۆر وهەمە جۆرەوە... بۆیە دەقی ئەدەبی، کە بڵاو دەبێتەوە، لە نووسەر دادەبڕیت وپەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات. زندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەو دەق تەنیا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ولە میانی ئەزمونی خوێندنەوەی خوێنەرا، مادییەت و دەقایەتی پەیدا دەکات، دەنا لە ناو ڕەفەی کتێبخانەندا، ناکاتە هیچ و بۆیە دەقی ئەدەبی بەبێ خوێنەر و لە دەرێی خوێنەردا تەنیا ڕەش کردنەوەی پەڕانە و هیچ بایەخێکی ئەدەبی نابێت. واتە بەبێ ئەم بەشدارییە ئۆرگانیکیە زندوو و بەردەوامەی خوێنەر هیچ جۆرە ئەدەبیەتێک نایەتە دی.. ڕاستە خوێنەر ئازادە لە خوێندنەوە و ڕاڤەی دەقدا، بەڵام بەو ڕادەیە ئازاد نییە کە بە کەیف و مایەشای خۆی، بەکەیفی دڵی خۆی دەقەکە ڕاڤە بکات و هەرچیەکی بوێ لە دەرێی دەقەکەوە بیهێنێ و بە نەهەق لە دەقەکەی بار بکات و بە ئیلتیزاماتێکی ئایدۆلۆژی نەگۆڕ و حوکمێکی پێشوەختەوە مامەڵە و بەرخورد دەگەڵ دەقدا بکات، خوێنەری چاک دەبێ خوێنەرێکی لیبراڵ بێ، چەند لە ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقدا ئازادە، دەبێ ئەوەندەش نەرم بێ کە بتوانێ خۆی بگۆڕێت و دەستبەرداری هەر ئیلتیزاماتێکی ئایدۆلۆژی پێشوەختە بێت ، ڕاڤەو شرۆڤەکەی لە خودی دەقەکەوەو لە هندووری دەقەکەوە هەڵەنجێت وخوێندنەوەو ڕاڤەکەی لە لای خەڵکی دیکەش قەناعەت بەخش بێت.. بەتایبەتی دەقێک کە کراوە بێت و جۆرەها خوێندنەوە هەڵبگرێت.. بۆیە خوێندنەوە تەنیا کەشفکردن و دۆزینەوەی مانای دەق نییە، بەڵکو کاریگەری و باندۆری دەقیشە لە سەر خوێنەر. واتە لێرەدا ئەو " مەرگی نووسەر "ەی کە ڕۆلان پارت باسی دەکات، هاوکاتە دەگەڵ لەدایکبوونی خوێنەردا. جا لێرەدا دەق خۆبەخۆ ( بەدەر لە باندۆر و کاریگەری نووسەر ) دەبێت بە وار و زەمینەی نەشونمای مانایان، هەر خوێندنەوەیەک، نهێنیەکی تازەی دەق کەشف دەکات، بۆیە خوێندنەوەی دەق، هیچ کاتێک لە کۆتایی نایەت، بە تایبەتی خوێندنەوەی دەقی کراوە، کە خۆی لە خۆیدا، خەسڵەتی فرە دەنگی بەسەردا زاڵە.. و ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی وەکو ڕەگەزێکی کەلتوور و شارستانیەت و فەرهەنگی کۆمەڵگەێن بەشەری، دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتییە کە کەرەستە سەرەکییەکەی زمانە، لێرەدا زمان و وشە دەکاتە قاوغ و قاڵبی بیر وهزر وهەر وشەیەک هەڵگری چەمکێکە کە زەینیەتی هاوبەشی خەڵکی کۆمەڵگەیەک بە کۆمەکی ئەو چەمکانە پەیوەندی دەگەڵ یەکدا پەیدا دەکەن.. هەڵبەتە سەبارەت بە زمان، کە دەگوترێ هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، هیچ ناکاتە زێدەگۆیی و تەنانەت خەیالیش وەکو بەشێکی گرینگ لە بونیادی هزرەوانی و هزرینی ئینسان بە جۆرێ ئاوێتەی زمانە، مەگەر بەتەنیا لە دنیای ئەپستراکتدا جیا بکرێنەوە، دەنا جیاکردنەوەیان مەیلەو مەحاڵ و مەحاڵە.. دیارە زمان تەنیا کۆمەڵێک وشە و نیشانەی ڕووت نییە، چونکە وشە لە ڕووی ژمارەوە لە هەموو زمانێکا سنووردارە، ئەوەی دەوڵەمەندی و بەرینی و بێ سنووری بە زمان دەبەخشێت واتایە.

واتە زمان لە بەکارهێنانا و بەهۆی میتافۆر و کینایە و لە ناو هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا نەش ونما و گەشە ونەشە دەکات و تا ڕادەی بێ سنووری پەرە دەسەنێت... ئیدی خەیاڵ وەکو بەشێک لە هزر، بە کۆمەکی وێنا و ڕەمز ومیتافۆر وکینایە و درکە و، هونەرە ڕەوانبێژیەکان، بە تایبەتی کاریگەری و باندۆری خۆی لە هونەرا بە گشتی و لە ئەدەبیات بە تایبەتی دەنوێنێ و بەرجەستە دەکات.. بۆیە زمان تەنیا ئەوزارێکی پەیوەندی سادە نییە، بەڵکو هەڵگری خەون وخولیا ئەقڵی و عاتیفییە ئاڵۆزەکانی ئینسانە.. هەروەها زمان کۆمەڵێک وشەی سنووردار نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی لە جیابوونەوە نەهاتگی ئەوتۆی دەگەڵ هزر و هزرینی ئینساندا هەیە.. کە هەندێک لە زانایان لە واری شرۆڤەی پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ئەندێشەدا، گەیوونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئێمەی بەشەر هێندەی بە وێنەی زهنی بیر دەکەینەوە بە وشە بیر ناکەینەوە.. واتە بەم پێیە وشە دەکاتە جۆرە ڕەمزێک وئیدی بە کۆمەکی ڕەمزکاری و میتافۆر توانای گوزارشتەوانی زمان یەجگار دەوڵەمەند دەبێت و لە ڕێگەی میتافۆرەوە ڕێگەی گۆڕان و پەرەسەندن لە بەردەم زماندا دەکرێتەوە.

***

جا لێرەدا مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆک دێتە ئاراوە، هەڵبەتە جیاکردنەوە و هەوڵی جیاکردنەوەی ئەم دووانە لە دەقێکی ئەدەبی یان هونەریدا کارێکی بێهودە و نابەجێیە. چونکە زمان (قاڵبی گوتار) و هزر (ناوەڕۆکی گوتار ) بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی بوون و لە پەیوەندییەکی دیالیکتیکی وەهادان کە هیچ سنوورێکیان لە نێواندا نییە و جیاکردنەوەیان هیچ مانایەکی نییە. ئەمە جگە لەوەی کە هزر وخەیاڵ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شەقڵ و ئاراستە و بونیادێکی کۆمەڵایەتی هەیە وبۆ ئەوەی دەربکەوێ و بەرجەستە ببێت، دەبێت لە قاڵبێکا بێتە داڕشتن، واتە دەبێت بێتە زمان و، شێواز پەیوەندی بە چیەتی بابەتەوە، واتە چ بابەتێک دەخاتەڕوو، نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی وتنی بابەتەوە هەیە.. واتە لە شێوازدا گۆڕینی بابەت بۆ تیمە وناوەڕۆک مەبەستە.. واتە شێواز دەکاتە دەنگ ودەنگدانەوەی زەینی نووسەر. هەڵبەتە هەندێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی واری ئەدەبیات قەناعەتیان وایە کە پەیوەندییەکی دیالکتیکی ئەوتۆ لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هەیە، کە هیچیان بەبێ ئەوی دی نایەتە دی.. یانی دوو ڕووی یەک دراون، هەر ڕوویەکیان بسڕیتەوە، دراوەکە لە دراوی و لە ڕەواج دەکەوێت.. واتە لێرەدا فۆرم دالەو ناوەڕۆک مەدلوولە.. بەڵام هەندێکی دی پێیان وایە دەق زنجیرەیەک نیشانەیە کە مانا بەرهەم دێنێت . ئیدی خوێنەر خۆبەخۆ دەورو ورۆڵی ڕاڤەکار دەبینێ، ئیدی دەقی ئەدەبی چ ڕیالیستی، چ ناڕیالیستی، ئیمکانی بەرهەم هێنانی بەردەوامی مانا فەراهەم دەکات، ئەنجام خوێنەر ڕۆڵی ڕاڤەکار دەبینێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەخوازێ

که دەق و خوێنەر لە کارلێکی جدیدا بن.. هەڵبەتە هەرمان و زندوویەتی دەقی ڕەسەن و باڵا لەوەدایە کە لە هەرکات و شوێنێکا خوێندنەوەو ڕاڤەی تازەو جیاواز هەڵدەگرێت...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


*- زانستی ئاوەڵ واتا، دانانی د. کامل حەسەن عزیز البصیر، ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨١.

*- کندوکاوی در جامعەشناسی ادبیات، فرهنگ ارشاد، چاپ یکم، ١٣٩١ ، تهران، آگه.

*- محمد رضا شفیعی کدکنی، ادبیات فارسی از عصر جامی تا عصر ما، ترجمه حجت الله اصیل، نشر نی، چاپ هفتم، تهران ١٣٩٨.

*- زبان باز، پژوهشی دربارەی زبان و مدرنیت، داریوش آشوری، نشر مرکز، تهران، چاپ سوم ١٣٨٩.

*- ساخت زبان فارسی، احمد ابومحبوب، تهران، نشر میترا، چاپ دوم، ١٣٨١.

*- مارکسیسم غربی و مکتب فرانکفورت، ترجمه رضا نجف زاده، تهران، قصیده سرا، چاپ اول ١٣٨١.

*- علی الشوک، جولة فی اقالیم اللغة و الاسطوره، دار المدی، ط٢، ١٩٩٩.

*- جورج مولینیه، الاسلوبیه، ترجمه و تقدیم، د. بسام برکه، ط٢، ٢٠٠٦، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر و التوزیع.

ڕۆمان؛ یەزداندنی ژیان

ن: حەمە کەریم عارف

( ١ )

ڕۆمان، بە حوکمی هونەریەتی خۆی و بە شێوەیەکی قەناعەتبەخش، ( قەناعەتی هونەری ) حەقیقەتت لێدەکات بە خەیاڵ و خەیاڵت لە لا دەکات بە حەقیقەت، واتا حەقیقەت لە قالبی خەیالاو خەیاڵ لە قاڵبی حەقیقەتدا دەخاتەڕوو و ئەمەش نیشانەی دەوری هەستیار و گرینگی ڕۆمانە لە ژیانی خوێنەری خۆیدا… ڕۆماننووس، زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە میانی دەنگی کەسانی دیکەوە (کاراکتەر) دەئاخڤێ، کە دەشێت دەنگدانەوەی دەنگی خۆی بێ، لێ پێویستە نەگاتە ئاستی نێرگزیەت، بەڵکو دەبێ ئەو دەنگانە جیاواز، سەربەخۆبن و بەو ئاراستەیەدا بڕۆن وبگەنە ئەو ئامانجەی کە ڕۆمانەکە مەبەستیەتی.. بۆیە وەختایەک ڕۆماننووس کاراکتەرانی نائاسایی، غەریب یان شاز دەخوڵقێنێ، هەقی خۆیەتی وجێگەی گلەیی نییە، بەڵام مەرجە ئەو کاراکتەرە لە هەڵس وکەوت و هەڵوێستەکانیا، لە بوونیا، لە تواناکانیا و، لە نواندنی بارە دەروونییە بەشەریەکاندا وبە گوێرەی واقیعی هونەری دەقەکە قەناعەتبەخش بێت… هەڵبەتە کاراکتەر، وەختێک بەجوانی دەردەکەوێ و تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکات، کە جۆرە جیاوازییەکی لە خەڵکانی دی هەبێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا وادەخوازێ کە پێویستە ڕۆماننووس، کاراکتەرەکانی بە باشی بناسێت، لە دنیای ناوەوەیان قووڵ ببێتەوە، هزر وهەستەکانیان بخوێنێتەوە و لە دوا ئەنجاما کاراکتەرێکی زندووی،

نزیک لە خەمە بەشەرییەکان هونەرییانە بخولقێنێت، کە بتوانێ لە ڕێگەیەوە خوێنەر بدوێنێ و بەشداری لە پەرەسەندن وگەشە ونەشەی دەروونی بکات ولە دوا ئەنجاما لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕەنگبداتەوە.

ڕەنگە ئەگەر بگوترێ زمان قاڵبی هزر وبیرە نەبێ بەزێدەڕۆیی، بۆیە ئەگەر بویسترێ شتێکی گرینگ بگوترێ، پێویستە لە قاڵبێکی زمانەوانی زۆر جوان و باڵکێشدا فورمولە بکرێت... واتە هەرکەسێک بیەوێ سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو بیرو بابەتە ڕاکێشێت کە بووە بە خەم و خولیای، دەبێ لە فورمۆلەیەکی ڕوون و جوان وباڵکێشدا گوزارشتی لێبکات ودەری ببڕێت... بابەتی تازە، ئەزموونی تازەی ژیان، بە ئەوزاری تازە، واتە بە زمانی تازە دێتە دەربڕین و گوزارشتی لێدێتەکردن... زمانی تازەش بەو مانایە نییە کە ببێت بە مەتەڵ ولەگەز و گرێکورەیەکی ئەوتۆ کە بە ئامان وزامان هەڵنەیەت ونەکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەشداری لە گۆڕین و پەروەردەی زەوقی وەرگردا بکات، بێ توانایی و دەسکورتی و دەستەپاچەیی هونەری خۆی پێ بشارێتەوە. زمان، وشە و پەیڤ کە وزە هێماییەکەی لە دەست دا، ئیدی ئەفسوونە ئەدەبی وهونەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە..، لێرەدا مەسەلەی ئەدەب و نا ئەدەب دێتە ئاراوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەوانی و مێژوو و کۆمەڵناسی و... هەموویان کایەی نووسینن، ئەدیب دەتوانێت لە نووسینی خۆیدا سوود لە هەرهەموویان وەربگرێت، بەڵام بە زمانی ئەدەب، بارگاوی بە ڕەمز وڕازان، ڕەمز؛ بەتایبەتی ڕەمزی هونەری لەمیانی هێما و ئیحاکانیەوە، گوزارشت لە خەون و خەیاڵ و فیکرو وخولیاکانی ناخی ئینسان دەکات و ونگە دەروونییەکانی بەشەر فەتح دەکات و گوزارشتکردن لە دنیای مرۆڤانی دەکات بە ئەرکی خۆی و هەنگێ ڕووداو چێدەبێت و لە ڕووی چەمک وماناوە دەوڵەمەندتر و زندووتر دەبێت و کارێکی فیلیڤانی ڕەسەنی دوور لە هەر جەڵەبیەتێکی لێدەکەوێتەوە...

دیارە نابێ لە ڕۆمان و پرۆسەی ڕۆمانەوانیدا، دەوری دیالۆگ و گفتوگۆ فەرامۆش بکرێ، بەتایبەتی ئەو دیالۆگەی کە لە ڕێگەیەوە ڕووداو بەرجەستە دەبێت، دیالۆگ، دیالۆگی هونەری جووڵە، حەرەکە لە زەینی خوێنەردا بەرجەستە دەکات، بەڵام گێڕانەوە ئەوەی پێناکرێ... هەڵبەتە وەسف ودیالۆگ جیاوازن، وەسف زمانی نووسەرە، دیالۆگ ئەگەر زمانی نووسەریش بێ، یەک شێوازی نییە و بە گوێرەی هەر کاراکتەرێک دەگۆڕێت و کاراکتەر دەبێ بە شیوەیەکی قەناعەتبەخش بئاخفێ، وەکو چۆن لە ژیانا قسان دەکات دەبێ بەو ئاوایە قسان بکات، واتە دەبێ بە زمانی تایبەتی خۆی قسە بکات، بەزمان و شێواز وئاستێک قسەبکات کە دەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری وجڤاکی خۆیدا تێکبکاتەوە و لەمەوە تایبەتمەندیەتی کاراکتەرەکە بە دیاردەکەوێ. هونەرمەندی

فیلیڤان دەبێ خۆی لە عومومیاتگۆیی، ئافەتە کوشندەکەی هونەر، دووربگرێ. دەقێکی ناوازە، جیاواز، ڕەسەن، بەزمانێکی تایبەتی بەرهەم بێنێت، نەک دەنگدانەوەی، قسەی خەڵکانی دی بێ، خۆی لە دەستەواژە ودەربڕینی سواو وپواو، تەقلیدی دووربگرێ، بە دیدێکی نوێ بڕوانێتە ژیان، لە گەڵ نوێبوونەوەی ژیاندا، دەبێ زمانیش نوێ ببێتەوە، هەرکاتێ ئەدیب توانی لە تازەکردنەوەی زماندا بەشداری بکات، مانای وایە لە تازەکردنەوەی جیهانبینی و ژیاندا بەشداری کردووە... بە کورتی و کرمانجی دەق بەگشتی و ڕۆمان بە تایبەتی پرۆسەیەکی فیلیڤانی کەشفکارییە، خۆی بە قەیرانە تاریکەکاندا دەکات، دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە، بینایی تیژدەکات، هەستی بیستن سووک دەکات، جا ئەم پرۆسە کەشفکاریە تەنیا لە دیوی دەرێ ڕا چێنابێت، بەڵکو ناوەوەش دەگرێتەوە. هەزار توییەکانی دەروون و مێشکیش دەگرێتەوە، ئەو ونگە وەهمیانەش دەگرێتەوە کە هاوزادی ئینسانە...هەڵبەتە پرۆسەی کەشفکاری بەدەرەجەی یەکەم وەستاوەتە سەر وردی و تیژی سەرنج، قووڵی بینین، لە هەردوو ئاستی دەرەوە و ناوەوە... بە مەش کارلێکی هونەری لە نێوان خوێنەر ودەقدا پەیدا دەبێت وخوێنەر مومارەسەی دەوری خۆی لە هاوکێشە نووسینەوانیەکەدا دەکات.

هەڵبەتە زۆرجار شێواز وستایل بە ناسنامەی ئەدیب دادەنرێ یان بە گوتەیەکی دی بەشێوازو ستایل دەناسرێتەوە، کە ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی گرینگی شێوازە لە کاری فیلیڤانیدا، بۆیە ڕۆماننووس لە سەرێتی هیچ شێوازێک دەقاودەق وەکو خۆی وەرنەگرێت وکاوێژی نەکاتەوە. هونەری ڕۆمان بمانەوێ ونەمانەوێ، هونەرێکی ڕۆژئاواییە و ڕۆماننووسانی ڕۆژهەڵاتی لە باندۆر وکاریگەریی بە دەرنابن، بۆیە هیچ ڕۆماننووسێکی ڕۆژهەڵاتی چەندیش ڕەسەن بێ، ناتوانێ لافی ئەوە لێبدات، کە لە باندۆران بە دوورەو لە سفرەوەدەستی پێکردووە، کاریگەریی وباندۆران خەوش نییە، گرینگ ئەوەیە ڕۆماننووس نەفەسی خۆی پێببەخشێت و لە خەڵکی دیکەی جیابکاتەوە... ئەمەش وەستاوەتە سەر توانای هونەری و ئەفراندنەوانی ئەو ڕۆماننووسە..

بێگومان ڕۆماننووس خەڵکی سەردەمێکی تایبەتیە چ وەکو کات و چ وەکو شوێن، واتە دەنگ ورەنگی سەردەمی خۆیەتی و بمانەوێ و نەمانەوێ لە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی واقیعی ئەو سەردەمە بەدەر نابێت. لێرەدا، بابەتی واقیعیەت دێتە ئاراوە بەڵام ڕۆماننووس واقیع وەکو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو واقیع لە چوارچێوەیەکی ڕەمزی مانا ڕوون و چڕە شرۆڤەدا، پوخت دەکاتەوە، واتا واقیع بە پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی پاڵافتەکاری و گێژەوبێژەدا تێدەپەڕێت و هەنگێ دەق دەبێت بە نموونەیەکی بچووک کراوەی ڕەمزی ئەو بابەتەی کە نووسەر لە خەمی هونەراندنیەتی ودەیەوێ خوێنەر بکات بە شەریکی جدی هاوکێشە ئەفراندنەوانیەکە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تەکەز کردنە لە سەر تەرکیزی هونەری؛ چونکە لە کاری هونەریدا، ناکرێ هەرچیەکت

هاته بەرچاو، بیخەیتە دەقەکەوەو دەقەکە بکەیت بە قوتووی عەتار، چونکە ئەمە هەم خوێنەر وەڕەز وبێزار دەکات و هەم ڕۆمانەکە لە هونەرییەت دەخات و دووری دەخاتەوە..

دیارە ڕۆمان و ئەزموونی ڕۆماننووسی، وەکو هەر دیاردەیەکی دی، بە گوێرەی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زەرورەتە هونەرییەکان، گۆڕاوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە… بۆ نموونە ڕۆمانی تازە، نە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و نە لە ڕووی فۆرمەوە، کۆپی و دووبارەکردەوەی ڕۆمانێن سەدەی هەژدە ونۆزدە نییە، بەڵکو درێژەی ئەوانە و لە هەمان کاتدا دەرهاوێشتە ودەنگدانەوەی ڕۆژگار وسەردەمی خۆیەتی..

پرسیار ئەوەیە ئێمەی کورد لە چ قۆناغێکی مێژوویی داین، ئایا ئەو هەوڵە ڕۆمانەوانیانەی هەمانە، تا چەند ڕەنگدانەوەی کوردەواری وکێشماکێش وگۆڕانکاریەکانیەتی، ئایا هەوڵە ڕۆمانەوانیەکانمان لەم ڕووەوە کەمتەرخەم نییە، ئایا ڕۆمانی تازە، دەگەڵ کوردەواریدا، کە بە دەیان دۆز وکێشە و ململانێی چارەنووسساز بارگاوییە، تێک دەکاتەوە؟… ئایا هەرهەموو ئەو پرسیارانە، ئەوە لە ڕۆماننووسی کورد ناخوازێ، کە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە و ئیزافە بێت بۆ ئەزموونی ڕومانەوانی؟! هونەرێک بەرهەم بێنێت کە خوێنەر بکات بە شەریکی پرۆسە ئەفراندنەوانیەکە و بە تایبەتمەندی لۆکاڵییەوە لە دەرگای جیهانیەت بدات وسێکوچکەی نووسەر و پەیڤ وخوێنەر، خۆ بە خۆ لە دەقە ڕۆمانەوانیەکەدا بەرجەستە ببێت. جا بۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ بەشداری لە پرۆسە ئەفراندنەوانیەکەدا بکات، ڕۆماننووس، بە تایبەتی لە ڕۆمانی تازەدا، هەموو دەرگا هونەرییەکان بخاتە سەر گازی پشت وخوێنەر، بە ئاسانی و بێهیچ خۆ ماندووکردن و ڕامانێک بە ناو بکەوێت، بەڵکو تەنیا کۆدو کلیلەکانی کارە فیلیڤانیەکانی ڕادەست دەکات ئەمەش لە ڕێگەی زمانێکی ڕۆمانەوانی بارگاوی بە وزەیەکی دەوڵەمەندی ئیحایی هێمائامیزی ئەوتۆوە دەکات کە خوێنەر هانبدات بە جۆش وخرۆشێکی زیاترەوە پەیگیری کارە هونەرییەکە بکات ولە میانەی تەکنیک وزمانە هێماییەکەوە ژیانێکی تازەی ئاواو ئاوەدان بە مەعریفە وجوانی ولەزەت بجەڕبێنێ..

هەڵبەتە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەڵکانی دی، بەو مانایە نییە، کە بێین شێواز و بابەتی ئەوان کۆپی بکەینەوەو لە بازنەی لاسایی کردنەوەیەکی بێهودەدا بخولێینەوە، لاسایی کردنەوە داهێنان نییە، بەڵکو پێویستە سنووری لاسایی کردنەوە ببەزێنین و شێوازی تایبەتی خۆمان بەرهەم بهێنین و ناسنامەی خۆمان بدۆزینەوە. سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەڵکی، بە مانای هەوڵدانە بۆ بەدیهێنان وبەرهەمهێنانی ئەفراندنێکی تایبەت بە خۆمان، هەڵگری ناسنامەی ئێمە بێ، کۆڤان و دەرد و ئازارەکانمان بنوێنێ، گوزارشت لەو کەڵکەڵانە بکات کە خەونیان پێوە دەبینین.

هەنگێ هەم لەلایەن خوێنەری خۆماڵییەوە، پێشوازی دەکرێ چونکە گوزارشت لە خەم وخەونەکانی ئەو دەکات و هەم لەلایەن خوێنەرانی جیهانییەوە پێشوازی دەکرێت چونکە بە شێوازێکی تایبەتی و نەفەسێکی تایبەتیەوە مامەڵەی دەگەڵ خەمە بەشەرییەکاندا کردووە وبەزمانی هونەر، دوور لە لاسایی کردنەوەی خەڵکی، گوزارشت لە ژینگە تایبەتیەکەی خۆی دەکات وبە زمانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ. بەمەش، سنووری زەمان دەبەزێنێ و لە ویژدانی خەڵکی هەموو شوێنێکدا دەژی. ڕێگای عالەمییەت لە محەلییەتەوە دەست پێدەکات، وەختێ ئەدیب ڕاستگۆیانە، کول و کۆڤان و خەونە تایبەتیەکانی خۆی دەهونەرێنێ و بەسەر خەمە هاوچەرخەکان و دۆزە مرۆڤانیەکاندا دەکرێتەوە، ئەزموونێکی دەگمەن لە دەقێکی هونەری بەرزا پێشکەش دەکات، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت وپەیگیری دەکرێت وتەفاعولی لە گەڵدا دەکرێت..

( ٢ )

ڕۆمان یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییە زۆر هەستیار وکاریگەرەکان و بەدەم نەش ونماو گەشەکردن و پەرەسەندنەوە، پانتاییەکی زۆر گەورە وبەرینی دنیای داهێنانی گرتووەتەوە... بووە بە مەیدانێکی هەرەجوانی زانیاری و لەزەت. ڕۆمان لە ڕەوتە هونەریەکەی خۆیا هەندێ شت دەڵێت و نیشاندەدات، کە پێویستە درک بکرێن وبزانرێن... یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ئەوەیە کە بەحوکمی بەرینی بوارەکەی دەتوانێ سوود لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دی وەربگرێت و تەفاعولیان دەگەڵدا بکات و لەڕێگەی زمانێکی هێمایی هونەرییەوە، هەم زۆرشتمان بۆ کەشفبکات و هەم لەزەتی ئیستاتیکی بەڕوحمان ببەخشێت... ڕۆمان بەحوکمی ئەوەی پرۆسەیەکی هونەریی کەشفکاریە دەتوانێ واقیعمان بەهەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە بۆ کەشفبکات و گوزارشت، لەخەون وخولیاکانمان بکات وپرسیارمان، کە هەوێنی گۆڕانە لەلا دروست بکات. هەڵبەتە ڕۆمان بەتەنیا واقیعی پێ ناگۆڕدرێ، بەڵام دەتوانێ بەشداری لە پرۆسەی گۆڕاندا بکات، بەوەی پرسیاران بهاڕۆژێنێت و نیگەرانی دروستبکات... هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەرکی ڕۆمان و هەر ژانرێکی ئەدەبی، خوێندنەوەی هونەریانەی واقیعە، واتاهونەراندنی واقیعە نەک بانگەوازی سیاسی و وتنەوەی دروشمانی پرشنگدارو کاوێژکردنەوەی وتارێن بریقەداری عەوام خەڵەتێن و دیماگۆگی... ڕۆمان، حەقیقەت وەکو خۆی، دوور لە هەر ڕیاییەکی فەرمی دەهونەرێنێ و دەشێت بگوترێ دەکاتە مێژووی هونەریی ڕوحی بەشەران، ڕۆمان، یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییە هەرە ئاوا و ئاوەدانەکان، پڕە لە کاراکتەرێن زندوو و واقیعی، هەڵبەتە واقیعیەت بەو مانایە نا کە کاراکتەرانی ڕۆمانەوانی، کۆپی کاراکتەرانی واقیعی دەرێی دنیای ڕۆمانەکە بن، ڕەنگە هەر

کاراکتەرێکی ڕۆمانەوانی، بەرەنجامی چەندین کاراکتەری واقیعی بێ و کە هاتووەتە دنیای ڕۆمانەکەوە، گۆڕانی بە سەر هاتووەو خەسڵەتی ژینگە تازە وهونەرییەکەی وەرگرتووەو بووە بە خەڵکی ئەوێندەرو لە دەرێی کارە هونەریەکەدا هیچ بوونێکی نابێ، چونکە ڕۆماننووس وەختایەک مامەڵە دەگەڵ کاراکتەردا دەکات ناچارە، واقیع و خەیاڵ بەرێژەیەکی دیارکراوی ئەوتۆ ئاوێتەبکات، تا کاراکتەرەکەی لەڕووی هونەرییەوە قەناعەتبەخش بێ. یانی پێویستە مەسافەیەک لە نێوان نووسەرو کاراکتەرەکانیدا هەبێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی هونەرییەوە قەناعەتبەخش بێت.. بەگوێرەی واقیعی دەقە هونەرییەکە قەناعەتبەخش بێت... ڕۆماننووس وەکو دەڵێن، بەشێک لە خودی خۆی لە بن دێڕی کارە ئەدەبییەکەی دا تۆو دەدات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە شوولی لێ هەڵکێشێت و ڕۆمانەکە بکات بە ئۆتۆبیۆگرافیاو ژینامەی خۆی... یان ژینامەی خۆی ڕاستەو ڕاست و زەقاوزەق و بە تۆبزی لە ڕۆمانەکە باربکات. بەڵکو ناڕاستەوخۆ لە میانی ڕستەیەکەوە، بیرۆکەیەکەوە، مەبەستێکی هونەرییەوە، خۆی بە سەر کاراکتەرەکاندا دابەشدەکات ولێرە ولەوێی ڕۆمانەکەدا سەرەتاتکێیەکی هونەری دەکات. لە ڕۆماندا بەهۆی زۆری ژمارەی کاراکتەرانەوە، بەهۆی سەربەخۆیی کاراکتەرەکانەوە فرەدەنگی هەیە، کە لەوەیە هەندێجار دەنگی نووسەری تیا بەدی بکرێ، یان دەگەڵ دەنگی نووسەرا تێک بکاتەوە، بەڵام لە ژینامەدا تەنیا یەک دەنگ هەیە و ئەویش دەنگی نووسەرە..

ڕۆمان، وەکو هونەرێکی ڕۆژئاوایی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پەیدابوون وسەرهەڵدانی بورژوازیەتەوە هەیە و بورژوازیەتیش وەکو چین و کۆمەڵگەیەکی تازە و شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی، تا بڵێی فرەدەنگ، فرە ئاراستە، فرە مینبەر وفرە خەون وخولیایە و... ئەم فرەییە، لە ڕۆمانیشا، کە بەداستان وڕەنگدانەوە ودەنگدانەوەی بورژوازیەت لە قەڵەم دەدرێ، ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە قارەمانی هەرقلی بەهێز، نەبەز، ڕیسکباز، سەرکەوتوو، تاقە سوارەی بێ هەڤڕکی مەیدان و توانا بە هەموو شتێک، لە ڕۆماندا ئاوا دەبێ و ئەو پایە وپێگەیەی لە داستاندا هەیبوو لە دەست دەدات و ناپەسند و ناواقیعی دێتە بەرچاو.

بۆیە هیچ مەرج نییە یەک کاراکتەر، هەڵگری بیر ودید وبۆچوونی نووسەربێ، بەڵکو دابەش دەبێت بە سەر کۆمەڵێک کاراکتەردا، جا ئەو کاراکتەرانە چ کاراکتەری سەرەکی و بەردەبار و سەنگین بن چ کاراکتەرێن، لاوەکی و بێ سەروبەر و شڕشێت و هەڵەشە بن... بەڵام کاراکتەر، هەرگیز بوکەڵەی دەستی نووسەر نین کە بە ئارەزووی خۆی، کەی وچۆنی بوێ هەڵیانسوڕێنێ، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ، کاراکتەر، لە ناو ڕۆماندا ولە ژینگەی ڕۆماندا، شەخسیەتی خۆی پەیدا دەکات، سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ، هەندێجار لە نووسەر یاخی دەبێ

و بە گوێرەی ڕەوتی ڕووداوەکان هەڵوێست وەردەگرێت… ئیدی ئەرکی نووسەر ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ڕەوتی گشتی کارە هونەرییەکەدا، هونەرمەندانە و بە شێوەیەکی قەناعتبەخش سەرپەرشتی ڕووداوەکان بکات و بەڕێوەیان بەرێ.

هەڵبەتە ڕەگەزی گێڕانەوەش، دەورێکی گرینگی لە بونیادی ڕۆماندا هەیە، چونکە بەش و پاژە پەراگەندەکان پێکەوە گرێ دەدات و یەکێتییەکیان لە نێواندا دروست دەکات.

تیمە وبابەت، لە ڕەگەزە جەوهەری و هەرە گرینگەکانی ڕۆمانە، بەڵام خۆ ئەم جەوهەر و کرۆکە، پێویستی بە دارشتنێکی قەناعەتبەخشە، تا بگەیەنرێتە وەرگر، خوێنەر. ئەوزاری گەیاندنی ڕۆمان، وشەیە، زمانە، زمانی ڕۆمانەوانی، بۆیە ڕۆماننووس لە سەریەتی پەنا بۆ زمانێک بەرێ هەم جوان بێ و هەم گەیەنەر بێ. واتا دەبێ بەو نەفەسەوە مامەڵە لە گەڵ زماندا بکات، کە پێداویستییەکی گوزارشتەوانیە بۆ بەرجەستەکردن و نواندنی حاڵەتێکی تایبەتی. چونکە زمانی هونەریی، ئەو ئینشابازی و وشە ڕیزکردنە بێهودەیە نییە کە گەلێک لە نووسەرانی کورد بە ناهەق پەنای بۆ دەبەن، و لە جیاتی ئەوەی ببێت بە ڕاستەڕێیەک لە نیوان دەق و وەرگردا، دەبێت بەبار بەسەر دەقەکەوە و پڕ بە بەری دەقەکە دەرناچێت بەڵکو دەڵب دەردەچێت… ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وەکو زەرورەتێکی گوزارشتەوانی مامەڵە دەگەڵ زماندا نەکراوە… هێندەی نووسەرو ئەدیبێن گەورە سەروکاریان دەگەڵ زماندا هەیە و خزمەتی زمان دەکەن، ئەکادیمیانی زمان نایکەن، چونکە ئەدیب پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە زمانەوە هەیە، زمان دەکاتە کەرەستەی سەرەکی دەقەکانیان و ئەگەر بگوترێ دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەری زمان، ڕەنگە نەکاتە زێدەڕۆیی، ئەدیب زمان بە زمانی خەڵکانی جیاوازەوە بەکار دەبەن و بە ناچاری مامەڵە دەگەڵ ئاستێن زمانەوانی جیاوازدا دەکەن، و ڕوو بە ڕووی ئاریشە و ئالنگاریانی زمانەوانی دەبنەوە وبەرە بەرە تیایدا قاڵ دەبنەوەو حەزیان دەچێتێ و، وەکو بوونەوەرێکی زندوو و هەستیار مامەڵەی دەگەڵ دەکەن و زمان دەبێ زادەی پێداویستیە بونیادیەکانی دەقەکە بێت و لە ناوەوەی دەقەکە و بەگوێرەی گەشە ونەشەی دەقەکە بڕسکێ، نەک لە دەرێ ڕا بهێنرێ و بە سەریا بسەپێنرێ… بە هەرحاڵ زمان توورەکەیەکی پڕ لە وشە نییە، بە ئارەزووی خۆت دەستی پێدا بکەیت و وشە دەربێنێ و دای بنەیت، زمان بەگوێرەی بابەت دەگۆڕێ و هەربابەتە بە شێوازێکی جیاواز دێتە دەربڕین و زمانی خۆی بەرهەم دێنێ. جا ڕۆماننووس بۆ ئەوەی پەیامەکەی و دەقەکەی بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی وەرگر، دەبێ لەخەمی دۆزینەوەی زمانێکا بێ کە پڕ بەپێستی بابەتەکە و کاراکتەرەکانی بێ و لە ڕووی هونەرییەوە واقیعی و قەناعەتبەخش بێ، قەناعەتبەخش بەگوێرەی واقیعی دەقەکە..

ڕۆماننووس ئەگەر بیەوێ ببێ بە نوێنەر و شایەدی سەردەم و ڕۆژگاری خۆی، دەبێ لە خەمی ڕۆمانێکا بێ، شێوازی تایبەتی خۆی هەبێ، شێوازێ کە پێی بناسرێتەوە، ڕۆمانێک کە گوزارشت لە واقیعی سەردەمی خۆی، بە ئاراستەی ئایندەدا بکات و بتوانێ بگاتە خوێنەر ولە باری هونەرییەوە ئەوەی پێ نیشانبدات کە لە چ زەڵکاوێکی نامرۆڤانیدا دەژی و توانای یاخیبوونێکی هۆشیارانەی پێ ببەخشێت... هەنگێ ڕۆماننووس دەبێ بە دەنگێکی کارا لە ناو تەڤگەری مێژووودا... بە ئاراستەی بونیادنانی ئایندەیەکی مرۆڤانی تر..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – حنا مینه/ هواجس فی التجربة الروائیة/ منشورات دارالاداب/ ط/ بیروت/ ١٩٨٢.

٢ - ألفن و الحلم و الفعل/ جبرا ابراهیم جبرا/ دارالحریة للطباعة/ بغداد/ ١٩٨٦.

٣ – لویس هیلمسیلف/ مداخل لنظریة اللغة/ ترجمه: یوسف اسکندر/ مراجعة حسن ناظم/ دارالرافدین/ ط ١، بیروت – لبنان ٢٠١٨.

٤ – جورج مولیفیه / الاسلوبیه/ ترجمه وقدم له د. بسام برکه، ط ٢، ٢٠٠٦/ المؤسسة الجامعیه للدراسات والنشر و التوزیع.

5 – علاقة النقد بالابداع الادبی/ بقلم د. ماجده حمود/ وزارة الثقافة/ دمشق/ ١٩٩٧.

## نۆ چیرۆکی زۆر کوت

**ن: حەمە کەریم عارف**

### ١ – نووسەر

" ن . ک " نووسەرێکی گەورە، بە نێوبانگ، خاوەن پێگەیەکی ئەدەبی هێندە گەورەبوو کە خۆزیای پێ دەخوازرا، بەڵام بەخۆی، خۆی بەو ئاوایە نەدەبینی. بەخۆی دەگوت: نووسین، مومارەسەی خودە، لە نووسینا مومارەسەی ئازادی خۆی دەکات، خودی خۆی بەدی دێنێت... عەشقە عەشق، هەرکەسێ گیرۆدەی بوو بوو ئیدی بۆی تەرک ناکرێت.. عەشق هەوڵە بۆ گەیشتن بە حەق..

" ن . ک "، زۆر بەگلەیی بوو لە خۆی... کە لێیان دەپرسی: باشە بەو هەموو بەرهەمەوە گلەیی چی لە خۆت دەکەی؟ بەوپەڕی سادەیی وەڵامی دەدایەوە: ڕێگەی حەق یەک ڕێگە نییە. ئەگەر یەک ڕێگە بوایە، نووسەر بە یەک کتێب سوکنایی ڕوحی دەهات و بێخەم وخەیاڵ ملی بە ژیانەوە دەنا، تینوویەتی دەشکا و دەبڕایەوە، حەق لە فرە ماناییدا، لە فرە دەلالەتا بەرجەستە دەبێ..

هەمیشە گلەیی ئەوەی دەکرد، کات کەمە، تەمەن کورتە بەشی هیچ ناکات، من لەوێ نەبووم، دەگێڕنەوە دەڵێن وەختایەک گەییە حاڵی مردنێ چاوی بڕییە بنمیچی ژوورەکە، وەکو ئەوەی قسە بۆخۆی بکات کەوتە قسان، حەیفێ بەشەر شیری خاوی خواردووە... کە دێتە دنیاوە، هیچ وێنایەکی لە مەڕ مەرگ نییە! کە فام دەکاتەوە بەرە بەرە بە چیای ژیاندا سەردەکەوێ، وا وێنادەکات زەمەن بەخاوی دەڕوات، بەشی گێڕانەوەی ژیان دەکات، بەڵام کە دەگاتە لوتکە وئیدی دەبێ نشێو ببێتەوە، بەجارێ زیرە دەکات، هەست دەکات زەمەن زۆر خێرا دەڕوات، تەمەن بەشی هیچ ناکات..

دەڵێن لە ناکاوا چاوانی ئەبڵەق بوون، وەکو ئەوەی خەڵکانێک بەدیاریەوە وەستابن، لە دووی هاتبن، دەنگی هەڵبڕی، " ئەی هاوار، خەڵک وخوا، ویژدانتان بێ، تەنیا یەک چارەکە سەعاتم سەبر لێبگرن، ئێ ئەمە خوایە بەڵکو بتوانم لەو چارەکەدا، ئەوە بڵێم کە دەمەوێ بیڵێم! "

## ٢ – سەهۆڵبەندان

خەڵکی گوند، بەیانی لە خەو ڕابوون، زۆریان سەیر پێهات! لە سووچێکی خوار ئاواییەوە زوقم وخوسارێکی زۆر کەوتبوو... ئەگەر بڵێی وەرزی زوقم نەبوو! هێشتا زوو بوو بۆ زوقم کەوتن... ئەدی ئەمە دەبێ بەرایی چ بەڵایەک بێ، وا بەو لاساری و چاو قایمییە، تەنگ بە گوند هەڵدەچنێ! ئیدی تەبیعەتی بەشەر وایە، هەر یەکەمجار شتیان پێ سەیرە و سەرنجیان دەهاڕوژێ، بەرە بەرە لە گەڵی ڕادێن، بیری لێناکەنەوە، ڕاهاتن زۆر خراپە، ئافەتی گەورەی ئەقڵە.. سەرەتایە بۆ قەبووڵ کردنی هەموو جۆرە کۆیلایەتییەک.. بەڵام ئەم زوقمە لەو دیاردانە نەبوو، وا بە ئاسانی ببێت بە

شتێکی ڕۆتینی و سەرنج سڕ بکات... ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، دەبوو بە سەهۆڵێکی ڕەق، وەکو لافاوێکی بەسام، بەڵام زۆر هێواش دەهات و پانتایی زیاتری دەگرتەوە...

خەڵکەکە ترسیان لێنیشت، خەم دایگرتن، کار وابڕوات لە قەلان و لە کۆتران دەبن... خاک و ژیان دەدۆڕێن! ئیدی بڕ بڕ وەخۆ کەوتن کە تەگبیرێکی حاڵی خۆ بکەن و لەوە پتر نەبن بە عاجباتی وگەپجاڕی دنیایێ! بێفایدە بوو، کەس ئەقڵی بەهیچ کوێ ڕانەدەگەیی... هەمووش لە دڵی خۆدا، گلەیی و گازندەیان لە دەمڕاستی گوندەکە دەکرد:- لە گوێی گادا نووستووە.

- چی لەوە! خۆ سەهۆڵبەندان ناگاتە ئەو!..
- ئەم بایە لەم کونەوە بێ دەیگاتێ و ئەولاتریش..
- دەزانی ئەم سەهۆڵبەندانە بەردەوام بێ ئیدی ژیانمان نامێنێت!...
- لەوەتای دنیا دنیایە سەهۆڵبەندانی وا ڕووی نەداوە..
- تۆ وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئەم سەهۆڵبەندانە هەموومان ببەستێ!

یەکێک لە ئامادەبووان بە قامکان ئاماژەی بۆ سەری خۆی کرد و گوتی:

- ئەم سەهۆڵبەندانە، دەرهاوێشتەی سەهۆڵبەندانەکەی ئێرەیە، ئێرە..

یەکێکی دی هەڵیدایە: کوڕینە، هەمووتان لە من باشتر دەزانن کە پێشینیانی مە گەر گیرۆدەی بەفر و بەستەڵەک بوایەن، پشتیان دەدا بەپشتی یەکەوە، تەنانەت گەر خەڵکیانش لێ ڕەق بوایەتەوە، هەر پشتیان بەپشتیەوە دەدا و، پشتیان گەرم ڕادەهات ولە مردن دەخەلەسین... مامۆستا ڕاستی گوتووە: ئەوەی پەند لە مێژوو وەرنەگرێ جوگرافیا دەدۆڕێنێ..

## ٣ – تەمەن

مامۆستا :- تێکڕای تەمەن لە وڵاتی مەدا چەندە؟

قوتابی:- سەدان ساڵە، ڕەنگە زیاتریش بێ..

مامۆستا:- بە پێی چ سەرچاوەیەک؟

قوتابی:- سەرچاوەی ناوێ مامۆستا، بە بۆچوونی خۆم، ئەوەی لە ترس ونیگەرانی و دڵەڕاوکەدا بژی تەمەنی دەگاتە هەزاران ساڵ، ساتی بە سەعات، ، سەعاتی بە ڕۆژ، ڕۆژی بە هەفتە، هەفتەی بە مانگ، مانگی بە ساڵ، ساڵی بە سەدە لێدەڕوات..

## ٤ – بت سازان

له خەوما، له شارێكدا بووم، بێگانه، سەرگەردان، به بێتاقەتی كەوتمە پیادەڕۆیی. گەییمە مەیدانێكی ناوەندی شار، پەیكەرێک ڕەق ڕاوەستابوو، كە دیقەتم دا هەر لە مرۆڤی زندوو دەچوو، ئاوڕێكی گومانامێزی هەر چوار نكاڵی خۆم دایەوە، كەس دیار نەبوو. له دڵی خۆدا گوتم: ئەرێ با قسەیەكی لە گەڵدا بكەم، سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی!.. بەدوو دڵییەوە لێم پرسی:

- ئەرێ تۆ كێی، بۆ لێرە وەستاوی؟ به ڕاوێژێكی ڕەوان وەڵامی دایەوە:
- من سەرۆكی ئەم وڵاتەم. بە ناخێرم سەردانێكی ئەم شارەم كرد، ویستم ئەحواڵی ڕەعیەت بپرسم... فەرمانداری شار بەزمانی لووس كەوتە ڕیابازی:
- قوربان، بە تەمام پەیكەرێک بۆ جەنابتان لە ناوەندی شارا دروستبكەم..
- ئەدی چاوەڕوانی چیت؟ ئەو پەیكەرە چەندی تێدەچێت؟
- قوربان سەد هەزار..
- ئەگەر ئەو پارەیە بدەیە خۆم، تا ماوم لە ناوەڕاستی شارا بۆت ڕادەوەستم...

لە ناكاوا خەبەرم بووەوە، لە دڵی خۆدا گوتم: وەی قوڕێ... وای بەحاڵی میللەتێک بتسازی لە بتشكێنی باڵادەست تر بێ.

## ٥ – وێنە

كە خۆت بەشارا دەكەی، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر سەرنجت ڕادەكێشێت وێنەیە! بە دار ودیوارا هەڵواسراوە، چ دیمەنێكی دزێوە! لە دڵی خۆتا دەڵێیت، چ بتخانەیەكە ئەم شارە، چ بت پەرستێكن خەڵكی ئەم شارە!! باشە ئەمانە نازانن ئازادی هاوتای ژیانە، مرۆڤ كە ئازاد نەبوو لە ڕووی یاساییەوە بە مرۆڤ نایەتە ژماردن، بۆیە هیچ سەیر نییە خەڵكانێک لە پێناوی ئازادیدا خۆ فیدابكەن... هیچ ئەمانێک لەم شارەدا نییە، شەڕێكی زۆر تووش وپەنهانی بەرپایە لەم شارە... لە غیابی ئەمانا، ئازادی لە حەوت كێوان ئاوا دەبێت!...

## ٦ – ڕاپۆرت

( ن.ک )ی گەورە نووسەر بۆی گێڕامەوە، پیاوی درۆ نەبوو، لە ملت دابا، درۆی نەدەكرد، ڕاستگۆیی بە شیرەوە مژتبوو. گوتی: ڕۆژێک بەرێكەوت تووشی بەرپرسێكی سیاسی بووم، لێم

پرسی:- ئەرێ ئێوە بۆ سزای ئەو ڕاپۆرت نووسانە نادەن، کە زانیاری درۆ و نادروستتان بۆ دێنن؟! نازانن ئەوانە کۆمەڵێک بوختانچین!!

گوتی:- با دەزانین، ئەگەر سزایان بدەین، ئیدی کەس ڕاپۆرتمان بۆ نانووسێت..

ئیدی لەو ڕۆژەوە کە سەیری دەم وکاوێژی هەر سیاسییەک دەکەم، و گوێم لێدەبێت باسی نیشتمان ونیشتمانپەروەری وعەدالەت دەکەن، دڵم تێک هەڵدێت..

## ٧ – شێت

ڕەسوو، بەتاقە جادەکەی ناو گوندا، سەروخوار دەهات و دەچوو، جارێ خێرا، جارێ خاو، دەهات، دەچوو، هەندێجار لەبەر خۆوە ورتەورتێکی نامەفهوومی دەکرد... ناو بە ناو دەستی بەتووندی بەبەر ڕوخساری خۆیا، وەکو ئەوەی مێش ومەگەزێ لەخۆی پاس بکات، تەکان دەدا... لە پڕێکا دەوەستا. وەکو ئەوەی شتێکی بیربکەوێتەوە، دەی پرسی: بۆکوێ بڕۆم؟ چییی بکەم باشە..

لە دڵی خۆتا گوتت: " پرسیارێکی سەیرە! وەڵامەکەی ئاسان نییە!... پرسیار ولەم وڵاتە بێ پرسیارەدا!! ڕەسوو ئەوەی نەزانێ لە کوێوە هاتووە، نازانێ بۆکوێ بڕوات..

ئەوسا تۆ پرسیت:- ڕەسوو بۆ کوێ بڕۆم باشە، چیبکەم؟

بزەیەک ڕووی گەشانەوە، یەکسەر گوتی:- مامۆستا لەوەتای ئەقڵەکەم لەدەست داوە تەڕم ئیسراحەت کردووە.

## ٨ – هەق

شەوێک خەوم بینی، لەو خەوەمدا حەلاجم بینی، لەدڵی خۆدا گوتم: فرسەتە، لێی بپرسە، هەق چییە؟! چوومە پێشەوە: قوربان هەق چییە؟...

- زاراوەیەکە، جێگای هەموو مانایەکی تیا دەبێتەوە، بە قەد ژمارەی بەشەران مانای هەیە...

## ٩ – خودا

دەقێکی هەزار توێ، گۆنگ، نادیار، تا هەتەری خەیاڵ، هەزار توێیە، هەرکەسە و هەر تەمەنێک بەجۆرێکی دەخوێنێتەوەو وێنای دەکات، هەمیشە خوێندنەوەیە..

" لە دەفتەری بیرەوەری عارفێکی گومناوەوە.. "